# لێبووردەیی و فەلسەفە

# لێبووردەیی و فەلسەفە


**نووسینی**

**ڕێبوار سیوەیلی**    **هیوا حاجی دێلۆیی**

**نەوزاد جەمال**





**پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی**
**سەلاحەددین و دەزگای موکریانی**    **٢**

ناوی کتێب: **لێبووردەیی و فەلسەفە**

نووسینی: **ڕێبوار سیوەیلی – هیوا حاجی دێلۆیی – نەوزاد جەمال**

سەرپەرشتیی پرۆژە: **ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: **دلێر سادق (دەزگای موکریانی)**

نەخشەسازی ناوەوە: **گۆران جەمال ڕواندزی**

بەرگ: **ئاسۆ مامزادە**

ژمارەی سپاردن: **(٩٢٩)**

تیراژ: **(١٠٠٠) دانە**

چاپی یەکەم: **(٢٠٠٩)**

نرخ: **(١٥٠٠) دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)**

# ناوەرۆك


گرنگیی لێبووردەیی .................................. ڕێبوار سیوەیلی................ ٧

من لەگەڵتدا لێبوردەدەبم، ئەگەر تۆ وانەبووی؟! ..... هیوا حاجی دێلۆیی............ ١١

گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر و ڕەخنەگرێکی ئەندازیار......  تەییب جەبار.................... ٣٩

دیوارەکان لێمدەدەن  ............... جمیلە برکاش، و. ڕابەر تەڵعەت ............... ٤٧

فەلسەفە و لێبووردەیی ...................... نەوزاد جەمال ......................... ٧٣

گفتوگۆ لەگەڵ .................................. د. ڕەوشت ڕەشید................ ٩٩

قەیرانی هووشیاریی لێبووردەیی ....................... ڕێبوار سیوەیلی.............. ١٠٩

## گرنگیی لێبووردەیی

رێبوار سیوەیلی

لێبووردەیی جگەلەوەی بەشێکە لە رۆشنبیرییەکی سیاسیی هاوچەرخ، کە لە بیناکردنی شارستانیەت و بەدەستهێنانی دەستکەوتە مەزنەکانی ئاشتی و ئاشتەواییدا بەشداریی دەکات، هاوکات خۆراکێکی رۆحی و مەعنەویە کە لە رێگەیەوە تاکەکەس و گرووپە کۆمەڵایەتیەکان بینای ناخ و جیهانە تایبەتیەکەیان دەکەن.

لێبووردەیی سەرەتا هەڵبژاردنێکی تاکەکەسیانەیە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی رۆشنبیری لە ژیان، کە لە جیاتی پەنابردن بۆگرژی و توندوتیژی، پەنا بۆ شێوازی گفتوگۆ و دانوستان و لێکحاڵیبوون دەبات، پاشانیش دەبێتە هەڵبژاردنێکی شارستانیانە کە لەرێگەیەوە کۆمەڵگاکان مێژووە لۆکاڵییەکەی خۆیان بەجێدەهێڵن و پێدەخەنە ناو مێژوویەکی جیهانیترەوە. لەم هەڵبژاردنەدا، مرۆڤ، چ وەك تاکەکەس و چ وەك گرووپ و کۆمەڵگاکان، رەفتاری مەدەنی و نارەزایەتی مەدەنی دەخەنە پێش پەرچەکردار و شەرانییەت و توندوتیژییەوە. هەروەها سیاسەتی بەشداریکردن و ئەقڵانیەتی داهێنان و تواناناسی تاکەکەس، دەخەنە پێش سیاسەتی وێرانخوازی و ئەقڵانیەتی تێکدەرانەو و خەساندنی تونای تاك و بێمتمانەکردنییەوە.

بەم مانایەش، لێبووردەیی هەم ئاستێکی سیاسیانەی بەرنامەدانان و رێکخستن و چاودێریکردنی کۆمەڵگایە، هەم پێگەیەکی دەروونی و ناخەکیە، کە تاك و گرووپەکان بەهۆیەوە خۆیان لەو بارودۆخە دەروونیانە دووردەخەنەوە، کە بە میرات بۆیان ماوەتەوە و پێشدەچێت لە میانەی پرۆسەیەکی پەروەردەیی و بەدەروونیکردندا ئەو میراتە کرابێتە میراتێکی پیرۆز. ئەزموونی شارستانیەتیش ئەوەی پیشانداوە،



لە هەر شوێنێ بەپیرۆزکردنی هەر شتێك هەبێت، جۆرێك، یان جۆرەکانی توندوتیژی ئامادەییان هەیە و ئەمەش گەورەترین مەترسییە بۆ سەر لێبووردەیی. لە هەردوو باردا، هەڵبژاردنی لێبووردەیی چ لە سیاسەتدا و چ لە ژیانی تاکدا، هەڵوێستێکی بەرپرسیارانەیە بۆ بەردەوامیدان و هەڵکردن و پەسەندکردنی جیاوازییەکان.

لێرەشەوە، دەبێت بە ئاشکرا ئەوە بڵێین کە لێبووردەیی لە هەردوو باردا بریتی نیە لە چاوپۆشی و بێموبالاتی و خۆتێنەگەیاندن لە هەر شتێك کە مرۆڤەکان بە ئارەزووی خۆیان پێی هەڵدەستن، چونکە بۆخۆیان بڕوایان پێیەتی و ئەو شتەیان بەو جۆرە دەوێ کە خۆیان حەزی پێدەکەن. بۆیە لێبووردەیی بەرامبەر بە کاری نابەرپرسیارانە، بەرامبەر بە بڕیاری هەڵە و بەرامبەر بەو کارانەی تاکەکەسەکان و هەڵبژاردە سیاسی و ئیداریەکان پێی هەڵدەستن و دواجار لە رێگەیانەوە مەترسی بۆسەر کەسان و گرووپ و کۆی ژیانی هاوبەشی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی دروستدەکەن، کارێکی مەترسیدارە. بۆیە دەتوانین بڵێین: لێبووردەیی هووشیاریی تاکەکەسە بەرامبەر بە ژیانی هاوبەش، ئەرکی کۆمەڵگای لۆکاڵییە لەبەرامبەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا و دۆخی کۆنترۆڵکردنی حەز و ئارەزوو و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی تاکەکەسە لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی و ژیانی هاوبەشدا.

لەم روانگەیەوە، بیرۆکەی کارکردن بۆ ئەم کتێبە، کە پێشتریش لە گۆڤاری لێبووردەییدا کاری بۆ کرابوو، لەو بڕوایەوە هاتووە کە هیچ کۆمەڵگایەك نیە پێویستی بە لێبووردەیی نەبێت، هیچ کۆمەڵگایەك نەبووە هەرەشەی بۆ سەر لێبووردەیی تیادا نەبووبێت و هیچ کۆمەڵگایەکیش نیە، شێوازێك لە شێوازەکانی لێبووردەیی تیایدا کاری پێنەکرابێت. هەروەك چۆن لێبووردەیی لە قۆناغی جیاوازی ژیانی کۆمەڵگاکاندا رێگری و هەرەشەی لەسەر بووە، ئاواش لە قۆناغی جیاوازی ژیانی کۆمەڵگاکاندا پەیدابووە و کاریگەریی خۆیشی بەجێهێشتووە، بەڵام مەرج

نیە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بووبێتە ڕۆشنبیرییەکی باڵادەست و جیهانی تاکەکەس و کۆمەڵگای بە دەستکەوتەکانی خۆی بەرەو گەشانەوە بردبێت.

سەبارەت بە کۆمەڵگای ئێمە دەتوانرێ بگوترێ، لێبووردەیی مرۆڤ بەرامبەر بە سرووشت لە پێش لێبووردەیی مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤەکانیتر سەریهەڵداوە. مرۆڤی ئێمە بەو هۆیەوە لە ژینگەیەکی سرووشتیدا ژیاوە و مانەوەی پابەند بووە بە چۆنێتی خۆگونجاندنی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا، ئەوە لێبووردەیی مرۆڤ بەرامبەر بە سرووشت وەك یەکەم جۆری لێبووردەیی لە ژیانیدا سەریهەڵداوە. شێوازێکی ئەم خۆگونجاندنە لە ئیشکردن و دەستکاریکردنی مرۆڤی ئێمە لە ناو سرووشتی کوردستاندا دەبینرێتەوە، کە بەجۆرێك بووە هەم تێگەیشتنی ئەم مرۆڤە لە ژینگەی دەوروبەری بەرجەستە کردووە و هەم پێویستی مرۆڤ بە سرووشت ڕەنگیداوەتەوە. ئەم پەیوەندییە پێویستە بە شێوەیەکی تیۆریتر قسەی لەسەر بکرێت و سەرلەنوێ کارا بکرێتەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژگارێکدا کە زاڵبوونی تەکنەلۆژیا و ئابووریسەنتەریزمی نابینا، بەبێ گەڕانەوە بۆ بنەما فەلسەفییەکانی تێگەیشتن لە تەکنیك و ئابووری، هەڵبژاردەیەك مرۆڤی ئێمەی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایەی کە دەتوانێت و بۆی هەیە هەرجۆرێ دەخوازێ، دەستکاری سرووشت و ژینگەی دەوروبەری بکات و دەستبخاتە یاساکانیەوە، لەبەر ئەوەی پارە و دەسەڵات و مەکینەی هەیە..

هەرچی سەبارەت بە لێبووردەیی مرۆڤە بەرامبەر بە مرۆڤەکانیتر، پێویستە کاری زۆری بۆ بکرێت و مرۆڤی ئێمە لە گەرووی ڕۆژگارێکی دوورودرێژی حاکمیەتی کەلتووری تۆڵەکردنەوە و ڕق و بەدگومانی و میراتی بە پیرۆزکراو، ڕزگار بکرێت. بەبێ ئەم پرۆسەی ڕزگارکردنە، گەیشتنی مرۆڤی ئێمە بە ئازادی و بەخشندەیی مەحاڵە و بەبێ ئازادیش ناتوانێ توانای خۆی بۆ داهێنان و ژیان و بەردەوامی، بۆ ئاشکرا ببێت. لێرەشەوە، هەر هەوڵدانێك بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی



لێبووردەیی و گرنگیدان بە بنەماکانی پێکەوەژیان و هەڵکردن و بەرپرسیارێتی لەئاست ژیانی هاوبەشدا، هەوڵدان و هەنگاوێکی گرنگە بۆ نزیکخستنەوەمان لە ئازادی و داهێنان. باشترین وەڵامی ڕۆژگارانێکی پڕ لەستەمکاری و جینۆساید و ئەنفال و کیمیاییبارانکردن، ئازادکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگای ئێمەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دەروەستانە، بتوانێ ببێتە دەربڕی وزەی داهێنانەکانی خۆی.

بەشی فەلسەفە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، بە ئەرکی خۆی دەزانێت هەم ڕۆشنبیریی لێبووردەیی بڵاو بکاتەوە و هەم توێژینەوەی بەسوود لەوبارەیەوە و لە پەیوەندیی بە بنەما تیۆری و پراکتیکیەکانی ئەم چەمکەوە، بەرهەم بهێنێ. لەم ڕوانگەیەشەوە، کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبێك لەسەر لێبووردەیی، بەدەستکەوتێك بۆ ئێستای کۆمەڵگای خۆمان و نەوەی نوێی گەنجان دەزانین، کە ناچارە لێبووردەبێت و مەحکومە بە لێبووردەیی. بەبێ لێبووردەیی، هەم گەنجایەتی و هەم داهاتوومان لە مەترسیدایە. هیواداریین کەسانێکیتر بتوانن بەردەوامی بەم شێوازی کارکردن و هاوکاریانە بدەن، بۆ ئەوەی لێبووردەیی لە ئاستێکی تیۆرییەوە بکەینە نمونەی کاری هاوبەش و پێکەوەژیانێکی سیاسی و کەلتووری لە نێوان نەوەکان و بۆچوونە جیاوازەکاندا.

ماوەتەوە بگوترێ، ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە، پێشتر لە گۆڤاری هاوبەشی لێبووردەییدا، کە بە هاوکاریی هەردوو گۆڤاری (تاوی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی)، چاپکراوە، بڵاوکراونەتەوە. بەڵام لەبەر هەڵەی چاپ و دوای گۆڕین لە وتار و گفتوگۆکان و زیاد و کەمکردن، لە لایەن خاوەنەکانیانەوە، بە پێویستمان زانی لەم زنجیرەیەشدا بڵاویان بکەینەوە.

ڕێبوار سیوەیلی
٢٠٠٩/٨/١٠
زانکۆی سەلاحەدین، بەشی فەلسەفە، هەولێر.

## من لەگەڵتدا لێبوردەدەبم... ئەگەر تۆ وانەبووی؟!

### بەرەو تێگەیشتنێکی کۆمەڵناسانە سەبارەت بە بایەخی متمانە بۆ لێبوردەیی

**هیوا حاجی دێلۆیی**

**کورتەی لێکۆڵینەوە:**

لەم وتارەدا، دەمەهەوێ جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەم کە لێبوردەیی بۆ ئەوەی لەسنوری دروشمێکی سیاسی یان ئەخلاقیەوە دەربهێنرێ و بکرێتە مەسەلەیەکی بە دامەزراوەییکراو و بەشێك لە نۆرمە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا، پێویستی بە بەرجەستەبوون و بە هێزی ئاست و جۆرێکی تایبەتە لە متمانە کە وا لە پێکهێنەرە سیاسی، و نەتەوەیی، و ئایینی، و کولتوریەکانی کۆمەڵگا بکا کە جیاوازی و ناچونیەکیەکانیان بە مەترسی لەسەریەك نەزانن. بە مانایەکیتر، دەکرێ بڵێین: لێبوردەیی هەرگیز لەو ژینگەیەدا مومارەسە ناکرێ کە دودڵی لە بەرامبەر ئەویتر و ترس لەویتری تێدا زاڵبێ. بۆ ئەوەی لێبوردەبین لەگەڵ جیاوازیەکان، دەبێ متمانەمان بە بەرامبەرە جیاوازەکانمان هەبێ. لە ئامادەنەبون یان لاوازی متمانەی گشتیدا، هەر لێبوردەییەك ریسکە و رەنگە باجەکەشی ئیجگار گەورەبێ. بۆ ئەوەی لێبوردەبین، دەبێ متمانەمان بە بەرامبەرەکانیشمان هەبێ کە ئەوانیش لێبوردەن.

### دەروازە: دەکرێ تاکە وەڵامێك بۆ چەند پرسیارێکی جیاواز هەبێ؟

چۆن حیزبێك یان سەرکردەیەکی سیاسی رازی دەبێ بەوەی کە، بە شێوەیەکی ئاشتیانە، دەستبەرداری هێز بێ و رێگا بە حیزب یان سەرکردەیەکیتربدا کە تا دوێنێیەکی زۆر نزیك لە بەرەی ئۆپۆزسیۆندابووە، وە لە هەڵبژارنەکاندا



سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، کە بێتو جڵەوی هێز لە کۆمەڵگادا بەدەستەوە بگرێت؟ چۆن کورد یان عەرەب، چ وەك تاکەکەس یان گروپ، کاتێك کە هێزی هەیە، رێگا بەویتردەدا، کە جلوبەرگی خۆی بپۆشێ، و بە زمانی رەسەنی خۆی بخوێنێ، و لە سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا پشکی کارای هەبێ؟ چۆن موسڵمان و کریستیانێك، وەك تاکەکەس و گروپ، دەتوانن لە هەمان گەڕەکدا پێکەوە بژین، و لە هەمان بازاردا پێکەوە کارو کاسبی بکەن، و لە تەنیشت یەکتریشدا هەریەکە و لە مزگەوت و کەنیسەکەی خۆیدا خواپەرستی بکات؟ کەی سوننە و شیعە، چ وەك تاکەکەس یان وەك گروپێکی مەزهەبی، دەتوانن پێکەوە هەڵکەن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دراوسێیەتی، و هاوڕێیەتی، و هاوسەرگیری لە نێوانیاندا پەرەپێبدەن؟ لە چ کاتێکدا دوو هاوڵاتی ئاسایی، تەنانەت ئەگەر سەر بە هەمان نەتەوە و ئایین و زمان و رەنگیشبن، دەتوانن پێکەوە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، یان ئابوری، یان سیاسی هاوبەشدا پێکەوە کاربکەن؟

ئەم پرسیارانە، کە هەریەکەیان پەیوەندداربن بە رەهەندێکی لێبوردەییەوە، دەکرێ بە رێگای جیاواز و بە ئێرگیومێنتی زانستی جۆراوجۆرەوە وەڵامبدرێنەوە. بەڵام، بە دیدی من، تاکە رەگەزێك کەناکرێ لە هەر لێکدانەوەیەکی زانستیدا بۆ ئەم پرسانە فەرامۆشبکرێ، رەگەزی (**متمانە**)یە. بەکەڵکوەرگرتن لەم رەگەزە دەکرێ هەموو ئەم پرسیارانەی سەرەوە لە چەند رستەیەکیتردا بەم شێوەیە دابڕێژینەوە: پێویستە حیزب و سەرکردەی دەسەڵاتدار، بۆ ئەوەی ئاشتیانە دەسەڵات بەجێبێڵێ، **متمانەی** بە دڵسۆزی ئۆپۆزسیۆن هەبێ و لەوە دڵنیابێ کە ئۆپۆزسیۆنی ئەمرۆ و دەسەڵاتداری سبەی، دەسەڵات نادروستانە و نابەرپرسانە بەکارناهێنێ و ناکەوێتە وێزەی لایەنگرانی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ و ئۆپۆزسیۆنی سبەی. بۆ ئەوەی کوردێك و

عەرەبێك پێکەوە بژین، دەبێ **متمانەیان** پێکهەبێ و لەوە دڵنیابن کە هیچکامیان، هەوڵی لەناوبردنی کولتورو ناسنامەو بوونی فیزیکی ئەویترنادا. موسڵمان و کریستیان، بۆ ئەوەی پێکەوە بەردەوامبن، دەبێ هەریەکە **متمانەی** بەوە هەبێ کە ئەویتر قورئان یان ئینجیلەکەی قەدەغە ناکا و مزگەوت یان کەنیسەکەشی داناخا. شیعە و سوننە ئەو کاتە دەتوانن پێکەوە، وە بە ئاشتیانە بژین، ئەگەر **متمانەیان** بەوە بەهێز بێ کە هیچکامیان لە بۆسەدا دانەنیشتوەو هەوڵی ئەوە نادا کە تۆڵەی رابردووی زۆر دوور بستێنێتەوە. هاوڵاتیانی ئاساییش ناتوانن بە بێ هەبوونی **متمانە** پێکەوەکاربکەن و پرۆژەی هاوبەشی جۆراوجۆر ئەنجامبدەن.

لەم وتارەدا، دەمهەوێ جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەم کە لێبوردەیی بۆ ئەوەی لەسنوری دروشمێکی سیاسی یان ئەخلاقیەوە دەربهێنرێ و بکرێتە مەسەلەیەکی بە دامەزراوەییکراو و بەشێك لە نۆرمە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا، پێویستی بە بەرجەستەبوون و بە هێزی ئاست و جۆرێکی تایبەتە لە متمانە کە وا لە پێکهێنەرە سیاسی، و نەتەوەیی، و ئایینی، و کولتوریەکانی کۆمەڵگا بکا کە جیاوازی و ناچونیەکیەکانیان بە مەترسی لەسەریەك نەزانن. بە مانایەکیتر، دەکرێ بڵێین: لێبوردەیی هەرگیز لەو ژینگەیەدا مومارەسە ناکرێ کە دودڵی لە بەرامبەر ئەویتر و ترس لەویتری تێدا زاڵبێ. بۆ ئەوەی لێبوردەبین لەگەڵ جیاوازیەکان، دەبێ متمانەمان بە بەرامبەرە جیاوازەکانمان هەبێ. لە ئامادەنەبون یان لاوازی متمانەی گشتیدا، هەر لێبوردەییەك ریسکە و رەنگە باجەکەشی ئیجگار گەورەبێ. بۆ ئەوەی لێبوردەبین، دەبێ متمانەمان بە بەرامبەرەکانیشمان هەبێ کە ئەوانیش لێبوردەن.



## هەڵوەستەیەکی تیۆری و میتۆدۆلۆجی:

یەکێك لەو گرفتانەی کە روبەرووی زۆربەی لێکدانەوە کۆمەڵناسیەکان دەبێتەوە، گرفتی ئێرگیومێنتە بازنەییەکانە Circular Arguments(بۆ وێنە بروانە Mouritsen ٢٠٠٣, Paxton ٢٠٠٢, Putnam ١٩٩٥ ). ئێرگیومێنتی بازنەیی ئەو لێکدانەوەیە کە ناتوانێ بەوردی دەستنیشانی ئەوە بکا کە لە پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو کامیان هۆکارەو کامەیان دەرئەنجام. لە ئێرگیومێنتی بازنەییدا هەر گۆڕاوێك، لە هەمانکاتدا هۆکاریشەو لە هەمان کاتیشدا ئەنجام (بۆ وێنە ئایا نزمی ئاستی خوێندەواری تاکەکەس دەبێتە هۆی خراپی باری ئابوری کەسەکە یان بە پێچەوانەوە خراپی باری ئابوری دەبێتە هۆی نزمی ئاستی خوێندەواری؟ دەکرێ پەیوەندیەکە لە هەردوو سەرەوە راستبێ).پەیوەندی و کارلێکی نێوان گوڕاوەکان لە کۆمەڵگادا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، و زانینی ئاراستەی کارلێك و پەیوەندی هۆکارمەندێتی (Causal Relationships) ئاڵۆزتر. ئەم گرفتە میتۆدۆلۆجی و تیۆریە بۆ وتارەکەی منیش راستە. ئایا متمانە لە کۆمەڵگادا لێبوردەیی بەرهەمدێنێت یان لێبوردەیی متمانە؟ کامەیان پێشمەرجە بۆ ئەویتر؟ بە دیدی من هەر هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەی ئاراستەی ئەو پەیوەندیە بەرەو ئێرگیومێنتێکی بازنەیی رامدەکێشی کە من دەمهەوێ لێیدووربم. لەبەر ئەوە ئەو وتارە جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە متمانە بە تەنیا نابێتە هۆی بڵاوبوونەوەی لێبوردەیی، نەك ئەوە بەڵکو هەندێ جۆری متمانە، کە دواتر باسیان دەکەم، رێگریشن لەبەردەم باڵادەستی لێبوردەییدا. زیاتر لەوەش، دەکرێ متمانە خۆشی بەرهەمی لێبوردەییبێ. متمانە بە بڕوای من هۆکارێکی پێویستە، بەڵام تاکە هۆکار نیە بۆ لێبوردەیی. ئەو گروپ و کەسانەی کە متمانەیەکی گشتگیر لە نێوانیاندا نەبێ ناتوانن لەگەڵ یەکتردا لێبوردەبن.دەمهەوێ جەخت لەوەبکەمەوە کە هەرگیز ناکرێ

متمانه به بەشێك لەو زەمینەیە سەیر نەكرێ كە پێویستە بۆ لێبوردەیی. لەو وتارەدا باس لە متمانە ناكرێ لە پەیوەندی هۆكارمەندێتی لەگەڵ لێبوردەییدا، بەڵكو ئەم مەسەلەیە تەنها وەك بەشێك لە پێداویستیەكانی باڵادەستی لێبوردەیی تاوتوێدەكرێ.

## متمانە لە تیۆری كۆمەڵناسی هاوچەرخدا:

سەرمایەی كۆمەڵایەتی، كە متمانە رەگەزێكی سەرەكی لێپێكدێنێت، بابەتێكی لەمێژینەیە لە تیۆری كۆمەڵناسیدا. كۆمەڵناسان هەر لەزووەوە باسیان لەمەسەلەكانی یەكانگیری و پێكەوەبەسترانی كۆمەڵایەتی، بەهێزی و لاوازی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان، لادان و رێژەكانی تاوان، كێشەكانی بەپیشەسازیبوون و شارنشینیبونیان كردووە. تیۆرەكانی ئەمیل دۆركهایم سەبارەت بە یەكانگیری میكانیك و ئۆرگانیك و خۆكوشتن، و فێردیناند تۆنیس سەبارەت بە جفات (Community) و كۆمەڵگا (Society)، و جۆرج زیمیل سەبارەت بە عەقل لە كۆمەڵگای میترۆپۆلدا، مامەڵەیان لەگەل جەوهەری ئەوەدا كردووە كە ئەمرۆ پێی دەوترێ سەرمایەی كۆمەڵایەتی. لەوەوە *ئەلیجاندرۆ پۆرتیس* (Portes ١٩٩٨, p. ٢) پێیوایە كە چەمكی سەرمایەی كۆمەڵایەتی تەنها ناوێكی نوێیە بۆ بابەتێكی كلاسیكی لە تیۆری كۆمەڵناسیدا.

لە تیۆری هاوچەرخی كۆمەڵناسی و سیاسیدا تیۆری سەرمایەی كۆمەڵایەتی، بە شێوەیەكی بنەڕەتی، بۆ شیكردنەوەو لێكدانەوەی دوو بابەتی گرنگ بەكارهاتووە (Badescu and Uslaner ٢٠٠٣): لێكۆڵینەوە لەو ئاستەنگانەی كە كەوتوونەتە سەر رێگەی پرۆسەی گواستنەوە بەرەو دیمۆكراسی لە وڵاتانی پێشووی كۆمیونیست لە یەكێتی سۆڤیەتی جاران و ئەورووپای



رۆژهەڵات، وە هەروەها بۆ شیكردنەوەی ئەو گرفتە كۆمەڵایەتی و داڕمانە كۆمەڵایەتیانەی كە لە دیمۆكراسیەكانی رۆژئاوادا و بەتایبەتیش لە كۆمەڵگای ئەمریكیدا سەریهەڵداوە.

بە شێوەیەكی گشتی سەرمایەی كۆمەڵایەتی پەیوەنددارە بە رادەی پێكەوەبەستران، و متمانە، و دولایەنیبوون لە نێوان ئەندامان و گروپە جیاوازەكانی كۆمەڵگا. پرسەكانی بایەخدان بە كاروباری كۆمەڵگا و بەشداری مەدەنی و چەند بابەتێكیتریش لە چوارچێوەی ئەو تیۆرەدا جێگەیان دەبێتەوە. لەبەشی داهاتوودا بە كورتی ئاماژە بە رای هەندێ لە تیۆریستە هاوچەرخەكانی سەرمایەی كۆمەڵایەتیدەدەم، لە پێناو بنیاتنانی ئەو چوارچێوە تیۆریەی كە پێویستمە بۆ قسەكردن لەسەر بایەخی متمانە بۆ لێبوردەیی و ئاماژەدان بە هەندێ لەو مەترسیانەی كە لە پرسی متمانەوە سەرچاوەدەگرن و لێبوردەیی لە هەردوو كۆمەڵگای عێراقی و هەرێمی كوردستاندا لاواز دەكەن. ئەو تیۆریستانەش بریتین لە: فرانسیس فوكویاما، و رۆبێرت پوتنام، و رۆناڵد ئینگلیهارت*.

* لە كۆمەڵناسی هاوچەرخدا تیۆری سەرمایەی كۆمەڵایەتی، بە شێوەیەكی بنەڕەتی، بەستراوەتەوە بە كارەكانی پیر بۆردیۆ **١٩٨٣** ( بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سەرمایەی كۆمەڵایەتی لای بۆردیۆ بڕوانە Jenkins, R. ٢٠٠٦, Costa, R.L. ٢٠٠٦, Wacquant, L. ٢٠٠٢) ، و جێمس كۆڵمەن **١٩٩٠**، و نان لین **٢٠٠١**. لەم وتارەدا، سەرەرای ئەو راستیەی كە ئەم تیۆریستانە خاوەن ئێرگیومێنتی رەسەنترن سەبارەت بە سەرمایەی كۆمەڵایەتی، پشت بە كۆمەڵێك بیرمەندیتر دەبەستم، كە لە سەرەوە ئاماژەم پێداون، لەبەر زیاتر گونجان و شیاویی تیۆرەكانیان بۆ وتارەكەم.

## فوکویاما: متمانە و خوڵقاندنی خۆشبەختی:

یەکێك لە دیارترین ئەو کارانەی لەسەر متمانە کراوە دەگەڕێتەوە بۆ بیرمەندی ئەمریکی، بە رەگەز ژاپۆنی، فرانسیس فوکویاما . فوکویاما لە کتێبەکەیدا (*متمانە چاکە کۆمەڵایەتیەکان و خوڵقاندنی خۆشبەختی* **١٩٩٥** *Trust The Social Virtues And The Creation of Prosperity*)، کە زیاتر جەختدەکاتەسەر کاریگەری متمانە لەسەر رادەی سەرکەوتوویی ئابوری کۆمەڵگا، متمانە بەوە پێناسە دەکا کە بریتیە لەو "چاوەڕوانیە هاوبەشەی کە لەناو کۆمەڵگایەکدا سەرهەڵدەدات کە پشتدەبەستێت بە رەفتاری رێکخراو، و راستگۆیانە، و هاوکاری. ئەم رەفتارانە دەوەستنەسەر ئەو نۆرمە هاوبەشانەی کە لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگادا باڵادەستن"(Fukuyama ١٩٩٥, p.٢٦)). بەوپێیە متمانە بریتیە لە رێکبوون و کۆکبوونی ئەندامان و گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لەسەر کۆمەڵێك نۆرمی هاوبەش. بوونی ئەو نۆرمە هاوبەشانە وادەکا کە خەڵکان چاوەروانی ئەو رەفتارانە لە بەرامبەرەکانیان بکەن کە لە چوارچێوەی ئەو نۆرمانەدا بەرێوەدەچن. بەبێ بوونی هەرجۆرە رێکەوتنێك لە سەر ئەو نۆرمانە، کە دواتر چوارچێوەی رەفتاری بۆ کۆمەڵگا پێکدێنن، متمانە هیچ بوونێکی نابێ.

بە دیدی فوکویاما ئەو نۆرمە هاوبەشانە، کە زەمینە و پێشمەرجی متمانەن، دوو سەرچاوەی سەرەکیان هەیە: یەکەم، ئەو نۆرمانەی پەیوەنددارن بە "بەها قوڵەکانەوە" (Deep Values) وەك ئەو بەهایانەی پەیوەنددارن بە سروشتی خوا و چاکەو دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دووەم، ئەو نۆرمانەی کە بنەمایەکی سێکیولاریان هەیە، وەك ستاندارە پیشەییەکان و کۆدە رەفتاریەکان. لەمەوە فوکویاما، بۆ نمونە، پێیوایە ئێمە بۆیە متمانە بە پزیشك دەکەین وە دڵنیاین لەوەی کە بەشێوەیەکی ویستراو زیانمان پێناگەیەنێ، چونکە دڵنیاین لەوەی ئەو



پزیشکە بە پێی سوێند و ستانداردەکانی پیشەی پزیشکی رەفتار دەکات (Fukuyama ١٩٩٥, p. ٢٦). کەواتە نۆرمە هاوبەشەکان دەکرێ ریشەی ئایینی، و کۆمەڵایەتی، و کولتووری، و ئەخلاقی، و یاساییان هەبێ. هەموو ئەو چوارچێوە ئایینی و کولتوری و پیشەیی و یاساییانە دەبنە چوارچێوەیەك کە ئێمە بە هۆیانەوە دەتوانین پێشبینی رەفتار و هەڵسوکەوتی بەرامبەرەکانمان بکەین.

متمانە لەلای فوکویاما جەوهەری سەرمایەی کۆمەڵایەتیە. کۆمەڵگای بێمتمانە کۆمەڵگایەکە کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی نیە. متمانە دەکرێ لە بچوکترین دەزگای کۆمەڵایەتیدا وەك خێزان و لە گەورەترین گروپی کۆمەڵایەتیشدا وەك نەتەوە بەرجەستەبێت. ئەمە سەبارەت بە هەموو ئەو دەزگایانەش راستە کە دەکەونە نێوان خێزان و نەتەوە. ئەو—فوکویاما—پێیوایە کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی جۆرەکانیتری سەرمایە—سەرمایەی ماتریالی و مرۆیی—لە رێگای کەناڵە کولتوریەکانی وەك ئایین و تەقالید و نەریتە مێژوییەکانەوە بەرهەمدەهێنرێ و دەگوازرێتەوە. متمانەو سەرمایەی کۆمەڵایەتی ئەو هێزە ئەخلاقی و کولتوریە پێویستەن کە کۆمەڵگا پێکدەبەستنەوەو ئەندامانی کۆمەڵگا والێدەکەن کە بتوانن لە ریکخراوە خۆبەخش و دامەزراوە ئابوریەکاندا کاربکەن. فۆکۆیاما رەخنە لە تێڕوانینی باوی ئابوریناسان دەگرێ کە پێیانوایە گروپە کۆمەڵایەتیەکان لە ئەنجامی لێکدانەوەی عەقلانی تاکەکەسان و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانەوە دروستدەبن و سروشتی پەیوەندی نێوان ئەندامانی ئەو گروپانە دەکرێ لە رێگەی یاسا و رێنمایی رەسمیەکانەوە رێکبخرێن. ئەگەر ئەم تێڕوانینەش راستبێ، فوکویاما پێیوایە، دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگیرێ کە تەنها ئەو گروپ و دەزگا کۆمەڵایەتیانە کارا و سەرکەوتوون کە خاوەنی ئەو هێزە ئەخلاقی و کولتوریەن کە لە ئەنجامی هەبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتیەوە دابیندەکرێ ( Fukuyama ١٩٩٥, pp. ٢٦–٢٧).

کۆمەڵگاکان لە رووی رادەو جۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتیەوە چونیەك نین. فوکویاما کۆمەڵگاکان دابەشدەکا بۆ دوو جۆر (Fukuyama ۱۹۹۵, pp. ۲۸-۳۰): یەکەم، ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئاستی متمانە تیایاندا لاوازە و خاوەنی سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی هەژارن. ئەم کۆمەڵگایانە لە دیدی فوکویامادا کۆمەڵگای خێزان-سەنتەرن. لەم کۆمەڵگایانەدا سنورەکانی متمانە لە سنورەکانی خێزان و تیرەو هۆزو ناسیاوە زۆر نزیکەکان تێناپەرێت. نموونەی ئەو کۆمەڵگایانە، کۆمەڵگاکانی روسی، و فەرەنسی، و ئیتاڵی، و کۆمەڵگاکانی چینین (وەك تایوان، و هۆنگ کۆنگ، وە خودی کۆمەڵگای کۆماری گەلی چین). لەمەی دواییدا—کۆمەڵگاکانی چینی—وەك دەرئەنجامێك بۆ بڕوابون بە ئایینی کۆنفۆشیانیزم خێزان سەنتەری کۆمەڵگایەو تاکەکەسان ئینتمایەکی ئەوتۆیان بۆ دەزگا و گروپەکانیتری کۆمەڵگا نیە. بە شێوەیەکی گشتی لەم کۆمەڵگایانەدا خەڵکان متمانەی پێویستیان بۆ پێکەوەکارکردن و ئەندامبون لە رێکخراوە خۆبەخشەکان کەمە، بۆیە ژیانی مەدەنی و دامودەزگا ناوەراستیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەهێزنین.

جۆری دووەم ئەو کۆمەڵگایانەن کە فوکویاما پێیان دەڵێ "کۆمەڵگای گروپ سەنتەر". لەو کۆمەڵگایانەدا خێزان و تیرەو هۆز سەنتەری کۆمەڵگا پێکناهێنن. متمانەی گشتی بەهێزەو سنوری گروپە سەرەتاییەکان دەبەزێنێ. نموونەی ئەو کۆمەڵگایانە، کۆمەڵگاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن و ئەڵمانیایە. بە شێوەیەکی گشتی دامەزراوە ناوەراستی و خۆبەخشەکان بەهێزن و خەڵکان ئاسانتر دەتوانن خۆرێکبخەن لە گروپە کۆمەڵایەتیە دووەمیەکاندا. تاکەکەسان لەو کۆمەڵگایانەدا خاوەن ئینتمای فراوانترن لە ئینتما بۆ گروپە سەرەتاییەکان، بۆیە زیاتر دەتوانن بەرژەوەندییە تایبەتەکان ملکەچی بەرژەوەندییە گشتیەکان بکەن.



**رۆبێرت پوتنام:**

**سەرمایەی کۆمەڵایەتی، و تێوەگلانی مەدەنی، و دێمۆکراسی**

لە هەردوو کتێبەکەیدا (*وەگەڕخستنی دێمۆکراسی: نەریتە مەدەنیەکان لە ئیتالیای مۆدێرن* ۱۹۹۳ *Making Democracy Work Civic Traditions in Modern Italy*) و (*بولینگکردن بەتەنها: دارمان و ژیانەوەی جفاتی ئەمریکی* ۲۰۰۰ *Bowling Alone the Collapse and Revival of American Community*) پوتنام تیۆرێکی نوێ سەبارەت بە سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ژیانی مەدەنی و کارکردنی دێمۆکراسی بەرهەمدێنێت. لە بەرهەمی یەکەمدا پوتنام باس لە رۆڵی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و نەریتە مەدەنیەکان دەکا لە کارابوونی دێمۆکراسی لە ئیتالیا لەدوای ۱۹۷۰. لەم ساڵەدا و لەو وڵاتە کۆمەڵێك چاکسازی دەستوری و ئیداری ئەنجامدرا و بەوپێیە ئیتالیا دابەشکرا بۆ چەند هەرێمێکی ئیداری. هەندێ لەو هەرێمانە توانیان لە ماوەی ۲۰ ساڵدا___ئەوەش ئەو ماوەیەیە کە پوتنام لێشاوێك لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەدای ئەو هەرێمانە ئەنجامداوە___دەسکەوتی زۆری ئابوری و دێمۆکراسی بەدەستبێنن و هەندێکیشیان نەیانتوانی گەشەپیدانێك لەو هەرێمانەدا بەدیبێنن. پوتنام هەوڵدەدا لەرێگەی تیۆرەکەی خۆیەوە سەبارەت بە سەرمایەی کۆمەڵایەتی جیاوازی ئەو هەرێمانە لێکبداتەوە. لە کتێبی دووەمیدا پوتنام رەهەند و ئاراستەو هۆکارەکانی دارمانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا لێکدەداتەوە.

متمانە لای پوتنام رەگەزێکی گرنگی سەرمایەی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت. سەرمایەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو بریتیە لە "روخسارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی___تۆڕەکان، و نۆرمەکان، و متمانە___کەوا لە بەشداربوان دەکا کە بتوانن بە شێوەیەکی کاراتر ئامانجە هاوبەشەکانیان بەدیبێنن" ( Putnam

١٩٩٣, p.١٦٧). بەرقەراربوونی متمانە لە کۆمەڵگادا گرەنتی باشتر بەرێوەچوونی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکا. کەمبوونی ڕێژەکانی تاوان و بەهێزبونی ئاستی هاوکاری و پێکەوەکارکردنی ئەندامانی کۆمەڵگایەك بەندە بە ڕادەی متمانە و ڕاستگۆیی تاکەکەسان لەگەڵ یەکتردا. دەکرێ ڕێژەکانی تاوان لە کۆمەڵگادا لە ڕێگەی یاسا و هێزەکانی ئاسایش کەمبکرێتەوە بەڵام ئەم ڕێگایانە ڕێگای هەرە گونجاو نین. پوتنام کۆکە لەگەڵ ڕای دیگۆ *گامبێتا* کە دەڵێ "ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە هێز دەبەستن زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە کە کەمتر کارابن، تێچوونەکانیان زۆرتربێ، وە زیاتر ناخۆشگوزەرانبن لەو کۆمەڵگایانەی کە بە هۆی متمانەوە بەرێوەدەچن" (وەرگیراوە لە Putnam ٢٠٠٠, pp.١٣٥–١٣٦).

بەڵام ئایا هەموو متمانەیەك ئەوەندە گرنگە بۆ کۆمەڵگا و ژیانی مەدەنی؟ پوتنام لێرەدا باس لە دوو جۆر متمانە دەکا: متمانەی چڕ (Thick Trust) و متمانەی تەنك (Thin Trust). متمانەی چڕ ئەو متمانەیە کە سنوربەندکراوە بەو کەسانەی کە تاکەکەس لە نزیکەوە ناسیاوی لەگەڵیاندا هەیە. ئەمە متمانەیەکی تایبەتە و خزمەتی زیاتر پێکەوەبەسترانی کۆمەڵگا و بەشداربونی تاکەکەسان ناکا لە دامودەزگا مەدەنیەکاندا. بە پێچەوانەوە، متمانەی تەنك کە متمانەیەکی گشتیە و تێکرای ئەندامانی کۆمەڵگا دەگریتەوە بە چاوپۆشین لەو گروپ و کۆمەڵبەندیە ئابوری و ئێتنیکیانەی کە لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە. جۆری دووەمی متمانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زۆر فۆرمیتری تێوەگلانی مەدەنی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەو خەڵکانەی کە خاوەنی متمانەی تەنکن زیاتر بەشداری لە ڕێکخراوە خۆبەخش و خێرخوازیەکاندا دەکەن، باشتر هاوکاری دەکەن لە دانی باجەکان، و لێبوردەترن لە گەڵ کەمینەکاندا (Putnam ٢٠٠٠, pp.١٣٦–١٣٧). متمانەی تەنك، بەم شێوەیە، زیاتر دەرفەت



دەدا بە تاکەکەسان بۆ ئەوەی متمانەیان درێژتربکەنەوە بۆ ئەو تاکەکەسانەی کە لە دەرەوەی گروپە ئابوری، و ئایینی، و ئێتنیکیەکانیاندان. لە کۆمەڵگایەکدا کە ئەم جۆرە متمانەی تیادا زیاتر باڵادەستە سنوری نێوان گروپە ناوخۆیی و دەرەکیەکان کاڵتر دەبێ و هەلی زیاتر تێکەڵاوبوون و کارکردنی پێکەوەیی کەسەکان، بەچاوپۆشین لە ئەندامبونیان لەو گروپانەدا، لە دامەزراوەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان زیاتر دەبێ.

لە پەیوەندی نێوان سەرمایەی کۆمەڵایەتی و لێبوردەییدا، پوتنام چوار جۆر کۆمەڵگا دەستنیشاندەکا: ئەو کۆمەڵگایانەی کە خاوەنی ئاستێکی نزمی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ئاستێکی بەرزی لێبوردەیین (تاکگەرایی: تۆ کاری خۆت بکەو منیش کاری خۆم)، و ئەو کۆمەڵگایانەی کە خاوەنی ئاستێکی بەرزی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و لێبوردەیین (کۆمەڵگای مەدەنی)، و ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و لێبوردەییان نزمە (کۆمەڵگای ئاژاوە: شەری هەموان لە دژی هەموان)، و ئەو کۆمەڵگایانەی کە سەرمایەی کۆمەڵایەتیان بەرزە و ئاستی لێبوردەییان لاوازە (کۆمەڵگا تائیفیەکان: سنوری نێوان گروپە ناوخۆیی و دەرەکیەکان زۆر روونە) (Putnam ٢٠٠٠, pp. ٣٥٠–٣٦٣). ئەم دابەشکردنە دەوەستێتە سەر ڕادەی پێکەوەکارکردن و هاوبەشیکردنی تاك و پێکهێنەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتردا. لەهەریەك لەو فۆرمانەی کۆمەڵگا متمانە بایەخی تایبەتی هەیە. لە فۆرمی یەکەمدا متمانە دەکرێ چڕ یان تەنکبێ و خەڵکان کەمتر ئارەزووی تێوەگلانیان لە پرۆسە بەکۆمەڵەکاندا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستەکانی لێبوردەیی بەرزە. ژیان لەگەڵ جیاوازیەکاندا ئاسانە چونکە ڕەنگە جیاوازیەکان هەر لە بنەمادا بایەخێکیان نەبێ بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا. لە فۆرمی دووەمدا، واتە لە کۆمەڵگا مەدەنیەکاندا، ئاستی متمانەی تەنك بەرزە و لەوەوە خەڵکان دەتوانن

سەرەڕای جیاوازیە ئابوری و ئینتما ئایینی و ئێتنیکیەکانیان بەشداری لە کاری هاوبەشدا بکەن. لەو کۆمەڵگایانەدا متمانەی گشتی یان تەنك ڕەخساوەو لێبوردەیی نێوان گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگاش بەهێزە. لە فۆرمی سێیەمدا متمانەو لێبوردەیی، هەردوکیان، لاوازن. کۆمەڵگا لە نێوخۆیدا تووشی بێمتمانەیی هاتووە. گروپە جیاوازەکان ناتوانن پێکەوەهەڵکەن. لە ئامادەنەبوونی ئەو متمانەیەدا گروپە جیاوازەکان ناتوانن لەگەڵ یەکتردا لێبوردەبن. لە فۆرمی چوارەم و کۆتاییدا کۆمەڵگا کۆمەڵبەند و گروپبەندبووە لەسەر بنەمای جیاوازییە ئابوری و بەتایبەتیش لەسەر بنەمای جیاوازییە ئایینی و ئێتنیکیەکان. سنوری نێوان ئەو گروپانە زۆر زەق و هەستپێکراوە. ئەو کۆمەڵگایانە بۆ گروپی ناوخۆیی و دەرەکی زۆر دابەشبوون. متمانە لەناو هەریەك لەو گروپانەدا زۆر پتەوە، واتە ئاستی متمانەی ئەندامانی هەمان گروپ زۆر بەهێزە بەڵام ئاستی متمانە لەنێوان گروپە جیاوازەکان لاوازە. لەم کۆمەڵگایانەدا متمانە ناتوانێ سنوری گروپە ناوخۆییەکان ببەزێنێ، گروپە جیاوازەکان لە ئاست یەکتردا تووشی بێمتمانەیی هاتون، بۆیە ناتوانن لەگەڵ یەکتردا لێبوردەبن.

پاش ئەو دابەشکردنە پوتنام پێیوایە کە ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتیە لە خزمەت کۆمەڵگا و دیمۆکراسیدایە کە وابکا خەڵکان، بە بەکگراوندی ئابوری و ئایینی و ئێتنیکی جیاوازەوە، بتوانن پێکەوە کاربکەن. ئەو کۆمەڵبەندانە بەکەڵکن کە فرەڕەنگبن و ببنە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی جیاواز لە کۆمەڵگادا. چەندەی کۆمەڵبەندیەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئەو بنەمایانەی پێشووبێت، ئەوەندە ئاستەکانی متمانە و لێبوردەیی کەمدەبێتەوە ( Putnam ۲۰۰۰, p. ۳۵۸). لەوەوە دەکرێ بڵێن بەدیدی پوتنام هەموو متمانەو سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەری پۆزەتیفی بۆ سەر لێبوردەیی و



پرسەکانیتری دیمۆکراسی نەبی. بە پێچەوانەوە لە هەندێ باردا، هەبوونی متمانە و هاوکاریەکی زۆر بەهێز، بۆ وێنە لە ناو گروپێکی مافیا یان راسیستی، لیبوردەیی و دیموکراسی لەو کۆمەڵگایەدا دەخاتە ژێر هەرەشەوە(Putnam ۱۹۹۵, p.٦٦٥).

**ڕۆناڵد ئینگلیهارت:**

**متمانە، و دیمۆکراسی، و "ئۆپۆزسیۆنی وەفادار"**

یەکێك لەو بوارانەی کە تیایدا ئینگلیهارت باس لە پرسی متمانە دەکا، پەیوەندی متمانەیە لەگەڵ مەسەلەی دیمۆکراسی. ئەو پێیوایە کە متمانە دوو رۆڵی پێچەوانە دەگێڕێ لە قۆناغی گواستنەوە بەرەو دیمۆکراسی و لە قۆناغی سەقامگیربوون و بەهێزبوونی سیستەمی دیموکراسی لە وڵاتدا. بەدیدی ئەو بۆ ئەوەی پرۆسەی گواستنەوە بەرەو دیموکراسی دەستپێبکات و وردەوردە کۆمەڵگا قۆناغی دیکتاتۆریەت جێبهێڵێ پێویستە ئاستەکانی متمانە لە نێوان تاکەکەسان لاوازبێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە متمانە پێویستە بەهێزبێ بۆ ئەوەی سیستەمێکی دیمۆکراسی لە کۆمەڵگادا سەقامگیر و بەردەوامبێ ( Inglehart ۱۹۹۹, p. ۹۷). ئینگلیهارت متمانە دەبەستێتەوە بە تێکرای هەلومەرجی مێژوویی، و بیروباوەری ئایینی، و رەوشی ئابوری، و سروشتی سیستەمی سیاسی کۆمەڵگا (Inglehart ۱۹۹۹, pp. ۸۸- ۹٦). هەربۆیە لەو کاتانەدا کە سیستەمی سیاسی وڵات نادیموکراتە و رەوشی ئابوری شلەژا و ناهەموارە، ئەندامانی کۆمەڵگا، بەگشتی، هەست بە خۆشبەختی و رازیبوون ناکەن لە ژیانی خۆیاندا. لە ئاوها بارودۆخێکدا متمانە وەك بەهایەکی کۆمەڵایەتی لاواز دەبێ. بە بڕوای من دەکرێ ئەم قسەیە بۆ متمانەی گشتی راستبێ، بەڵام لە زۆر باردا، لە سەردەمی باڵادەستی سیستەمی تۆتالیتاردا، بۆ ئەوەی جوڵانەوە

لەدژی ئەو سیستەمە رووبدات پێویستە هەندی جۆری متمانە زۆر بەهێزبێ ئەگینا خەڵکان ناتوانن پێکەوە لە ئۆپۆزسیۆندا چالاکی بنوێنن. بۆیە متمانەی تایبەت، بۆ نموونە لە نێو ئەندامانی هەمان هۆز یان گروپی نەتەوەیی و یان کۆمەڵبەندی ئایینی و مەزهەبی، پێویستە زۆر بەهێزبێ تا ئەو ئامادەییە بۆ بەرەنگاربوونەوە دروستبێ. لە ئامادەنەبوونی ئەم متمانەیەدا رەنگە خەڵکان ئامادەباشی ئەوەیان تێدا نەبێ کە ریسك بکەن و لە هەر جوڵانەوەیەك بەمەبەستی رووخانی سیستەمە تۆتالیتارەکەوە بگلێن.

پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ بدرێ ئەویش ئەوەیە کە متمانە هەمیشە لە پەیوەندیەکی پۆزەتیفدا نیە لەگەڵ دێمۆکراسیدا. واتە مەرج نیە، لەهەموو کاتێکدا، لە باڵادەستی سیتەمێکی دێمۆکراتدا متمانەش لە کۆمەڵگادا بەهێزبێ. ئینگلیهارت، بۆ نمونە، ئاماژە بە کۆمەڵگای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدا. هەرچەندە لەو کۆمەڵگایەدا رژێمێکی دێمۆکرات باڵادەستە، بەڵام لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو ئاستەکانی متمانە و هاوکاری و تێوەگلانی مەدەنی لەو کۆمەڵگایەدا هەمیشە روو لە کزبوونبووە. بە پێچەوانەشەوە، لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای ئیتاڵی کە هەرگیز سیستەمێکی دیموکراتی وەك ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی نەبووە، ئاستەکانی متمانە لەو کۆمەڵگایەدا و لەو ماوە زەمەنیەدا هەر بەرەو بەهێزبوون رۆیشتووە (Inglehart ١٩٩٩, p. ٩٥). لەوەوە بە دیدی ئینگلیهارت متمانە لەو دێمۆکراسیانەدا بەهێزدەبێ کە سیستەمە دێمۆکراتەکە کارا (Effective) بێت. سیستەمی کارا سیستەمێکە کە دەتوانێ چارەسەر و میکانیزمی گونجاو بەرهەمبێنێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگا. مەرج نیە هەموو سیستەمێکی دێمۆکرات کارابێت. لە سیستەمە دێمۆکراتە کاراکاندا خەڵکان زیاتر هەست بە خۆشبەختی دەکەن ولەوەوەش ئاستەکانی



متمانە بەرزتردەبێت. بەوپێیە ناکرێ متمانە ببەسترێتەوە بە تاکە فاکتەرێکی دیاریکراو، بۆ نمونە سیستەمی سیاسی یان رەوشی ئابوری یان هەر بابەتێکیتر، بۆیە پێویستە بە چاوێکی گشتگیرتر بروانینە مەسەلەی متمانە لە کۆمەڵگادا.

لەو سەردەمانەدا کە دیمۆکراسی سەقامگیر دەبێ، بەدیدی ئینگلیهارت، ئەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنە سەرهەڵدەدات کە ئەو ناویلێدەنێ "ئۆپۆزسیۆنی وەفادار" (Loyal Opposition). "ئۆپۆزسیۆنی وەفادار" پەیوەندی توندوتۆڵی بە مەسەلەی لێبوردەیی و گواستنەوەی ئاشتیانەی هێز هەیە لە سیستەمی دێمۆکراسی سەقامگیردا. لە دێمۆکراسی سەقامگیردا، ئەو متمانەیە باڵادەستە کە ئۆپۆزسیۆن وەفادارە بۆ نیشتمان، و لەو کاتانەدا کە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەستدێنێ، بیر لە بەپەراوێزخستن و قەڵاچۆکردنی جەستەیی یان وەزیفی ئەندامانی حیزب و لایەنە رکابەرەکان ناکاتەوە. ئەو متمانەیە لە نێوان دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆندا پێشمەرجە بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەستبەرداری هێزبن و رێگابدەن کە تیمێکی نوێ بە تێروانینێکی نوێو و تەنانەت تەواو جیاوازیش وڵات بەڕێوەببات (Inglehart ١٩٩٩, p. ٩٨). لە سیستەمە نادیموکراتەکان، یان دێمۆکراسیە ناسەقامگیرەکاندا، ئەو متمانەیە یان نیە یانیش زۆر لاوازە، بۆیە هەمیشە ئۆپۆزسیۆن بە مەترسی دەبینرێ و رەنگە ئەو مەترسیەش راستەقینەبێ. دێمۆکراسی بۆ ئەوەی سەقامگیربێ دەبێ ئەو کولتورە بەرهەمبێنێ. ئەم کولتورە کولتوری متمانەیە بە بەرامبەر.

**متمانە و لێبوردەیی:**

**لایەنی تاریکەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای عێراقی و کوردستاندا**

لەم بەشەی وتارەکەمدا ئاماژە بە هەندێ جۆری متمانە دەدەم کە بەدیی من لەخزمەت لێبوردەییدانین. ئەم جۆرانەی متمانە بەشێکن لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای عێراقی و کوردستاندا کە دەکرێ بە کەڵکوەرگرتن لە پوتنام ناویان لێبنێین لایەنە تاریکەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی. پوتنام لەو کات و هەلومەرجانەدا کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی رۆڵی نەرێنی دەگێرێ، بە لایەنی تاریکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەزانێ (بڕوانە Putnam ٢٠٠٠, pp ٣٥٠-٣٦٣).

**متمانە و کۆمەڵگای خێزان سەنتەر:**

تائێستاش خێزان و ئەو دامودەزگایانەی کە درێژکراوەی پەیوەندییەکانی خێزانن، وەك تیرە و هۆز، دامودەزگای کۆمەڵایەتی بنەڕەتین لەو کۆمەڵگایەدا. مەبەست لە دامودەزگای بنەرەتی ئەو دەزگایانەن کە تاکەکەس زیاتر هەست بە ئینتیما دەکا بۆیان و لەوەوە زیاتر کاریگەری بەسەر رەفتار و تێکرای هەڵسوکەوتی ئەندامانیان بەجێدێڵن. هەستکردن بە شکۆ و گەورەیی یان بە کەمی و نزمی لای تاکەکەس، لە کۆمەڵگای کوردستاندا، تارادەیەکی ئێجگار گەورە، سەرچاوەدەگرێ لەو خێزان یان هۆزەی کە تاکەکەسەکە ئەندامیەتی. ئەو کەسانەی کە لەخێزانێکەوە هاتبن کە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزبن، زیاتر هەست بە گەورەیی و باڵادەستی خۆیان دەکەن وە بە پێچەوانەشەوە هەر راستە. بنەما و دەسکەوتە فەردیەکان لە زۆر باردا لەبەرچاو ناگیرێن. بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیش هەر بەکۆمەڵەو بە توندی بە خێزانەوە بەستراوەتەوە. بە کارە باشەکانت تێکرای خێزان و خزمان سەربەرزدەکەی و بە کردەوە نەگونجاوەکانیشت هەموویان دەخەیە ژێربەرپرسیاریەتیەوە.



ئاماژە و دەرکەوتەکانی باڵادەستی خێزان و پەیوەندیە خزمایەتیەکان بە هەموو کۆمەڵگا و دامودەزگاکانیەوە دیارە، لە دامودەزگا سیاسی و ئیدارییەکانەوە بگرە تەنانەت تا دەگاتە دامودەزگا زانستی و ئەکادێمیەکانیش. دەستنیشانکردنی بەرپرسان بۆ پۆستە جیاوازەکان لەسەر بنەمای ئینتما بۆ خێزانێکی دیاریکراو، دیاردەکانی واسیتە بۆ خزموکەس و دامەزراندنیان وەك سکرتێر و ژمێریار لە دامودەزگا ئیداریەکان، و هەبوونی کۆمەڵێك پاسەوان لە برا و برازاو خوشکەزا و ئامۆزا، و بەکارهێنانی نازناوە فەرعیەکان___بۆ وێنە ناوی خێزان یان عەشیرەت یان گوند___ وەك پاشگر بۆ ناوەکانمان، هەموویان لە نیشانەکانی کۆمەڵگایەکەن کە تیایدا ئەو دامودەزگا سەرەتاییانە بەهێزن.

بەدیدی من کاریگەری نێگەتیڤی متمانەی تایبەت لە کۆمەڵگای کوردستان لەسەر مەسەلەی لێبوردەیی کاریگەریەکی ناراستەوخۆیە.متمانەی تایبەت نەریتە مەدەنیەکان لاواز دەکا و لاوازبوونی ئەو نەریتانەش لە لای خۆیەوە لێبوردەیی وەك نەریتێکی مەدەنی پەکدەخات. متمانەی تایبەت و باڵادەستی گروپە سەرەتاییەکان، زۆر بەتوندی، لە پەیوەندیەکی پێچەوانەدایە لەگەڵ نەریتە مەدەنیەکاندا. لە زۆر باردا خەڵکان بایەخمەندنین بەو پرسانەی کە لە ئاستی گەورەتری کۆمەڵگادا روودەدەن، ئەو گرفتانە بە گرفتی تۆ دەزانرێن کە بەرەورووی تۆ و خێزانەکەت دەبنەوە. لە کۆمەڵگایەکی لەو چەشنەدا تۆ پێویستە پشتگیری لەو کەسانە بکەی کە پەیوەندیت لەگەڵیاندا لەسەر بنەمای خوێنە بە چاوپۆشین لە رەوایەتی یان ناڕەوایەتی کێشەکانیان. لە کۆمەڵگای کوردستاندا، خێزان و پەیوەندییە خزمایەتییەکان، دەبنە ئەو پێوەرەی کە تاکەکەسان هەمیشە دەبێ لەبەرچاویان بگرن و بەردەوام بۆیان بگەڕێنەوە و رەچاوی بەرژەوەندیەکانیان بکەن تەنانەت ئەگەر لە دژی بەرژەوەندی گروپ و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگاشبێ.

بەشێوەیەکی گشتی، بەهێزی خێزان و گروپە سەرەتاییەکان لەسەر حیسابی گروپە ناوەندی و دووەمیەکان دەبێ. لە کۆمەڵگا خێزان سەنتەرەکاندا، وەك فوکویاما جەختی لەسەردەکاتەوە___ پێشتر ئاماژەی پێدراوە___ تاکەکەسان ئارەزویان بۆ کارکردن لەدەرەوەی گروپە یەکەمیەکان کەمە. رەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی لاوازی کۆمەڵگای مەدەنی لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانیشدا، لە تەنیشت هۆکارەکانیتر، ئەم کولتورە کۆمەڵایەتیەبێ. بەهێزی و کارابوونی کۆمەڵگای مەدەنی، کە لە کۆمەڵگا گروپ سەنتەرەکاندا مومکین دەبێ، رۆڵی جەوهەری دەبینێ لە بنیاتنان و بڵاوکردنەوەی لێبوردەیی. دامودەزگا ناوەڕاستیەکان دەتوانن وابکەن کە بەرژەوەندی جیاوازی گروپەکانی کۆمەڵگا، لە نێو سیستەمێکی دیمۆکراتدا، توشی پێکدادان نەبن. دەزگا ناوەڕاستی و مەدەنیەکان گەرەنتی ئەوە دەکەن کە گروپێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا بەرژەوەندی و باڵادەستی خۆی بەسەر گروپەکانیتردا نەسەپێنێ. ئامادەنەبوون یان بێهێزی ئەو گروپە دووەمیانە لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستاندا کاریگەری نەویستراوی بەسەر ئاستەکانی لێبوردندا بەجێهێشتووە.

لە کۆمەڵگایەکی لەم چەشنەدا متمانەش وەك بەهایەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لە سنوری دەزگا یەکەمیەکاندا بەند دەبێت. لەو کۆمەڵگایانەدا متمانە لە جۆری متمانەی تایبەتە کە ناتوانێ سنورەکانی خێزان و گروپە سەرەتاییەکان ببەزێنێ. ئەم جۆرە متمانەیە لە خزمەت لێبوردەییدا نابێت، چونکە زیاتر  و زیاتر تاکەکەسان لە چوارچێوەی ئەو گروپانەدا دەهێڵێتەوەو دەرفەتی زیاتر تێکەڵابوونی ئەندامانی کۆمەڵگا و گونجان و پێکەوەکارکردنیان کەمدەکاتەوە. بەهێزی متمانەی تایبەت وادەکا کە کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندیە سەرەتاییانە دابەشبێت و لەوەشەوە نەخشەیەکی کۆمەڵایەتی بەرهەمبێت کە دەربری سەربەخۆیی و دابڕانی ڕێژەیی ئەو گروپانەیە لەیەکتر. ئەم متمانەیە پێچەوانەی متمانەی گشتگیرە کە پێویستە بۆ باڵادەستی لێبوردەیی گشتی لە کۆمەڵگادا.



## متمانە و پرسی دابەشبوونە ئێتنیکیەکان:

زۆربەی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی کۆمەڵگای رەنگاورەنگن لە رووی نەتەوەیی، و ئایینی، و کولتووری. رەنگە ئەستەمبێ کۆمەڵگایەك بدۆزیەوە کە هەموو دانیشتوانەکەی لە هەمان نەتەوەبن و بروایان بە هەمان ئایین هەبێ و بە هەمان زمان و زاراوە قسەبکەن. بەدیدی من فرەرەنگی، لە خودیخۆیدا، مەترسیەك پێکناهێنێ، بەڵکو ئەوەی وادەکا  فرەرەنگی ببێتە فاکتەری بەهێزیی و سەقامگیری یان لاوازی و ناسەقامگیری ئەو چوارچێوەیەیە کە لەناویدا گروپە جیاوازەکان کارلێکدەکەن. ئەو چوارچێوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگیەی کە گروپە ئێتنیکیەکان پێکەوەدەبەستێتەوە دەستنیشانی رادەی متمانە و ئاستەکانی لێبوردەیی دەکا لە هەر کۆمەڵگایەکدا. لەو چوارچێوانەدا کە دەرفەت دەرەخسێ بۆ بەرقەراربوونی پەیوەندیەکی ئاسۆیی لە نێوان گروپە ئێتنیکیە جیاوازەکان و هەلەکانی بەردەم خۆسەپاندن و چەوسانەوە کەمدەبێتەوە زیاتر ئەگەری دروستبوونی متمانەی گشتی و لێبوردەیی قولتر هەیە. بێگومان پێچەوانەی ئەم دۆخەش راستە.

لێرەوە دەکرێ بوترێ کە مەترسیەکیتر لەبەردەم لێبوردەییدا لە کۆمەڵگای عێراقیدا خۆی لە مەسەلەی کەمی متمانەی گشتیدا دەبینێتەوە لەنێوان پێکهاتە ئێتنیکیەکانی کۆمەڵگادا. ئەم مەترسیە زۆر زەقتر و چەند جارەیە لەو ناوچە تێکەڵاوانەی کە توشی سیاسەتەکانی راگوێزان و گۆڕینی نەخشەی دیمۆگرافیبوون. لەو ناوچانەدا هەمیشە هەوڵدراوە کە بەرژەوەندی گروپێکی ئێتنیکی لەسەر حیساب و لە دژی بەرژەوەندی گروپەکانیتربێ. کورد و تورکمان راگوێزراون و بەهۆی هەندێ هۆزی عەرەب جێگایان پرکراوەتەوە، و زەوی و مومتەلەکاتیان لێسەنراوەو بە خەڵکیتر بەخشراوە، و لە زۆربادا ناچارکراون کە ئینتمای نەتەوەییان راستبکەنەوە (تصحیح القومیە). هەموو ئەو رێوشوێنانە، بەشێکن لەو چوارچێوە نەگونجاوەی کە بتهەوی یان نا، کاریگەری نەرێنی بەسەر ئاستەکانی متمانە لە نێوان ئەوگروپانەدا جێهێشتووە.

لە ئەنجامی ئەو سیاسەتانە، کۆمەڵگا، وەك پوتنام باسی دەکات، بوەتە کۆمەڵگایەکی تائیفی. کۆمەڵگای تائیفی کۆمەڵگایەکە، زۆر بەروونی، لەسەر بنەمای نەتەوەیی یان ئایینی یان مەزهەبی دابەشبووە بۆ چەند گروپێگ کە سنورە کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە سیاسییەکان، زۆر بە ئاشکرا، جیاواز و رەنگە دژ بەیەکیشبن. لەو کۆمەڵگا تائیفیانەدا، دیسان، متمانە لە جۆری تایبەتە، بەڵام ئەمجارەیان لەسەر بنەمای خێزان نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای گروپە ئێتنیکیەکانە. متمانە لە ناو هەریەك لەو گروپانەدا___گروپە ناوخۆییەکان___ بە بەراورد لە گەڵ متمانە لە نێوان ئەو گروپانەدا ___گروپی ناوخۆیی و دەرەکی___ زۆر بەهێزە. وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو جۆرە متمانە تایبەتانە، بە شێوەیەکی گشتی، لە هەڵبژاردنەکاندا لیستەکانی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ئێتنیکی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن و خەڵکانیش، دیسان، هەر لەسەر بنەمای ئێتنیکی دەنگدەدەن. ئەم راستیە لە تێکڕای هەڵبژاردنەکانی عێراقی لە دوای روخانی رژێمی پێشوو لە **٢٠٠٣** بە رونی دیاربوە. دابەشبوونی جوگرافی و ئێتنیکی دانیشتوان، بەهاوتەریبی، دابەشبوونی سیاسی لێکەوتەوە، بەشێوەیەك کە نەخشەی سیاسی وڵاتەکە، تاڕادەیەکی گەورە، بووە ئاوێنەی دابەشبوونی ئێتنیکی کۆمەڵگاکە.

ئەم دابەشبوونە ئێتنیکیە، خۆی لە بەشبەشکردنێکی تائیفیانەی تەواوی پۆست و دامەزراوەکانی وڵاتدا دیتەوە. پۆست و پلەو پایەکان لەسەر بنەمای ئینتمای تێتنیکی پاڵێوراوان دابەشکرا. بێمتمانەیی وایکردوە کە هیچ لایەك ئامادە نەبێ، بەبێ هەبوونی پۆستیکی هاوشێوەو هاوسەنگ لە هێزدا، یەکێك لە پۆستەکان بۆ لایەنەکانیتر بەجێبێڵێ. هەمیشە بڕواوابوە کە کەسەکان پۆست و دەسەڵاتەکانیان بۆ بەرژەوەندی و باڵادەستی ئێتنی بەکاردێنن. ئەم بەشبەشکردنە تائیفیە تەنها لەسەر ئاستی پۆست و دەسەڵاتە باڵاکان رانەوەستاوە، بەڵکو دابەزیوە بۆ تێکرای دامودەزگا ئیداری و ئەمنی و تەنانەت فەرهەنگی و وەرزشیەکانیش. باڵادەستی متمانەی



تایبەت یان ئێتنیکی و لاوازی متمانەی گشتی یان نێو ئێتنی بە هیچ شێوەیەك لە خزمەت دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکرات و بەرقەراربوونی لێبوردەیی نابێ وەك نەریتێکی مەدەنی و دێمۆکراسی.

رەنگە دەستوری عێراقی بەڵگەیەکی زۆر بەرجەستەبێ لەسەر نەبوونی متمانەی گشتی و دابەشبوونی ئێتنیکی لە کۆمەڵگای ئەو وڵاتەدا. ئەم دەستورە، زۆر بە زەقی، هەوڵێداوە گرەنتی ئەجێندا ئێتنیکیەکان بکات، تەنانەت ئەگەر لە رێگەی هەبوونی کۆمەڵێك برگەو پرەنسیپی دژبەیەکیشبێ. هەموو ئەو لایەنانەی کە گفتوگۆیان لەسەر دانانی دەستورەکە دەکرد، هەمیشە، بەگومانەوە دەیانڕوانیە ئەجێندای شاراوەی لایەنەکانیتر. هەمیشە ئەو گومانە زاڵبووە کە بە گۆڕینی باڵانسی هێز، رەنگە زەرەرمەندبین، بۆیە دەبێ دابەشبوونی ئێتنیکی و بەسیاسیکردنی ئێتنیك و بەشبەشکردنی سیاسی و ئیداری لە رەگەزە بنچینەییەکانی ئەو دۆکیومێنتە یاساییەبن.

متمانەی گشتی نێوان گروپە ئێتنیکیەکان لاوازە و هەمیشە ترسی تولەسەندنەوە لە ئارادایە. هەر گروپێکی ئێتنیکی هەوڵدەدات رێگربێ لەبەردەم هەر هەوڵێك بۆ باڵادەستی ئەویتر، چونکە باڵادەستی ئەویتر لاوازی و ملکەچی خودی لێدەکەوێتەوە. لەو کاتانەدا کە کۆمەڵگا، بەم شێوەیە، توشی دابەشبوونی ئێتنیکی دەبێ، لێبوردەیی دەبێتە ریسك. هەموو کەس ئامادە نابێ ئەو ریسکە بکا. ئەو پرسیارە هەمیشە بە خەیاڵدادێ، باشە وادابنێ من لێبوردەدەبم لەگەڵ بەرامبەرەکەمدا، ئەگەر ئەو واینەکرد؟ لەو ژینگەیەدا کە متمانەی گشتی تێدا نیە یان لاوازە، هەر گروپێکی ئێتنیکی دەبێ هەوڵبدا ئەوەیتر بەهێز نەبێ نە لە رووی سیاسی یان ئابوری و تەنانەت کولتوریش. ئەو بێمتمانەییە پێتدەڵێ: ئەگەر بەرامبەرەکەت بەهێزبێ هەوڵی لەناوبردن و پەراوێزخستنی تۆ دەدا، کەواتە رێگەی پێمەدە! لەو بارودۆخەدا نەك لێبوردەیی بەهێز نابێ، بەڵکو هەمیشە دەمارگیری و سڕینەوەو لەناوبردنی زیاتری لێدەکەوێتەوە.

## متمانە و ترس لە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی:

لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئەزمونێکی دورودرێژی پیادەکردنی سیستەمێکی دێموکراسیان نەبێ هەمیشە پەیوەندی نێوان فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆن پەیوەندییەکی قەیراناویە. ئەو دوو جەمسەرە ناتوانن لە پەیوەندیەکی هارمۆنی تەندروستدابن. ئۆپۆزسیۆن هەمیشە مەترسیە، بۆیەدەبێ کۆتوپەیوەندی لەسەردابنرێ، و چالاکیەکانی کەمبکرێنەوەو ئەگەر بشکرێ بەتەواوی قەدەغە بکرێ، و لایەنگرانیشی رەوانەی بەندیخانەکان بکرێن. ئۆپۆزسیۆن، وادەبینرێ، ئەگەر هێز بەدەستەوە بگرێ هەوڵی تولەسەندنەوە و پاشەکشەپێکردنی فەرمانڕەوایانی پێشودەدا. دەسەڵاتیش هەمیشە، بەوە تۆمەتبار دەکرێ، کە دەسەڵات لە بەرژەوەندی لایەنگر و دەستوپێوەندەکانی بەکاردێنێ و هەموو بوار و دەسکەوت و خێروبێراتی وڵاتی مۆنۆپۆڵکردوە. ئەم وێنەیە، کە دەربری تەنگژەی متمانەیە، و رەنگە راستەقینەشبێ، هەمیشە پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و ئۆپۆزسیۆن بە ئاراستەیەکی نەرێنیدا دەبا.

ئەم بێتمانەییە دولایەنە، زۆر بەروونی، لە هەردوو کۆمەڵگای عێراقی و کوردستانیش دیارە. هۆکارەکەشی دیسان نەبونی ئەزمونێکی مێژوویی گەمەی دێمۆکراسیە لەو کۆمەڵگایەدا. لەهەموو ماوەی مێژووی دروستبونی دەوڵەتی عێراقی، بە فەرمانڕەوا جیاوازەکانیشیەوە، چی ئەوانەی پادشایی بوون یان خۆیان بە کۆماری ناساندوە، ئەزمونێکی دێمۆکراسی تەندروست نابینی. رەنگە لە هەندێك لەو ماوانەدا، لێرو لەوێ، جیاوازی هەبوە و لە هەندێ سەردەمیشدا وڵات ئارامتر و هەندێ کاتیش هەندێ ریفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بەڕێوەچوبێ، بەڵام وڵاتەکە هەرگیز ئەزمونێکی دێمۆکراسی سەقامگیری نەبووە. لێرەدا من کۆکم لەگەڵ ئەوەی ئینگلیهارت ( Inglehart ١٩٩٩, p. ٩٨) پێی دەڵی رادەی سەقامگیری دێمۆکراسی کە مەبەست لێی ژمارەی ئەو ساڵانەیە کە سیستەمێکی دێمۆکراسی لە کۆمەڵگایەکدا باڵادەست و سەقامگیر دەبێ. چەندەی تەمەنی ئەو دێمۆکراسیە



درێژتربێ ئەوەندە دەرفەتی سەقامگیری و بەهێزی ئەو دێمۆکراسیە زیاترە. عێراق هەرگیز نەك سیستەمێکی دێمۆکراتی نەبووە، بەڵکو ئەگەر سیستەمێکی نیمچە دێمۆکراسیشی لە هەندێ قۆناغدا هەبوبێ، ئەوا هەرگیز سیستەمێکی تەمەندرێژ نەبوە. ئەو پچرپچربون و هەڵبەزودابەزە خێراو تیژانە زۆر بە توندی کاریگەی نەرێنی بەسەر دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی دێمۆکرات هەبووە لەو وڵاتەدا.

وێنەیەکی زۆر درەوشاوەش لەوبارەوە لە هەرێمی کوردستانی دوای ساڵی ١٩٩١ نابینین. لەنێو کۆی ئەو هۆکارانەی کە پرۆسەی دێمۆکراتیزەکردنی هەرێمی هێواش و لە هەندێ شوێنیشدا رەنگە پەکخستبێ، مەسەلەی نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی بەهێزە. زۆر ئەستەمە بیر لە دێمۆکراسی بکەیەوە بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و بەهێز. نەبونی ئۆپۆزسیۆن وایکردوە کە ئێمە نەتوانین فێری متمانەکردن بە ئۆپۆزسیۆن و قەبوڵکردن و پاشانیش لێبوردەبین لەگەلیدا. متمانەکردن بە ئۆپۆزسیۆن پێویستی بە راهێنانی درێژخایەنە لەسەر دێمۆکراسی. لە ئامادەنەبونی ئەو راهێنانەدا ئەو متمانەیە بەدەستنایەت. دەکرا یەکێك لەو میکانیزمانەی کە کەڵکی لێوەرگیرابا لەو ماوەیدا، بەڕێوەچوونی رێکوپێك، و خولیانە، و خاوێن، و شەفافانەی* هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانبا. دەکرا، بەهۆی ئەو هەڵبژاردنانەوە، چەند جارێك ئاڵوگۆری ئاشتیانەی هێزمان دیتبا وە لەوەوە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆن ئاڵوگورکرابا.

---

* فیلیب شمیتەر و تێری کارل لە وتارەکەیاندا "دێمۆکراسی چیەو ...چی نیە" پێیانوایە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان ببنە کۆڵەگەیەکی هەر سیستەمێکی دێمۆکراسی پێویستە بەدامەزراوەیی بوبن. مەبەستیش لە بەدامەزراوەیبوونی هەڵبژاردنەکان بریتیە لەوەی کە پێویستە هەڵبژاردنەکان بە باشی رێکخرابن و لە ماوەی دیاریکراودا دوبارە ببنەوە. هەروەها پێویستە لە رووی رێوشوێن و دەرئەنجامەکانیشیان خاوێن و شەفافبن (Schmitter and Karl ١٩٩٦, p. ٥٢).

متمانە بە ئۆپۆزسیۆن دروستنابێ، ئەگەر دەرفەت بەو ئۆپۆزسیۆنە نەدرێ کە جلەوی فەرمانڕەوایی بگرێتەدەست و پاشان روون نەبێتەوە کە ئەو ئۆپۆزسیۆنە بە کام ئەجێندا کاردەکا. کێشەیەکی زۆر گەورەی دیمۆکراسی لە ولاتی ئێمەدا ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزمان نەبوە و ئەگەر، بەشێوەیەکیش لە شێوەکان، هەندێ شێوەی ئۆپۆزسیۆنمانە هەبوبێ، ئەوا هەرگیز ئەو ئۆپۆزسیۆنە تاقینەکراوەتەوە. ئەم راستیە وایکردوە کە هەمیشە بە گومانەوە لە ئەجێندای ئۆپۆزسیۆن بڕوانرێ. بەرلەوەی لە هیچ ساتێکدا ئۆپۆزسیۆن گەیشتبێتە دەسەلات هەمیشە گومان هەبوە لەو ئەجێندایەی کە دەیهەوێ پیادەی بکا. ئۆپۆزسیۆن هەمیشە واسەیردەکرێ کە ئەگەر هێزی هەبێ دودڵ نابێ لە سزادانی جۆراوجۆری لایەنگرایانی فەرمانڕەوایان. بیرۆکەی ئۆپۆزسیۆن لە کۆمەڵگای کوردستاندا بە توندی بەستراوەتەوە بە چەمکی تۆڵەسەندنەوە. کەی ئۆپۆزسیۆن بە دەسەلات بگا، وا گومان دەکرێ، دەستدەکا بە تۆڵەسەندنەوە، لایەنگرانی دەسەلاتدارانی پێشوو لە پۆستەکانیان دەردەکاو تێکرای ئیمتیازاتەکانیان لێدەسێنێتەوە و لە شوێنی ئەوان لایەنگرانی خۆی دادەمەزرێنی و دەسکەوتیان پێدەبەخشێ.

ئەو گومان و بێمتمانەییە قوڵە بە ئۆپۆزسیۆن لەمپەرێکی گەورەی فیکری و سیاسیە لەبەردەم بەرجەستەبوونی لێبوردەیی لە کۆمەڵگای عێراقی و کۆمەڵگای کوردستاندا. ئامادەنەبوونی چەمکی "ئۆپۆزسیۆنی وەفادار" وەك ئەوەی ئینگلیهارت باسی لێوەدەکا مەترسیە بۆ لێبوردەیی. ئۆپوزسیۆنی وەفادار متمانەیە بەو بەرامبەرەی کە خاوەن ئەجێندایەکی جیاوازە لە تۆ، بەلام ئەو ئەجێندایە نیشتمانیە. هەرگیز هەولّی دورخستنەوە، و تۆڵەسەندنەوە، و لەناوبردنی تۆ نادا، بەڵکو دەیهەوێ ولات بە رێگایەکی جیاواز یان بە فەلسەفەیەکی جیاواز بەڕێوەببات.



**دەرئەنجام:**

پەیوەندی متمانە و لێبوردەیی لە کۆمەڵگای عێراقی و کوردستانیشدا دەبێ لە دوو چوارچێوەی گشتیدا لێکبدرێتەوە: چوارچێوەی یەکەم ئەو راستیەیە کە کۆمەڵگا تا ئێستاش نەیتوانیوە خۆی لە پاشماوەو سنوربەندیەکانی کۆمەڵگای نەریتی دەربازبکا و بەرەو پەیوەندی و تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن بڕوات. چوارچێوەی دووەمیش خۆی لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگایەك دەبینێتەوە کە خاوەنی نەریتێکی مێژوویی دێمۆکراسی نیە، بەلام بەناو پرۆسەیەکی گواستنەوە بەرەو دێمۆکراسیدا دەروات و بەرەورووی ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی دێمۆکراسیەکی سەقامگیر بۆتەوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ چوارچێوەی یەکەمدا، متمانە نەیتوانیوە لە جۆری متمانەی گشتی بێ. متمانەی تایبەت بالادەستەو خەڵکان، لە زۆربەی بارەکاندا، ناتوانن لە سنوری گروپە سەرەتاییەکانیان دەربازبن و متمانە بەو کەسانە بکەن کە لەدەرەوەی ئەو گروپانەدان. ئەم راستیە وایکردوە کە نەریتە مەدەنیەکان و گیانی هاوکاری و پێکەوەکارکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا و لێبوردەیی لاوازبێ. هەر بەو ئاراستەیە، کۆمەڵگا کۆمەڵگایەکی تائیفیە، دابەشبوونە ئێتنیکیەکان زۆر زەقن و ئەو چوارچێوە مێژوویی_سیاسیەی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆکردۆتەوە بێمتمانەیەکی دولایەنەی قوڵی دروستکردوە کە ئەویش بە رۆڵی خۆی بوەتە کۆسپێك بۆ بلاوبونەوەی لێبوردەیی لەو کۆمەڵگایەدا.

سەبارەت بە چوارچێوەی دووەم، دەکرێ ئەوە بوترێ، کە لەو کۆمەڵگایەدا نەبوونی راهێنانی دێمۆکراسی جۆرێك لە ئۆپۆزسیۆنی لاوازی تاقینەکراوەی بەرهەمهێناوە کە هەمیشە بە گومانەوە سەیری ئەجێندا و پلانەکانی دەکرێ. رەنگە ئەم کێشەیە، لە زۆر باردا، تایبەتمەندیەکی سروشتی ئەو کۆمەڵگایانەبێ کە تازە سەردەمی دیکتاتۆریەتیان بەجێهێشتوەو بە قۆناغی گواستنەوە بەرەو دیموکراسیدا دەڕۆن. بێمتمانەیی بە ئۆپۆزسیۆن بێگومان نالیبۆردەیی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بەرهەم دێنێ.

ئێمە سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتیمان هەیە کە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی، پشتدەبەستێ بە متمانەی تایبەت کە لەسنوری گروپە سەرەتایی و ئێتنیکیەکان تێپەرناکا و توشی بێمتمانەییەکی قوڵ هاتووین سەبارەت بەو کەسانەی هاوشێوەی ئێمە بیرناکەنەوە و ئەجێندای جیاواز لە ئێمەیان هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەو ئەجێندایەش لە دژی ئێمە نەبێ.

## بیبلیۆگرافیا:


Badescu, G. & Uslaner, E. M. (eds), ٢٠٠٣, *Social Capital and the Transition to Democracy*, Routledge, London and New York.

Coleman, J. S. ١٩٩٠, *Foundations of Social Theory*, The Belknap Press of Harvard University Press, Cambridge, Massachusetts, and London, England.

Costa, R.L. ٢٠٠٦, "The Logic of Practices in Bourdieu", in *Current Sociology*, ٥٤; ٨٧٣, SAGE Publications.

Fukuyama, F. ١٩٩٥, *Trust The Social Virtues And The Creation of prosperity*, Free Press Paperback, New York.

Inglehart, R. ١٩٩٩, "Trust, Well-being and Democracy", in *Democracy and Trust*, Warren, M. E. (ed), university of Cambridge, UK.

Jenkins, R. ٢٠٠٦, *Pierre Bourdieu*, fifth edition, Routledge Taylor & Francis Group, London & New York.

Lin, N. ٢٠٠١, *Social Capital A Theory of Social Structure and Action*, Cambridge University Press, USA.





Mouritsen, P. ٢٠٠٣, "What is the Civil in Civil Society? Robert Putnam, Italy and the Republican Tradition", in *Political Studies*, Vol. ٥١.

Paxton, P. ٢٠٠٢, "Social Capital and Democracy: An Interdependent Relationship", in *American Sociological Review*, Vol. ٦٧, No. ٢.

Portes, A. ١٩٩٨, "Social Capital: Its Origins and Applications in Modern Sociology", in *Annual Review of Sociology*, Vol. ٢٤.

Putnam, R. ١٩٩٣, *Making Democracy work*, Princeton University Press, USA.

________, ١٩٩٥, "Tuning In, Tuning Out: The Strange Disappearance of Social Capital in America", in *Political Science and Politics*, Vol. ٢٨, No. ٤.

________, ٢٠٠٠, *Bowling Alone the Collapse and Revival of American Community*, SIMON SCHUSTER PAPERBACKS, New York.

Schmitter, P. C. & Karl, T. ١٩٩٦, "What Democracy Is… and Is Not", in *The Global Resurgence of Democracy*, Diamond, L. & Plattner, M. (eds), Second Edition, John Hopkins University Press and National Endowment for Democracy.

Wacquant, L. ٢٠٠٢, "Pierre Bourdieu", in *Key Sociological Thinkers*, Stones, R. (ed.), Palgrave.

## لێبووردەیی و ئەندازیاری

## گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر و ڕەخنەگرێکی ئەندازیار
## تەیب جەبار

**پرسیار ١/ دەکرێت بزانین چاککردنەوەی ڕێگـا و بـان و بزوتنـەوەی تەلارسازی زەمینە دەخولقێنیت بۆ دروست بوونی لێبوردەیی لە لای مرۆڤ ؟**

وەڵام // من لـە پرسـیارەکە وا تێدەگـەم ، کـە ئێـوە مەبەسـتان لـە پەیوەندی نیوان شار و مرۆڤ بێت و دەوری شار لە خولڤاندنی مرۆڤی لێبوردە . بێگومان شار ، گەڕەك ، خانوو ........هتد . دەوری گرنگی هەیـە لـە خولڤاندنی مرۆڤی لێبـوردە یـاخود شـەرانگێز . چـاککردن و ڕێکخـستنی شەقام و شۆستە و کۆلاَن و فولکە و یەکتربڕ و دروست کردنـی باڵەخانـەی تازە و چاککردنی بازاڕی کۆن و ........هتد . ئەمانە هەموو کار دەکەنـە سەر باری دەرونی مرۆڤ .

شار شوێنە ، شوێن ڕۆڵی زۆر گرنگ دەبینێت لە ژیانی مرۆڤدا ، بەڵام بە داخەوە لای ئێمە تا ئێستاش بایەخی پێنادرێت و هەر باسیش ناکرێت ، بەهێزترین مەودای بیرکردنەوە لای خـەڵك و سـەرکردە و رۆشـنبیری ئێمـە مەودای سیاسەت و مێژوو و ئەدەب و هونـەرە ، بـەڵام بیرکردنـەوە لـە مەودای کات و شوێن و جوگرافیا و ژینگە و شار و زانست و کۆمەڵگە و ....هتد، پشتگوێ خراوە و ونە . شـوێن بەشـێکە لـە سروشـت ، مـرۆڤ دەستکاری دەکا بۆ خۆپاراستن و ئاسودەیی دەرونی و بەرژەوەنـدی مـادی خۆی .ئەگەر زانستیانە دەستکاری نەکات ، خراپ دەشکێتەوە ، تێکدان و



دەستکاری کردنی سروشت ، کارێکە وریایی دەوێت ، بۆ نمونە لە سروشتدا ( مەبەستم تۆپوگرافیای زەویە ) هێڵی راست نیە ، بەڵام کە مرۆڤ دەستکاری دەکات بۆ مەبەستی خۆی بە دروست کردنی هێڵی راست و قەبارەی رێك و پێك ، ئەگەر ئەو هێڵە راست و قەبارەیە مەبەستی خۆی نەپێکێت دەبێتـە هۆی تێکدانی سروشت و زیان گەیاندن بە مرۆڤ و دروسـت بـوونی مرۆڤـی شەرانگێز و تێکچونی تەرازوی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت ، مرۆڤ بە بێ سروشت ناتوانێت بژێ ، چونکە سروشـت سەرچـاوەی ژیـانی مرۆڤـە و پێویستە مرۆڤ زانستیانە و ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات . یـەکێك لـەو مەبەسـتانەی کـە مـرۆڤ لـە پیناویـدا دەسـتکاری سروشـت دەکـات ، دروستکردنی شارە ، شـار شـوێنی حەوانـەوە وئـیش کـردن و ئەنجامـدانی چالاکی مرۆڤانەی خەڵکێکی زۆرە. لە بەر ئەوە پێویستە شار بـە پـلان و زانست دروست بکرێت بۆ ئەوەی خەڵك ئاسودە و ئـارام بـژێیت ولەگەڵیـدا نەکەوێتە ململانێ . شاری ئاڵۆز ، گەڕەکی خوار و خێچ ، خانووی تەنگەبەر ، مرۆڤی شەرانگێز دەخولقێنێت . بەڵام شار و گەرەك و خانووی رێك و پێك و فراوان و جوان و ئەندازەیی بە پێی پلان دروستکراو ، خەڵکەکەی زیـاتر لێبوردە دەبێت . تۆ تەماشاکە روحی لیبوردەیی لای خەڵکی گەڕەکی نارێك کەمە . بەڵام لای خەڵکی گەڕەکی رێـك و پێـك و جـوان و کـراوە زیـاترە .پیاسە کردن بە شەقامی نارێك و شۆستەی پڕ چاڵ و چۆڵ و بەرز و نـزم ، مرۆڤ دەخاتە حاڵەتێکی دەروونی خراپ و تورەوە ، بەڵام پیاسە کـردن بـە شەقامی راست و شۆستەی تەخت و فراوان و پڕ درەخت مرۆڤ ئاسودە دەکات و باری دەروونـی هـێمن و لێبـوردە و دڵخۆشـیش دەبێـت . هـەروەها بـۆ سەرجەمی شوێنەکانی شار و باڵەخانە و خانووش ، لای ئێمە بایەخ بە جۆر و مەودای بینین ، جوڵەی دەست و قـاچ ، جوڵـەی شـان و مـل و لـەش و

......هتد ، نادرێت . مرۆڤ لە ماڵەوە هەمیشە هەوڵدەدات ماڵەکەی وا ڕێکبخات کە هەر پێنج هەستی ئاسودە بێت ، لەگەڵ ئاسانی جوڵە و هات وچۆی ناو ماڵ . پێویستە شاریش وا دروست بکرێت کە مرۆڤ هەر پێنج هەستی تیا ئاسودە بێت لەگەڵ ئاسانی جوڵە و هات و چۆ ، بۆ ئەوەی خەڵکەکەی ئارام و هێمن و لێبوردە بن .

**پرسیار ٢/ چەمکی لێبوردەیی ڕەنگە لە رووکەشدا بە دوری ببینین ، لە چەمکی ئەندازیاری و کار و بارەکانی تەلارسازی بە گشتی ، بەلاّم لە راستیدا بوارێك هەیە پێی دەڵێن ئەندازیاری بینین ( الهندسە البصریە) لێرەوە پەیوەندی لە نیوانیان دروست دەبێت . دەکرێت لەم بارەیەوەش بدوێیت ؟**

وەلاّم // چەمکی لێبوردەیی و چەمکی ئەندازیاری زۆر نزیکن لە یەکەوە و زۆریش کار لەیەکتر دەکەن ، چونکە مرۆڤ و سروشت و شوێن بەردەوام پیکەوەن و پەیوەنیەکی توند وتۆڵ لە نیوانیاندایە ،لە بەر ئەوەی ئەگەر بە روکەش دوور بن بەلاّم لە راستیدا ئاوێتەی یەکترن . وەك وتم پێویستە لە شاردا هەستەکانی مرۆڤ ئاسودە بن ، کە ( چاو ) یەکێکە لەو هەستانە ، پێویستە شار وا ڕێکبخرێت و برازێنرێتەوە کە چاوی مرۆڤ ئازار نەدات و هەست بە ئاسودەیی بکات . جا چ لە بواری رەنگ و روبەر بێت یاخود بەرزی و نزمی یاخود پێچ و گۆشە ......... هتد . ئێستا ئێمە هەموومان لە شارەکانمدا چاومان ماندوە بێ ئەوەی درکی پێ بکەین ، چونکە ئەو رەنگ و روبەرە نارێك و تێکچرژاوەی تابلۆی بازار و دوکان و ریکلام وعەمود و وایەر و ......هتد. هەروەها روبەری ناشرینی روکاری زۆربەی بازاڕ و بیناکانمان ، پێی را هاتووین ، ئەگینا شار نابێت بەو شێوەیە بێت . مرۆڤ لە ماڵەوە هەمیشە روبەرەکانی ژوور و راڕەو و سەقفی خانوەکەی



ڕێکدەخات و بە تابلۆ و شتی جوان و رەنگی هێمن و هارمۆنی دەیرازێنێتەوە ، پێویستە شاریش هەروا بێت . چونکە شار ماڵی هەموو خەڵکەکەیەتی .

**پرسیار ٣/ دەکرێ لە ڕێگەی فۆرمی خانوو و رەنگەکانی لە رادەی لێبوردەیی و توند و تیژی کەسەکان هەڵسەنگێنین ؟**

وەلاّم // بێگومان . مرۆڤی توند و تیژ و پەلە پەلکەر و رارا هەمیشە ئیش و کارەکانی رەنگدانەوەی باری دەرونی پێوە دیارە . بە ئەنجامدانی رەنگی تێکچرژاو و خانووی خوار و خێچ و روبەری زبر و نارێك . بەلاّم بە درێژایی مێژوو و ئێستاشی لەگەڵدا بێت ، نەبووە لە ولاّتێکدا هەموو خەڵکەکەی ئەندازیار و شێوەکار بن ، تاکو فۆرمی خانوو و رەنگەکانی ڕێك و پێك و هارمونی و ئاسودە بەخش بن ، بۆیە پێویستە بۆ جێ بەجێ کردن و سازاندنی ئەو بوارانەی شار و گەڕەك و خانوو پرس و راوێژ بە خەڵکی پسپۆر و شارەزا بکرێت . ئێستا لە ولاّتانی پێشکەوتوو هیچ کەسێك لە خۆیەوە ناتوانێت روکار و رەنگی خانوەکەی ، باڵەخانەکەی ، دوکانەکەی لە خۆیەوە دابنێ یان بگۆڕی ، تەنانەت زیاد کردن و کەمکردنی گڵۆپێکیش ، هەروەها گۆرینی چەشنی درەختی ناو حەوشە و بەر خانوەکەشی بۆ ئەوەی هارمۆنیەت تێك نەچێ و کار نەکاتە سەر دەروونی مرۆڤ و مرۆڤی لێبوردە بخولقێت . بەلاّم لای ئێمە وا نییە ، هێشتا دەستیشمان پێ نەکردووە . لە بەر ئەوە ئێمە هەمیشە مرۆڤی شەرانگێزمان زیاترە لە مرۆڤی لێبوردە . زمانی گفت و گۆ و لە یەك تێگەیشتن و قبولّ کردنی رای بەرامبەر و داننان بە هەڵە و داوای لێبوردن و بەخشندەیی کەمە .لای ئێمە یاسای هەموو بوارێك ئەوەندە کاری پێ ناکرێت ، تەنانەت بۆ ڕێکخستنی شار و ولاّت جگە لە ماستەر پلان کە وەك دەستوری شار و ولاّتە ، لە هەموو ولاّتێکدا

یاسایەك هەیە پێ دەوترێت یاسای ( محددات البناو و الانشاو ) کە ئێمە هەر نیمانە ، جگە لە وردە رێنمایەکی شارەوانی نەبێت .

**پرسیار ٤/ رێکخستنی بواری تەلارسازی بە چی شێوازێك دەکرێت ؟ چۆن خۆی دەپارێزێ لە شێواندن ؟**

وەلاّم // وەك لە سەرەوە وتم ، ئێمە هێشتا دەستمان پێ نەکردووە بۆ رێکخستنی بواری تەلارسازی لە شارەکاندا کە پێویستە یاسا و رێنمایی بۆ هەموو بوارەکانی شار دابنرێت ، نەك هەرکەسە یان ئەنجومەنی شارێك بە ئارەزووی خۆی شارەکەی رێکبخات بێ گەڕانەوە بۆ یاسا و رێنمایی گشتی کە پێویستە پەرلەمان و حکومەت دایرێژێت . بۆ نمونە ئێستا لە دەیان شوێنی شارەکانی ئێمەدا دەبینین دوو باڵەخانە بە تەنیشت یەکەوەیە ، یەکێکیان چوار قاتە ئەویتریان حەوت قاتە ، یاخود بینایەکی شەش قات بە تەنیشت دە خانووی نیشتەنی یەك قاتەوەیە . ئەمە کار دەکاتە سەر چاو و بینینی ئێمە ، هەروەها کار دەکاتە سەر باری دەرونیشمان . ئێمە نەخشەی بنەڕەتی شارەکانمان نارێکە و تەعلیمات و مواسەفاتی شارەوانیش لەو ئاستەدا نیيە کە شاری نمونەیی دروست بکەین و لە زۆر شاردا هەر کاریشی پێ ناکرێت . بۆ نمونە بەرزی بینا پەیوەندی بە پانی شەقامەوە هەیە ، کە ئەمەش لە هاوکێشەی گۆشەی ئاستی بینینی چاوەوە حیسابی بۆ دەکرێت ، بێگومان ئەمە لەو شەقامانەی بیناکانی بە تەنیشت یەکەوەیە و بەردەوامە نەك لە شوێنە کراوەکاندا ، بەلاّم لای ئێمە قەت کاری پێناکرێت . لێرەدا قسەیەکی بیریار و جوانناس ( هینری لۆفیفەر ) م بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێ : لە دوای جەنگی دووەمی جیهان ، کێ شاری رێك و پێك و جوانی دروست کرد ، ئەو ژیانی بردەوە . هەروەها بۆ نمونە پانی شۆستە لە شەقامێکی (٣٠)م لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازە تەنانەت لە یەك شاریشدا پانی



شۆستە و قیرتاو و جەزرەی ناوەڕاست لە شەقامێکی (٣٠)م بۆ شەقامێکی (٣٠)م تر جیاوازە ، کە نابێ وا بێت .لای ئێمە کە خانوو و باڵەخانە دروست دەکرێت زۆر کەم بیر لە روناکی ، سێبەر , خۆرەتاو ، جوڵەی با ، سەوزایی ...... هتد دەکرێتەوە . ئێستا لە ولاّتانی پێشکەوتوو لێکۆڵینەوە لە سەر پانی و درێژی و بەرزی ژووری نوستن ، دانیشتن ، خواردن .....هتد ، هەروەها رۆڵی دەرگا ، پەنجەرە ، دیوار ، رەنگ ، روبەر ......هتد دەکەن و کاریگەریان لەسەر دەرونی مرۆڤ ، هەروەها ژووری ئوتێل راڕەو ، شێوەی بازاڕ وگەورە و بچوکی و قەرەباڵەغی و بینای قوتابخانە و فەرمانگە و ....... هتد . من لێکۆڵینەوەیەکم لایە باسی ئەوە دەکات لە ولاّتی ( یابان ) کە ولاّتێکی پێشکەوتووە لە (٧٠٪)ی ئەوانەی توشی نەخۆشی شەکرە و کولیسترۆل دەبن هۆکارەکەی قەرەباڵەغی هات وچۆیە . پێویستە ئێمە چاو بە زۆر شتدا بخشێنینەوە بۆ نمونە پارچە زەوی (٢٠٠)م (١٠م ×٢٠م ) بە لای منەوە سەقتترین روبەری زەویە بۆ دروست کردنی خانووی نیشتەنی لەبەر زۆر هۆکار کە لێرەدا باس ناکرێت . بۆ وەلاّمی بەشی دووەمی پرسیارەکە ، کە چۆن تەلار سازی دەپارێزی لە شێواندن ؟ ئەوە وەلاّمێکی دوور و درێژی دەوێ . لەوانەیە بابەتی کتێبێك بێت . داوای لێبوردن دەکەم.

**پرسیار ٥/ کاتێك شێوازی ئەندازیاری ولاّتێك بە گشتی دەشێویندرێت و بە هەرەمەکی دروست دەبێت ، چۆن دەکرێت چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت ؟ تا چەند ئەمەش کاریگەری نەگەتیڤی دەبێت لە سەر پرۆسەی لێبوردەیی؟**

وەلاّم// خۆی راستە شێوازی ئەندازیاری ولاّت و شارەکانی ئێمە شێواوە و بەهەرەمەکیش دروست دەبێت ، چونکە ئێمە ماستەر پلانی ولاّتمان نیە ،

ماستەر پلانی کۆنی شارەکانیش بە ڕێك و پێکی جێ بە جێ نەکراوە و شاروچکەکانمان هیچی ماستەر پلانی نیە و بەهەڕەمەکی گەورە دەبن . ئێستا خەریکین ماستەر پلانی نوێ دروست دەکەین بۆ شارەکان ، بەلاّم ئایە ئەو ئیرادەیەمان هەیە بە ڕێك و پێکی جێ بەجێ بکەین و یاسای (محددات البناو و الانشاو ) دابنەین ؟ ئێستا ئەگەر بڕۆینە دەرەوەی شارەکان دەبێنین چۆن هەڕەمەکی و دڕندانە پەلاماری سروشتمان داوە ، بڕۆ سەیری ڕێگای ( سلێمانی — چوارتا ) و ڕێگای ( سلێمانی — کەرکوك ) و ڕێگای ( هەولێر — مەسیف ) و ڕێگای ( هەولێر — مەفرەقی گۆمە سپان ) وڕێگای ( کەرکوك — پردێ ) بکە چۆن هەمووی بۆتە تەلبەند و خانووی ناشرین و نارێك و بە بێ پلان و هەر کەسە بۆ خۆی تەنانەت لە هەندێ شوێن تەلبەند گەیشتۆتە سەر شۆستەی ڕێگاکان ، ئەو هەموو گردە قوت و جوانانەیان تێکداوە و ڕێگایەکی سەقەتی ناشرینیان بۆ کردووە و خانویەکی خوار و خێچیان لێ دروست کردووە ، سەرباری دەیان کارگە و چێشتخانەی بێ مواسەفات و نا تەندروست و کە هەمووی تەجاوزە بۆ سەر موحەرماتی ڕێگا و پیس کردنی ژینگە و بینین و کۆت و بەند کردنی جولاّنەوەی مرۆڤ و تەنانەت ئاژەلی مالّی و کێویش . بۆ ناو شار و فراوان کردنی شارەکانیش ئەوە خۆتان دەبینن شارەکان هەمووی شێوەی لادێیی گەورەی وەرگرتووە . شارەکانی ئێمە جاران بەخشندە و لێبوردە خولّقێنەر بوون ، سادە بوون وەك سادەیی خەلّکەکەی .سروشت بەو شێوەیەی ئێستا تێك نەدرا بوو چونکە ئەوسا ئامێری پێشکەوتوو نەبوو بەلاّم ئێستا ئامێری پێشکەوتوو هەیە و بە هەلّە بەکاری دەهێنین و سروشت و شارەکانمانی پێ تێك دەدەین. لەم سالاّنەی دواییدا شارەکانمان گەورە بوون و هەندێك شوێنی باشە و زۆری شێواوە ، پێویستە چاکی بکەین و بیگونجێنین لەگەلّ مواسەفاتی شاردا و



چاو بە نەخشەی بنەڕەتی شارەکاندا بخشێنینەوە و ئەو شارانەی نەخشەی بنەڕەتیان نیە بۆیان بکرێت ، هەروەها پێویستە تەعلیماتی تازە ( محددات البناو و الانشاو ) بۆ ولاّتەکەمان دا بنێن . ئەو فراوانبوونەی ئێستا لە شارەکاندا دەکرێ زۆر بێ سەر و بەرە ، ئەگەر وریا نەبین شارەکانمان دەبن بە لادێی گەورە کە ژیان تیایدا ناخۆش و نارەحەت دەبێت. بۆیە زۆر پێویستە پرس و ڕاوێژ لەگەلّ پسپۆڕانی خۆمالّی و بیانی بکرێت بۆ ئەوەی شارەکانمان نمونەیی و بە پێی مواسەفاتی ئەندازەیی دروست بکرێن ، تاکو ئاسودەیی و هێمنی بۆ خەلّکەکەی فەراهەم بکات و لێبوردەیی بخولّقێنێت . چونکە وەك لە سەرەوە وتم شاری خوار و خێچ مرۆڤی خوار وخێچ دروست دەکات وشەرانگێز دەردەچێت .

٢٠٠٩/٢/١٧

## دیوارەکان لێمدەدەن

**سەرنجێك لە سەر پەیوەندی توندوتیژی بە بیناسازی یەوە (هۆتێل وەك نمونە)**

ن: جمیلە برکاش

وەرگێڕان و ئامادەکردن: رابەر تەلعەت

نوسەری ئەم وتارە لەو پەیوەندییە دەکۆڵێتەوە کە لە نێوان توندوتیژی و بیناسازی دا هەیە، پەیوەندییەك کە وەك نوسەر دەڵێت وایکردووە دیوارەکان لەو ریزە خشتە وشك و کەڵەکە بوانەی کە لەسەر یەك دانراون زیاتر بن. لێرەدا دیوار لە بیناسازی باڵەخانە و هۆتێلەکان دا جگە لەوەی پێکهاتەیەکی سەرەکی یە، دواجار وەکو جەلادێکیش بە سەر خەڵك و سەرنشینانی ناو ئەو هوتێل وباڵەخانەیەدا رۆڵ دەگێرێت کە سەرەنجام وەزیفەی بیناسازی و هۆتێل بۆ ئەو شتە دەگۆڕێت کە لە بنەرەتەوە وەزیفەی ئەو نەبووە و بەو مەبەستەش دروست نەکراوە. بۆ زیاتر روونکردنەوەی سروشتی ئەم پەیوەندییەش نوسەر سەرنجمان بۆ لای هۆتێل وەك نمونەیەکی زەق لە بیناسازیی شارەکاندا رادەکێشێت، ئەو شوێنەش کە لە نێو ئەو پەیوەندییەدا لێی دەکۆڵێتەوە، هۆتێلێکە لە شارێکی وڵاتی مەغریب و بە پێی وتەی نوسەر ناسنامەی ئەو شارە بۆ ماوەیەکی کاتی بە نادیاری دەمێنێتەوە، ناوی هۆتێلەکەش دەنێت **ئازادی..**

خودی ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە سەر دوو خاڵی سەرەکی داکۆکی دەکات: یەکەمیان راڤەکردنێکی بەرجەستەی هۆتێل **ئازادی** و رووبەری ژوورەکانی ناوەوەی کە خۆیان لە دوو مەتر چوارگۆشە دەدەن، دووەمیان بەرجەستەکردنی رەهەندێکی خەیاڵی ، هەروەها راستەقینەو کردارەکیانە، بۆ دانیشتوانی ناو هۆتێلەکە .



ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە خوێنەری کورد بتوانێت خەیاڵی لە پاڵ خەیاڵی نوسەر بخاتە کار و هەندێك هۆتێل و باڵەخانەی نیشتەجێبوون ( الشقق السکنیە) لە کوردستاندا بێنێتە پێش چاوی خۆی کە مێژووی دروست بوونی زۆربەیان دەگەرێتەوە بۆ سەرەتا و ناوەراستی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو.

و لە هەندێکیان دا بە ئاشکرا ئاماژەکانی ئەو پەیوەنییە دەردەکەوێت کە لە نێوان توند و تیژی و بینا سازیدا هەیە و کەم و زۆر بەدەر نین لەو فەزا کۆمەڵایەتیەی نوسەر لە هۆتێل **ئازادی** دا وێنای کردووە.

### مەسەلەی پێناسەکردن :

ئەم وتارە شیکردنەوەیەکە لە سەر پەیوەندیی توندوتیژی لەگەڵ بیناسازی، کە پەیوەندییەکی ئاڵۆزە و لە یەك کات دا و لە پاڵ دوو ریتم لە پەیوەندیی بوونی کۆمەڵایەتی بە دەوروبەرە ماددی و رەمزییەکەیەوە، ئەم دوو دەستەواژە گرنگە لە خۆی دا کۆدەکاتەوە.

چۆن دەتوانین بیسەلمێنین کە پەیوەندییەکی دیاریکراو لە نێوان ئەم دوو پێکهاتەیەدا هەیە: توندوتیژی و بیناسازی ؟ گەر بێتو ئەو حاڵەتانە وەلا بنێین کە تیایدا توندوتیژی لە جێبەجێکردنی ئەندازیاریی بیناسازی دا بە دەردەکەوێت ، بۆ نمونە حاڵەتی گرتوخانەکان و گرتوخانە نهێنیەکان و گرتوخانە گەورەکانی نازی و سەهیۆنیەکان، چونکە لەم حاڵەتانەی دواییدا کە ئاماژەمان پێکردن ئەم ئەندازیاری و بینایانە بە دەرکەوتوویی لە نێو بونیادی کۆمەلایەتی دا دەمێننەوە و شوێن و پێگەیان زانراوە و بەناوبانگن، هەروەها کۆمەڵێك ئامرازی ماددین و شێوازی جۆراوجۆر وەخۆ دەگرن لە پەیڕەو کردنی توندوتیژی ماددی و رەمزی دا بە دیوێکی کەشدا بۆ چەند بوارێکی ئازرا و ئەشکەنجەدان دەگۆڕێن.

ئەم شوێنانە هەر لەرووی ئەندازیاریی بیناسازیشەوە بە شێوازێکی تایبەت بۆ پەیرەوکردنی **توندوییژیی شەرعی** دروستکراون کە زۆربەی بیرمەندان لە بونیادی کۆمەڵایەتی دا بە مەرجێکی پێویستی دەزانن و پێیانوایە دەتوانێت ئەمن و ئاسایشی سیستەمەکە بپارێزێت .

گرتوخانەکان بە ئاشکراو نهێنییەکانیشەوە بریتین لە بونیادێکی ئەندازیارییانەی ماددی کە بە لانی کەمەوە وەکو گرتوخانە هێندێك پێوەری تەکنیکی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ پاکوخاوێنی و تەندروستی و لایەنی ئەمنیی کە تایبەت کراون بە ئەندازیاریی گرتوخانە و زیندانەکان.

گرتوخانەکان کۆمەڵێك دامودەزگای سەر بە دەسەلاتن و بە گوێرەی نەخشەیەکی دارێژراو لە لایەن ئەو دەسەلاتەوە کاردەکەن و بە شێوەی ڕێکخستنێکی ورد و لە ژێر ناوی **توندوتیژیی شەرعی** دا درێژە بە پراکتیزەکردنی توندوتیژی دەدەن لە دژی تاك و گروپ.  هاتنەکایەوەشیان دەرئەنجامی پێشکەوتنێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی تایبەتییە کە هەر وەك **فۆکۆ** ئاماژەی بۆدەکات: ئەم دەزگایانە لە دایکبووی ڕێگوزەرییەکی مێژووین کە زیاتر و زیاتر بەرەو ئاراستەی کۆمەڵگایەکەی کۆنترۆڵکراودا دەڕوات.

ئاشکرایە کە هەموو ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی تەقلیدی یان مۆدێرن ، وەك ئەوەی **مارکس و  ویبەر و دورکهایم** ئاماژەیان بۆ کردووە، لە پێناو بەهێزکردنی خۆی و لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای و دووبارە خۆبەرهەمهێنانەوەدا، وەك پێویستییەك لە ناوەوەی خۆیدا پەنا دەباتە بەر دامەزراندنی دامودەزگاکان. ئەمەش وادەکات ئەو توندوتیژییەی ئەم ڕێکخستنانە لە کۆمەڵگادا پەیرەوی لێ دەکەن، بە رەوا بناسرێت و بە سەر هەموو ئەوانەدا بسەپێنرێت کە وا لە کۆنترۆڵ دەرچوون، جێبەجێکردنەکەشی لە



ڕێگای ئەو سەلماندن و پاساو و دادگایانەوە دەبێت کە هەمان سیستەمی کۆمەڵایەتی دایڕشتوون.

شوێنی پەیرەوی کردنی ئەم توندوتیژییانەش واتە **توندوتیژیی شەرعی،** ئەو دامودەزگایانەن کە لە بنەڕەتەوە بەم مەبەستە ساز و ئامادە کراون و لە گەڵ بنەما ئەمنی و قوزایی و تاوانکاریەکاندا. شێوازی ئەندازیاریی بەکارهێنراویان تێدا گونجێنراوە، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین ئەم دەزگا و دامەزراوانە، شوناسیان ئاشکرایە و ڕۆڵ و مەرجەعییەتیان دیار و بەرچاوە.

بەڵام چی لە بارەی ئەو شوێنانەوە بڵێین کە توندوتیژیان تێدا پەیرەو دەکرێت، ئەویش کە بە وەزیفەی ئەوان دانانرێت و بۆ ئەم مەبەستەش دروست نەکراون، و پەیڕەوی کردنی  توندوتیژی هیچ کات لە بەرنامەیاندا نەبووە؟

ئەم پرسیارە پاڵمان پێوە دەنێت بۆ بیرکردنەوەیەك کە بە دوورە لە پابەندێتییە سەرەتاییەکان، بۆ نمونە چۆن بیر لە پەیوەندیی توندوتیژی بە بیناسازی دەکەینەوە، لە حاڵەتی دروستکردنی بینایەکی تایبەتدا بۆ پێشوازی کردنی خەڵك و میوان، کە تیایدا بارودۆخەکە بە جۆرێك دەکەوێتەوە دەبینی خودی توندوتیژی خۆی دەبێتە بەشێك لەو میوانداریییە و لێی جیانابێتەوە، ئایە ئەمە پەیوەندییەکی هۆکارەکییە (السببیە)؟

یان وا **پێویست دەکات بە دوای چەند جۆرێکی دیکەی پەیوند یدا بگەڕێین بە ئاراستەی ئاقارە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و مێژووییەکاندا ؟**

بەم شێوەیە نوسەری بابەتەکە کۆمەڵێك پرسیار دەخاتە روو و هەوڵدەدات بە گرتنەبەری میتۆدێکی ئەقلانی، وەڵامێکی ورد بۆ پرسیارەکان بدۆزێتەوە. دەستنیشانکردنی پرسیار لای نوسەری ئەم بابەتە یەکێکە لە هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەکەی و پاشان وەك خۆی دەڵێت بەدوای وەڵامی وردەوەیە.

هەموو شوێنێك هەڵگری پێوەر و بەهاگەلێکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەو خەڵکانەش کە لەو شوێنەدا دەژین یان کاردەکەن درکیان بەمە کردووە و لەگەڵی دا ژیاون. لێرەدا گەر بێت و سەنتەری شار بە نمونە وەربگرین، دەبینین لەوێدا بەهاکان گوزارشت لە دەزگاو دامەزراوە دەست رۆیشتووەکان و دەسەڵاتێك دەکەن بە هەموو رەمز و بیناو باڵەخانەکانی ناوییەوە.بەلاّم گەربێت و رووبکەینە دەوروبەرو کەنارەکان ، ئەو ناوچانەی لە سەنتەری شارەوە دوورن، دەبینین لەوێدا چەند رەمز و نیشانەیەکی دیکە ئامادەییان هەیە و ئەندازییاری بیناسازیش تیایاندا بە هەمان شێوە جیاوازە، سەرباری ئەم جیاوازییەش هێشتا دەبینی دوور و نزیك لە ژێر چاودێری سەنتەری شاردایەو جێگای چاوتێبرینییەتی.

وە ئەگەر بێت و ئەندازیاری سەنتەری شار بە هێزی ئیرادەی دەسەڵات و رەمزەکانی ئەو دەسەڵاتە دابنرێت ، ئەوا ئەندازیاری بیناسازی دەوروبەری شار بە مەحکومکراوی دەمێنێتەوە بە دەست وێناکردنێکی دەسەڵات خوازانەو بابەتی،هەروەها بیروباوەرە وەزیفییەکانی و رەواییە ئابورییەکەی، لە پاڵ تەحەکومکردن بە ئیرادەی تاکەکانی ناوییەوە.

لەم چوارچێوەیەشدا دەتوانین دوو نمونە بهێنینە بەر چاوی خۆمان : نمونەیەك لە فەرەنسا کە بە **نیشتەجێبوونی ئابوری** ( HLM) ناسراوە، ئەویکەشیان لە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و بە **پرۆژە** (Projects ) ناسراوە. هەردوو نمونەکەش بە مەبەستی چارە سەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون هاتنەکایەوە ، بەلاّم لەسەربنەمای جیاکاری ، واتا خەڵکی سودمەند لەم نیشتەجێبونە ئەوانە بوون کە دەسەڵات و دامودەزگاکان لە دەرەوەی خۆیان حیسابیان بۆ دەکردن و بە بێگانەیان دادەنان جا ئەمە بە هۆی رەنگییانەوە بێت یان رەگەزییان یاخود دین یا ولاّتی بنەرەتییانەوە بێت.



بەم شێوە یە ئەو بیناو نشینگانە بوون بە جێگای کۆبوونەوە و کەڵەکە بوونی خەڵکی لە چوارچێوەی شورەیەکدا، خەڵکێك لە رووی رەگەز و کولتورییەوە لە نێوان خۆیاندا هاوشێوەن و لە بەرامبەر چینی خاوەن هەژموونی گۆمەڵگاشدا دژ و جیاوازن.

لە نێوان پلە بەندی کۆمەلاّیەتی و جیاکارییەکاندا بە جۆرێك ئەو پەیوەندییە دەدۆزینەوە کە لە بە کارهێنانی تەکنیکی و ئەندازییاریی و ئابوری تەرخانکراو بۆ پانتایی دیاریکراوی هەر باڵخانەیەك (شقە)دا تەسکی و بەرتەنگی خۆی دەردەخات، تاکو بە رووی هیچ ئاقارێکدا نەکرێتەوە، لێرەدا ئەو باڵەخانەو بینایانە لە سەنتەری شار و خزمەتگوزارییەکانی دادەبڕێن و بە سەر دانیشتوانەکەیدا زیاتر و زیاتر تەسك دەبنەوە و پێش بە هەرچەشنە کرانەوەیەك دەگرن.

لەو نمونەیاندا کە هەردوو یوێژەری ئەمەریکی واکانت( wacqant) و بۆرجوا (bourgeois)، لە توێژینەوەکانیاندا پێشکەشیان کردووە دەبینین کەوا چۆن رەگەزو رەنگ، لە کۆمەڵگای چینایەتی و رەگەزپەرستی ئەمریکیدا رۆڵی خۆیان دەگێرن بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی کە رەشن و بە رەگەز ئەمریکی نین لە گەڵ دانیشتوانە ئاساییە کەدا، هەروەك چۆن جیاکاری دە کرێت لە نێوان خودی ئەوانەشدا کەوا لە باشوری شیکاگۆ یاخود لە کۆمەڵگەی نیویۆرك دا نیشتەجێن، ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکە شەوە ژیانی ئەو خەڵکانە لەو شوێنانەدا کە دەبینی دانیشتوانی ئەم شوێنانە رۆژانە رووبەرووی شێوازە جۆربەجۆرەکانی نوندوتیژی دەبنەوە، خێزانەکان بە هۆی تاوانە جۆربەجۆرەکان و ماددە بێهۆشکەرەکان و باندەکانی مافییاوە رۆڵەکانی خۆیان لە دەست دەدەن، هەروەك دەرکەوتووە زۆرجار ئەو باندانەی مافییاکان خۆیان لە ناو خۆیاندا رۆڵی خێزانێك دەگێرن، سەرەرای بوونی ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانانەش کە دووچاری هەڵوەشاندنوە هاتوون.

حاڵی ئەم گەرەکانە یان وەك ئەوەی ئەمریکییەکان پێی دەڵێن (the projects) ئابەم شێوەیەیە، شانۆیەکن بۆ نمایشکردنی شێوازی جیاجیا لە توندوتیژی، بۆ هەموو ئەوەی لە دەرەوەی یاسادایەو بۆ هەموو ترسناکییەك.

گرتنە بەری ئەم ڕێرەوەش دەتوانین وەك پەرچەکردارێکی ریشەیی تەماشا بکەین لە لایەن ئەو شوێنانەوە بەرامبەر بە پشتگوێخستن و بە پەراوێزخستنییان لە لایەن مەرکەزەوە کە هەموو دەرەتانێکی لەبەردەمدا داخستوون و ماناکان لە دەرەوەی ئەوانەوە بەرهەمدەهێنرێت، سەرباری ئەمەش ئەم بیرکراو و لە پەراوێزکەوتوانە نایەڵن پرۆسەکە هەروا بە ئاسانی و بە سەردانواندنی تەواوەتی ئەوان بەرێوە بچێت، بەڵکو ئەوان لە رێگای پەیرەویکردن لە توندوتیژی لەناو خۆیاندا و بەرامبەر بەوانی دیکە دەست دەکەن بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ماناکان، هەردوو توێژەری ناوبراویش لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی خۆیاندا ئەمەیان نیشانداوە کە گەنجەکان هیچ توانەیەکی دیکەیان لە بەر دەست دا نییە جگە لە پەیرەویکردن لە توندوتیژی کە بە هۆیەوە درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن و لە پاڵ ئەوەشدا خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەم گەرەکانە شەرعیەت بەو توندوتیژییە دەبەخشن.

جا ئەگەر بێت و ئێستا بگەرێینەوە لای پێناسەی یەکەمان لە ئەندازیاری بیناسازی، کە دەڵێت ئەندازیاری بیناسازی وێناکردنێکی چۆنایەتی و چەندایەتیە بۆ ئەو بوارەی وەزیفەکەی بەرهەمهێنانی شکڵ و شێوەیەکە کە ماناو و کەش و هەوای پێویست بەرهەمدەهێنێت، ئەویش لە رێگای تایبەتمەندییەکانی بوارەکەو ئەو چالاکییانەی کە دەیانناسێت. بۆ نمونە ئەگەر بگرێینەوە بۆ حاڵەتی (the projects) کە باسمانکرد دەبینین لە بوونی خۆیدا قەرزاری ئەو ئیرادە سیاسییەیە کە ئەوی هێناوەتە بوون، و باڵەخانەو بیناکان گوزارشت دەکەن لە چەند شێوەیەکی ئەندازەیی کە لە چەند هێڵێکی یەك



بەدوای یەکداهاتودا پێکهاتوون، وایان لێ دەکات وەك ئەوەی لە ناو بوارێکی داخراودا بن و بە شورەیەك دەورەدرابن کە نابینرێت، بە لاّم هەن.

شوقەکانیش بەگوێرەی وێناکردنێکی وەزیفیانەی سەرەتایی بیناکراون، هەرچی بوارە گشتییەکەشە لە شێوەی باخچەکاندا کە بۆ زیندوکردنەوەی پەیوەندی و هاوکاری نێوان دانیشتوانەکەی سازکراوە، ئەوا هەر زوو پشتگوێ دەخرێت و وەزیفە سەرەکییەکەی خۆی لە بیر دەکات، چونکە روحە ئەندازییارییەکە، کە بەش بەشکردن و دابرینی کیانەکان لە خۆ دەگرێت وا دەکات ئەم جۆرە فەزایانە بێسوود بن و دانیشتوانەکەشی هیچ بەشدارییەکیان لە وێناکردنی بیناسازییەکاندا نەبووە بەڵکو بەسەریاند سەپێنراوە.

بەڵام بە دڵنیاییەوە مەبەستی بەرنامە دارێژەرانی ئەو شوێنە یاخود ئەو پرۆژەیە ئەوە نەبووە کە لەو حاڵەتەی ئیستا تیایدا دەژی، بەڵام رێرەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییەکان، وایانکردووە ئەم باڵخانەو گەرەکانە لەلایەن چینە مامناوەندەکانەوە چۆڵ بکرێت و لە لایەن دەسەڵاتیشەوە لە بیربچێتەوە و ببێتە شانۆیەك بۆ ئەو توندوتیژییەی پۆلیس پێرەوی دەکات، ئەمانە ئەو گەرەکانەن کە ئاستی دابڕاوییان گەیشتۆتە ئەو رادەیەکە زمانی تایبەت بە خۆیان هەبێت، لە کۆتاییشدا هیچ شتێك چاوەروان ناکرێت جگە لەوەی کە توندوتیژی سواری سەری هەموو شتێك دەبێت، تا وایلێ دێت گرتوخانەو دانیشتوان و گەرەکەکان دەچنە نێو وێنەیەکی دیاریکراودا.

هەروەك نوسەر دوپاتی دەکاتەوە، ئەگەرچی لە سەرەتادا مەبەستی بەرنامە دارێژەران و سیاسەتمەداران

ئەوە نەبووبێت کە ئێستا لەم واقیعەدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەو دیدە مەرکەزییە هەژموناوییەو چۆنییەتی سەیرکردنیان بۆ دانیشتوانی ئەم شوێنانە وایکردووە ئەم واقیعە بێتە پێشەوە.هەروەها بوونی خەیاڵدانێکی لە پێشینە

لەلایەن کۆمەڵگاوە بەرامبەر بەم گەڕەك و شوێنانە، گەنجەکانی نیشتەجێ بووی ئەوێ هان دەدات بۆ بەردەوامبوون لەسەر لادان و توندوتیژی، ئەوان دەڵێن مادام روانینی کۆمەڵگا بەرامبەر بە ئێمە بەم شێوە بێت، ئێمەش با بەردەوام بین..

## دەربارەی هوتێلەکان :

پێویست ناکات وەسفی شارە دێرینەکان بکەین، کاتێك بۆ ئەم مەبەستە بیلۆگرافیایەك لە بەردەستدا هە یەو بە وردی وەسفی ژیانی ناو ئەو شارانە دەکات، بەڵام سودی خۆی دەبێت گەربێت و ئاماژەیەك بە گرنگییە ستراتیژی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی هۆتێل بکەین لە شارە دێرینەکانی وەك **: سەلا و مەراکش و فاس .** کە تیایاندا گەشەکردنی شار پەیوەست بووە بە وەزیفەکانی هۆتێلەوە، چونکە هۆتێل لە نێو هەموو دەزگاو ژێرخانە ئابورییەکەیدا پێویست بوو بۆ کۆمەکی ئەو شارانە لە دابینکردنی شمەك و پێداویستیەکانی بەکاربردن بۆیان.

هۆتێل شوێنێك بوو بۆ بازرگانەکان و عەمبارێك بوو بۆ کەڵەکەکردنی شمەك و کەرەستەکان، هەروەك چۆن شوێنێکیش بوو بۆ گرێدانی پەیوەنییە کۆمەڵایەتی و ماڵی و بازرگانییەکان. گەربێت و لە پێشدا بازاڕمان وەك بوارێکی ئاڵوگۆڕکردن ناسی بێت ئەوا لێرەدا قۆناغێك هەیە کە بە پێش ئەم بازاڕە دەکەوێت، ئەویش قۆناغی هۆتێلەکانە کە تیایاندا ئاڵوێری زۆر دەکرا لە نێوان بازرگانەکانی شار و ئەوانەی لە دەوروبەرەکەیەوە دەهاتن، هەوەها هۆتێل شوێنێکیش بوو بۆ بەرهەمهێنانی پیشەسازی سەرەتایی.هۆتێل لەو سەردەمەدا جێگایەك بوو کە لە پاڵ دابینکردنی شمەك و پێداویستییەکانی شار ئاماژەی بۆ گرنگی و بایەخی شارەکانیش دەکرد.



هۆتێل وەك شتێك کە پێناسەی بکەین : شوێنێکە بۆ تێپەڕین، بۆ تێپەڕینی ئەوانەی دێن و دەڕۆن و ئەوانەی بۆ ماوەیەکی کاتی دەمێننەوە، بەڵام وڵامدەرەوەی پێداویستییە هەنوکەییەکانی شارە و لێرەدا بونیادی بیناسازی هۆتێلەکان شایەدی لەسەر ئەم حاڵەتە دەدات، کە بە گشتی قاتی ژێر زەمینەکەی تەرخانکراوە بۆ ئاژەڵ و عەمارکردنی شمەك و کەلوپەل، لە قاتی یەکەمیشدا ڕارەوێکی دوورو درێژ دەبینرێت و بە خاڵی سەرئاو یاخود ئاودەستەکان کۆتایی دێت. بە درێژای ڕارەوەکەش ژوورەکان بەتەك یەکترییەوە ریز بوون و پرن لەو خەڵکانەی کە دەمێننەوەو تێدەپەڕن و یان ئەوانەی بۆ ماوەیەکی کاتی تیایدا نیشتەجێن، قاتی دووەم و سێیەمی هۆتێلەکەش بەهەمان شێوە بە دوایی یەکدا دێن.

لە ڕووی کارگێڕیشەوە کەسێك هۆتێلەکە بەڕێوەدەبات لە گەڵ چەند پاسەوانێك پاسەوانی لە ئاژەڵ و کەلوپەلەکان دەکەن تاکو هیچ دزییەك روونەدات و ئالیکیش بۆ ئاژەڵەکان دابین دەکەن.

لەو کاتانەدا هۆتێل بازنەیەك بوو بۆ زنجیرەیەك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مانایەکی تایبەت بە خۆی هەبوو کە بەردەوام خۆی نوێدەکردەوە، ئەم یەکەیە لەکاتی خۆیدا بە رۆڵی خۆی هەڵدەستا، بەڵام بە هۆی سەرهەڵدان و هاتنەژوورەوەی چەند شێوازێك یاخود چەند رێچکەیەکی دیکەی بەرهەمهێنان و بە هۆی وەرچەرخانی پەیوەندییەکانی شار بە دەوروبەرەکەیەوە، وردە وردە لەو رۆڵەی خۆی پاشەکشەی کرد، بە تایبەتی ئەو گۆران و وەرچەرخانانەی کە بە هۆی سیاسەتی داگیرکارانەی فەرەنسییەکانەوە بە سەر کۆمەڵگای مەغریبی دا هات، تا وایلێ هات هۆتێلەکان چی دیکە نەیاندەتوانی ئەدای جارانیان هەبێت لە جێ بە جێکردنی وەزیفەکانیاندا و وەرچەرخانێکی ئەوتۆ بەسەر ئەو بینایانە داهات کە لە گەڵ سروشتی خۆیاندا تەواو پێچەوانە بوو.

ئەم هۆكارانە دەستیان هەبوو لەوەی هۆتێل وەزیفە و نرخی خوی لە دەست بدات و ببێتە شوێنی ئەو پەنابەرانەی لە گوندەكانەوە كۆچیانكردووە بەرەو شارەكان، ئەو كۆچەی لە سەرەتای پەنجاكانەوە دەستی پێكردوو تاكو ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە، شارەكان بەهۆی ڕێگا بڕینێكی خێرا بەرەو شارستانییەت، سەرنجی تاك و گروپەكانی لە گشت شوێنە جیاجیاكاندا بۆ لای خۆی راكێشا تا كۆچی بۆ بكەن، ئەم كۆچكردنەش لە لایەن شارنشینەكانەوە بە (عروبیە) ناودەبردرێت.

ئیدی شارەكان لەوە دەرچوون كە جیهانی كۆن و پەیوەنییە كۆمەڵایەتییە تەقلیدییەكان بەرهەمبهێننەوە، بگرە وایان لێهات سیستەمێكی دژ بەمە بەرهەم بهێنن.

لێرەدا تییۆرییەكەی **هێنری لۆفێر** روونكردنەوەیەكی زۆر ئاشكراو رەوانە :كە هەردوو بواری تەقلیدی و هاوچەرخ لە واقیعدا دەرئەنجامی دەستێوەردانی ئیرادەی سیاسین و ئەو هێزی بەرهەمهێنانەی ئەوانی هێناوەتە ئاراوە هەر ئەویشە وایكردووە ئەم دووانە هەرگیز یەك نەگرن و بەدابراوی بمێننەوە لە یەكتری. لە پاڵ ئەمەشدا مەیدانی شارستانی هاوچەرخ بە تەماهكارییە شارستانیەتەكەیەوە و بەو سیستەمە دیكارتییەی هەیەتی شان بە شانی ئیرادەی پۆلێن بەندی كردن، دەست لەو گریمانەیە هەڵناگرێت كە شارە تەقلیدییەكان ناتوانن ببن بە مەیدانی مۆدێرنیتەو جیاكاری كۆمەڵایەتی، وەك چۆن **وێرسس WIRTH** ش ئەمەی دەرخستووە سەبارەت بە هەموو بوارێكی شارستانی.

بەڵام بە پێچەوانەی وێناكردنەكەی یەكەم كە تایبەت بوو بە پڕۆژەكان **projects** لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، یان مۆڵگەكانی دەوروبەر **HLM** لە وڵاتی فەرەنسا، دەبینی شاری تەقلیدی بۆ ئەوە دروست نەكراوە تاكو ببێتە شوێنێك بۆ جیاكاری و دابرانی ئیتنیكی و شوێنی یاخود مەكانی بۆ



ئەوانەی كەوا داهاتێكی كەمییان هەیە. كەچی پێكهاتەی شارە كۆنەكان ئەمڕۆ بووە بە شوێن و مۆڵگەی چینە هەژارەكان، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ دروستبونی ئەو شارانە خۆیان كە وادەكات جا بە شێوەیەكی راستەوخۆ بێت یا ناراستەوخۆ ئەمانە هەموویان یەك بگرن لە چوارچیوەی ئابورییەكی نابووت و بێ هەیكەلدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی خۆی هەیەو بە سەرێكی دیكەشەوە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵكەكەی وەك خۆیان باوەریان پێی هەیە ژیانێكی ئاسایی بژین، ئەمەش وامان لێدەكات بلێین شاری تەقلییدی زیندوو و دەركەوتووە.

ئەرگەرچی دەبینین هەمان ئەو شارە لە گوتاری لایەنە رەسمییەكان و ئامارییی و سەرژمێرییەكاندا بە مۆڵگەی هەژاریی و بەپەراوێزخستن دادەنرێت و وەك بوارێك بۆ فەوتاندن و لە دەستدانی كەلەپووری بیناسازی وەسف دەكرێت، كە لەلایەن دانیشتوانی ئەو شوێنە هیچ بایەخێك بۆ ئەم جۆرە قسانە دانانرێت.

ئەو هۆتێلەی ئێمە لێی دەكۆڵینەوە بۆ ماوەی دەیان ساڵیش دەبێت كە خێزان و خەڵكی زوگرتی تیایدا نیشتەجێن و مێژووی گەیشتنی كۆنترین دانیشتوانی **هۆتێل ئازادی** دەگەرێتەوە بۆ پەنجاكان، نرخی كرێی ژورێك بۆ شەوێك یان دووان لە نێوان سێ تا دە درهەم دایە. ژوری وایان تێداهەیەكە باوك و كوڕەكەی هەر لە وێدا لەدایك بوون. لە گەڵ ئەوەشدا ئەم دیالیكتیكە ناتوانێت حاشا لەو دابڕانە بكات كە لە نێوان رابردووی باوكەكان و ئێستای رۆڵەكانیاندا هەیە، ئەمەش بەقووڵی دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی فاكتەرە مێژوویی و ئابوری و سیاسی و شارستانیەكان، هەروەك چۆن دەگەرێتەوە بۆ ئارەزوو نەكردنی بەرێوەبەرو بەرپرسانی ئەو شارانە بۆ تێگەیشتن و دانپیانان بە كێشەكانیان.

وەك ئاشكرایە ئەو مەرجانەی كە پێویست بوون بۆ ئەم جۆرە ڕێكخستنەی پێشوو لە ژیانی كۆمەڵایەتی دا، ئەمرۆ داتاشراون یاخود هەر نەماون، لە تواناشیاندا نەماوە بتوانن هەمان سیستەمی كۆمەڵایەتی پێشوو بگێرنەوە.

ئەو هۆتێلانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان گەواهیدەر بوون لەسەر ژیانی شار و بایەخی بازرگانی و ئاڵوگۆڕكردن تیایدا، ئەمرۆ بوونەتە شوێنی نیشتەجێبوون، لە كۆتاییشدا ئەنجامەكەی ئاشكرایە تەنانەت زۆریش سادە و ساكارە، سەرەڕای ئەوەی كە ئەم سادەییە ئاڵۆزی ناو بیناكە ، لە گەڵ پەیوەندییەكانی بەو جیهانەی كە تیایدا دەژی و ئەوانەشی تیایدا نیشتەجێن دەشارێتەوە.

شاری كۆن وەك ئەوەی لە خەیاڵدانی مەغرییبیدا دەردەكەوێت، زنجیرەیەكە لە وێناندن و پابەندییە جیاواز و لە یەك چووەكان : شوێنێكە پڕە لە یادگاری و بیرەوەری فەردی و بەكۆمەڵ، لە پاشماوەیەكی بیناسازی مێژووییەوە بۆ شوێنێك كە گوزارشت لە دواهەمین پێشكەوتنەكانی بواری ئاوەدانكردنەوە و بیناسازی شارستانی دەكات، بەم جۆرەش وێنەی شار لە ئاستێكی پۆزەتیڤدا دەمێنێیەوە. بەڵام لە ئێستادا بوونی هۆتێل لە نێو شاردا گوزارشت لە حاڵەتێكی ریزپەڕ دەكات و هەڵگری سیمایەكی نێگەتیڤەو لە خەیاڵدانی مەغریبییەكدا دژبە سیمای پۆزەتیڤی شار رادەوەستێت.

هۆتێل مزگەوت نییە تا بەهاكانی گروپێك بەلای هاوكاریو تەزامونێكی ئەندامی راكێشێت و وابكات هەموو تاكەكانی لە یەك جەستەدا یەك بگرن كە ئەویش جەستەی ئوممە/گروپە. هەروەها حەمامیش نییە تا هەمووان بە یەكسانی و بە بێ بوونی هیچ پەردەیەكی كۆمەڵایەتی جەستەی رووتی خۆیانی تێدا بشۆن، هەروەك چۆن بازاڕیش نییە تا لە رێگای ئاڵوگۆڕە بازرگانییەكانەوە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان تیایدا بچنرێت، هۆتێل شوێنێكی گشتی نییە و هەروەها نشینگەیەكی خێزانی یاخود فەردیش نییە تاكو ببێتە بوارێك بۆ ژیانی



تایبەتی سۆزداریو دوور لە بواری گشتی، ئەگەرچی بێت و مل بۆ هەندێك لە پێوەرەكانیشی بدات. هۆتێل تەنیا بۆ ئەوە هەیە كە ئەگەر زۆر ناچاربین وەسفی بكەین دەڵێین : هۆتێل وەك پاشماوە ماوەتەوە، وەزیفە سەرەكییەكەی خۆی ناناسێت و پەیوەندیشی پێوەی نەماوە، بگرە هەر لە بیری كردووە، هۆتێل گوزارشت لە شكڵ و شێوەی تاكانەیی ئەوی دیكە دەكات، بۆ دواهەمیین شار بە هەموو دامودەزگا و دامەزراوەكانی ناوییەوە. ئا لێرەدایە كە یەكێك لە رەهەندەكانی توندوتیژی تایبەت بە هۆتێل پێكهات.

نەخشەسازی بیناسازی هۆتێلەكان، بەدرێژایی سەدەكانی رابردوو، هەمیشە بەلای بیرۆكەی كرانەوە و دیدار و چاوپێكەوتنە جۆربەجۆرەكان دەچوو كە وایكردبوو ژیان تیایاندا دەوڵەمەند و رازاوەبێت.شوێنێك بوون بۆ وەستانی كاتی و پشودان و خۆبوژاندنەوە، بەڵام ئەو وەزیفانەی كە ئێستا ژماردمان و دامانە پاڵ هۆتێلەكانی سەدەی بیستەم وایلێكردین لەوەدا چریان بكەینەوە كە بڵێین پڕن لە ژیان و بوژانەوە و چالاكی، ئەمرۆ ئەوەیان تێدا نابینرێت و ئەو وەزیفەیەیان دۆراندووە. كە وەرچەرخانە مێژووییەكان ئاماژەیەكیان بۆ بەجێ هێشتووین ناگونجێت لە گەڵ ئاماژەبۆكراوە سەرەكییەكانی خۆی، بەڵكو بەلای شتێكی دیكەدا دەچێت.

هۆتێلی ئەمرۆ لەدركی مەغرییبیەكاندا بەلای كۆمەڵێك شتی دیكەدا دەچێت كە بەدڵنیاییەوە خراپ و نێگەتیڤن، گەر هۆتێلەكان لە رابردوودا ئەو بۆارە كراوەیە بووبن كە پێشوازییان لە خەڵك و بازرگانان كردبێت ئەوا هۆتێلە ئاماژەبۆكراوەكەی ئەمرۆ بەلای واقعێكی دیكەدا دەچێت، هۆتێلی ئەمرۆ مانای شوێنێكی ترسناك و سلوكێكی خراپ و ناشایستەو فەوزاو تێكدەرییەكی گشتی و نائامادەیی یاسا دەگەیەنێت دەگەێنێت. ئەمەش تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ دەوڵەتی یاساو هەڵچنراو لەسەر بنەمای ئاسایش و پارێزگاریكردنی تاكەكان ئەویش نەك هەر تەنیا لە

بێگانەو خەڵکی دیکە بەڵکو لە خودی خۆشیان، کە چاودێری مەیلە غەریزییە ئاژەڵییەکانیان دەکات تا سنوری خۆیان نەبەزێنن.

بەم شێوەیە هۆتێل دەبێتە رەتکەرەوەیەکی بە تەواوەوەتی یاساو جەختکردنەوەیەکی تەواو لەسەر هەموئەو شتانەی کە ئاژەڵیین.

بەڵام هەر بۆ زانیاریش ئەم بارودۆخە مانای ئەوە ناگەیێنێت کە ئیدی بەرووی ئاقارێکی شۆرشگێریدا دەکرێتەوە وەك ئەوەی لە حاڵەتی فەرەنسی یاخود روسی یان ئێرانیدا روویدا، واتا بەرووی ئاقارێکدا ناکرێتەوە تیایدا یاسایەك رەتبکرێتەوە لە پێناو هێنانە کایەوەی یاسایەکی تازە لە جێگای دا.

بەڵکو لێرەدا ئەو رەتکردنەوەیە بۆ یاسا تایبەتە بەو هۆتێلە کە بە سەرێکی دیکەوە رەتکردنەوەی خودی خۆیەتی، لەوە زیاتر شتێکی دیکە نییە، مەترسییەکەشی ئالێرەدایە.

بەڵام ئایا هۆتێل شوێنێکی ترسناکە بۆ کێ؟ دواتر ئەو ترسناکییە وەك ئەوەی کە هەستی پێدەکرێت مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی جیددیە، مادام بەرهەمهێنانێکی کۆمەڵایەتی لە ئارادایە بۆ ئەم ترسە لە هەندێك شوێندا وەك : **دامەزراوە و دامودەزگاکان و هێندێك لە گەرەکەکان**.ئەمانە ئەو شوێنانەن کە دانیشتوانەکانیان لە نێو وێنە و حوکمە پێشینەییەکاندا زیندانی کراون، کە لە کۆتاییدا ئەمە پاڵیان پێوە دەنێت تا ئەم وێنانە لە سەر خۆیان قبوڵ بکەن و دووبارە بەرهەمی بهێننەوە.تا وایلێ دێت مەودایەکی زۆر بەدی ناکرێت لە نێوان حوکمدان بەسەر شوێندا لە گەڵ حوکمدان بەسەر خەڵکەکەیدا.لەم روانگەیەوە خەڵکی ئەم شوێنانە خەڵکانێکی هەمەجی و پیس و لادەرن لە گشت یاساکان. لە کاتێکدا بۆ حوکم و بڕیارە ئەخلاقییە ئامادەکراوەکان گرنگ نییە کە ئەم خەڵکانە ببن بە قوربانی، چونکە چاوە کۆمەڵایەتییەکە هەر ئەوە دەبینێت کە دەیبینێت وهیچی دیکە.



بەڕای من لێرەدا نوسەر قامك لەسەر خاڵێکی گرنگ دادەنێت، ئەویش **ستەمی کۆمەڵایەتیی** یە، کە رۆژانە دەرهەق بە دانیشتوانی ئەم هۆتێلە دەکرێت و دووبارە دەبێتەوە. ئەو ستەمەی کەلە حوکمە بەهاییەکانی کۆمەڵگایەکەوە سەرچاوەی گرتووە و بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری جیهانی تایبەتی ناو هۆتێلەکە نییە، رای ئەو کۆمەڵگایە بەرامبەر بەم هۆتێلە و دانیشتوانەکەی ناوی بەگشتی لە تاکە خەیاڵدانێکی پێشینەییەوە سەرچاوەی گرتووە و ئامادەش نییە دەستی لێ هەڵبگرێت.

## مۆرفۆلۆژیای شوێنەکە :

ئەو کوچەیەی کە لە باشوری شارەکەوە بەرەو **هۆتێل ئازادی** دەڕوات، هاوسنورە لەگەڵ بازاری ناوەندی، ئەو بەشەی شار کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دروستکراوە، بەڵام هیچ یادەوەرییەکی مێژوویی هاوبەش و هیچ شوێنەوارێکی تێدا بەدی ناکرێت، هەندێك لە خەڵکی شارەکەش وەك شوێنێکی سەیر و سەمەرە چاوی لێدەکەن کە بوارێکی شارستانی مێژوویی راستەقینەی شێواندووە. سەرهەڵدانی ئەم بۆچونەش رەنگە هەر پەیوەندی بە ناو و ناودەنگی **هۆتێل ئازادی** یەوە هەبێت کە بەسەر ناودەنگی گەرەکەکەدا کەوتووە، چونکە وەك سەراوژور بونێك وایە لە بەها ئەخلاقییەکاندا.

لەلایەکی دیشەوە وێنەی ئەو رابردووە هەر بەدواوەیەتی و پەناگەیەکە بۆ رەگەزە ترسناکەکان کە ئەمن و ئاسایشی شارەکە دەخەنە مەترسییەوە.

**هۆتێل ئازادی** وەك بیرێکی تاریك وایە، ترس لە دڵی هەموو ئەو کەسانە دەچێنێت کە لێی نزیك دەبنەوە، جیهانێکە پڕاوپڕ لە نهێنی، تەنانەت ئەوانەش بەلایدا ناچن کە ئەرکیان پاراستنی ئەم شوێنەیە (پۆلیس).

شورەی هۆتێلەکە بە شێوازێکی تەقلیدی دروستکراوە، نزیکەی ١٥مەتر بەرزە و هیچ پەنجەرە و دەرچەیەکی تێدا نییە و بە تەواوەتی بەسەرخۆیدا داخراوە. سەیرکردنەکەی شورەی زیندان و گرتوخانە مەزنەکانمان بیر دەخاتەوە کە رێگە لە هەڵاتنی گیراوەکانی ناوی دەگرێت.

ئەوەشی لەنێو ئەو شورەیە یان ئەو هۆتێلەدا هەیە دوورە لەوەی کە چاو بتوانێت پەی پێ بەرێت و پێیەکان رێیان بکەوێتێ.

من لە سەردانییە یەك بەدوای یەکەکانمدا بۆ ئەو شوێنە، دوچاری سەرسورمان بوومەوە کاتێك بینیم کە خەڵکی دیش لەو دەوروبەر و شوێنەدا و لە چەند هۆتێلێکی دیکەدا دەژین بێ ئەوەی بۆ تەنها جارێکیش سەردانی **هۆتێل ئازادی** یان کردبێت، تەنانەت دراوسێ زۆر نزیکەکانی هۆتێلەکەش بە هەمان شێوە، کە هەندێکیان بە شانازییەوە باس لەمە دەکەن. هەروەك چۆن شورەی هۆتێلەکەش وایکردووە هۆتێلەکە بۆ دەرو دراوسێکانی شاراوە بێت و بگرە هەر بونیشی نەبێت، بەڵام لە کاتێکدا دەبینی لە نێو ئەم شورە سەخت و بەرزەدا جیهانێکی دیکە بوونی هەیە، ئەوا بەڕاستی شایانی ئەوەیە کە لێی تێبگەین نەك لە دوورەوە حوکمی لەسەربدەین.

وەسفکردنی مۆرفۆلۆژیای هۆتێلەکە کارێکی قورسە کە لە بەر چەند هۆیەکی عەمەلی ناتوانرێت بە وردی رووبەری هۆتێلەکە دەستنیشان بکرێت، بەڵام وادێتە بەرچاو کە زیاتر بێت لە ١٠٠ مەتر دووجا، درێژی شورەی هۆتێلەکەش ٢٨ مەترە و لە ناوەراستیدا دەرگایەکی گەورە هەیە و زۆرتر لەهی بەندینخانەکان دەچێت.

کاتێك دەچیتە ناوەوە، راڕەوێك لە بەردەمتدا هەیە لەو راڕەوە دەچیتە ژوورێ کە ئەمبەر و ئەوبەری بەو ژورانە دەورەدراوە کە رووبەری هەریەکەیان لە نێوان ٢م٣*م دایە، لە کۆتایی راڕەوەکەشدا ئاودەستەکان بەدی دەکەی کە



بۆنێکی زۆر ناخۆشیان لێ بەرزدەبێتەوە و کونە لوتی مرۆڤ دەکزێننەوە کەچی سەیر لەوەدایە خەڵکەکەی ئەوێ هەست بەم بۆنە ناکەن و پێی نارەحەت نابن.

ئەم راڕەوە شوێنێکە تاریك و شێدار، چەند شوێنێکی ئەم رارەوەش بە کەلوپەل و پێداویستی دانیشتوانەکەی داپۆشراوە، بە جۆرێك ئەگەر پێیدا تێدەپەری هەست دەکەی لە نێو کوچەیەکی **لەندەن** دا دەخولێیتەوە کە **شارڵ دیگنز** باسی کردووە یا ئەوەی کە **کارڵ مارکس** بە **کوچەی پەنابەرە ئێرلەندییەکان** ناوی بردووە.

لە کۆتایی راڕەوی دووەمی ناو هۆڵەکەشدا بیرێك هەیە، بەڵام هەر لەگەڵ مردنی خاوەن هۆتێلەکە **کاك ئەحمەد لە ساڵی ١٩٨٧** دا، بیرەکەش پڕبوەتەوە.

**هۆتێل ئازادی** بە نهۆمی سەرزەمینیشەوە لە سێ نهۆم پێکدێت،١٠٧ ژووری هەیەو هەموو ئەو ژورانەش بەسەر چەند راڕەوێکدا دابەش بوون، بەرینی هەر راڕەوێکیش نزیکەی مەترێك دەبێت.

لە نهۆمی یەکەمیشدا رووبەرێك هەیە کە لێوەی بەرز دەبیتەوە بەرەو نهۆمی دووەم و سێەم، هەرچی ئاودەستەکانیشە ئەوا گرنگترین و کاریگەرترین شوێنن لە هەرسێ نهۆمەکەدا سەرباری ئەو بۆنە ناخۆشەی کە لێیانەوە بەرزدەبێتەوەو ئاویشیان لێ بڕاوە، بە تایبەت دوای بەکێشەهاتنی دانیشتوانی هۆتێلەکە لەگەڵ وەریسەکانی ئەو هۆتێلە. شوێنی ئاودەستەکانیش لە رووی ئەندازیارییەوە رێك دەکەوێتە سەنتەری هۆتێلەکەوە کە هەموویان لێی دادەنیشن، بەم شێوەیە دەبینی ئاراستەی هەموو راڕەوەکان رووی لە ئاودەستە گشتییەکانە، کە ژیانی رووتیمان وەبیر دەخاتەو (zoe)، تەنانەت هەندێك لە دانیشتوانی ئەم شوێنە وایدەبینن کە وەکو ئاژەڵ ژیان دەکەن بێ ئەوەی هیچ دەرەتانێکی رزگاربوونیان لە بەردەمدا هەبێت.

**هۆتێل ئازادی** لێوانلێوە بە ژیان و جموجۆڵ، خێزانەکان لە ٪٦٠ ی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن، تیایاندا  هەیە لەوێ لە دایك بووە و هەر لەوێش نیشتەجێ و گەورە بووە، سەرباری گشت بارودۆخە ناخۆشەکان.

لە نێو دانیشتوانەکەیدا منداڵان زۆرینەن کە لە هۆتێلەکە ناچنە دەرەوە مەگەر بەمەبەستی چونە خوێندنگا یان شت کڕین بۆ گەورەکان یا ئاوهێنان نەبێت، گەنجەکانیش ئەم شوێنەیان بۆخۆیان کردووە بە شوێنی یاریکردن : یاری قومار و کێشان و فرۆشتنی مادده سڕکەرەکان و دانیشتن و چای خواردنەوە، زۆریش پڕوو و قسەناخۆشن.هەرچی ژنەکانن جلە شۆردراوەکان هەڵدەخەن و هەمیشەش لە ناوخۆیاندا لەسەر منداڵ و مێردەکانیان قڕە و دەمەقاڵێیانە.

هۆتێلەکە جێگای سەرهەڵدان و تەقینەوەی شەڕ و ململانێکانە کەوەك چۆن لەناکاو سەرهەڵدەدەن هەرئاواش لەناکاو چارەسەر دەبن، بەڵام بە زۆری ئاودەستەکان دەبنە مایەی نانەوەی ئەو شەڕ و کێشە و ئاژاوانە، ئەم ئاودەستانە بەدیوارێك شاردراونەتەوە بەڵام دەرگایان پێوەنییە، کاتی خۆی دەرگای هەموو ئاودەستەکانیان بەدەستی ئەنقەست راماڵی وەك بڵێی تۆڵەسەندنەوە بێت لە دانیشتوانی هۆتێلەکە و دەستێکی نادیار لە پشتی ئەم کارەوە بوو. ئاودەستەکان لەگەڵ ئەوەی بەدیواریش دەورەدراون کەچی هەر جێگای چاوتێبڕینی ئەو چاوانەن کەوا لە سەیرکردن ناوەستن، بۆیە بەگشتی کچ و ژنەکان لەکاتی بەجێگەیاندنی پێداویستییەکانیاندا بۆ پاسەوانی کردن لەیەکتر یەکتری بانگ دەکەن.هەندێك لەو چاوانە بە زەبری تەماشاکردن پڕاکتیزەی جۆرێك لە توندوتیژی دەکەن،بەتایبەت بەرامبەر بەژنان، چونکە پیاوان گوێ نادەنێ و هەرکاتێکی بیانەوێت پشت لە دیوار دەکەن و پێویستی خۆیان بەجێ دەگەێنن، ئەوان خۆیان خۆیان دەپارێزن لانی کەم لەکاتی میزکردندا دەتوانن بەپێوە میز



بکەن، بەڵام کاتێك ژنێك بەمەبەستی بەجێگەیاندنی پێویستیەکانی خۆی دادەنیشێت ئەوا هەر زوو دەزانرێت و خێرا چاوەکان بۆ لای خۆی رادەکێشێت.

مۆرفۆلۆژیای هۆتێل ئازادی بۆمان دەردەخات کە ئەم هۆتێلە جگە لە ناو هیچ تایبەتمەندییەکی دیکەی هۆتێلێکی تەقلیدی تێدا نییە، هۆتێلێك لە ساڵی ١٨٩٥ ەوە دروستکراوە بەڵام ناتوانێت ببێتە شایەدحاڵی مێژووییەکی پرشنگدار.بەڵکو یادەوەرییەکە لە ئێستادا، یادەوەری ژیانێکی سادەوساکار، کە دیوارە شێدارەکان و دەرگا شکاو و وێڵکراوەکان نیشاندەری ئەم حاڵەتەن، بەڵام ژیان هەر بەردەوام دەبێت وەك ئەوەی هەموو شتێك لە جێگای خۆیدا بێت.

رووبەری زۆربەی ژوورەکانی ئەم هۆتێلە لە نێوان ٢م پانی و ٣م درێژی دایە، لە گەڵ ئەمەشدا ئەمە بەگوێرەی کۆنی و تازەیی دانیشتوانەکەی دەگۆڕێت. وەئەگەر بێت و تێبینی ژیانی تاکێکی هاوچەرخ بکەین لەو خانووەی کە تیایدا دەژی دەبینی خانوەکەی دابەش بووە بەسەر چەند بەشێك و هەریەکە لەم بەشانەش وەزیفەی تایبەتی خۆیان هەیە، کەچی دەبینی دانیشتوی ناو ئەم هۆتێلە لەو تاکە ژوورەی کە هەیەتی بە هەموو شتێك هەڵدەستێت : دایك و باوك ومنداڵەکان تیایدا دەخەون، کە خێزان هەیە زیاتر لە شەش منداڵی هەیە، سەرباری ئەوەش هەر لەو ژوورەدا میوانداری لە میوان دەکەن و هەر ئەو ژوورەش جێی چێشت لێنان و خواردن و نوستنە، لەم ژوورەشدا ژیانی خێزانی و سۆزداری دروست دەبێت.

ئەم ژوورانە بەڕادەیەکی زۆر تەنگ و تەسکن، کە رێگە بەڕووی هەموو کرانەوەو تەوماشاکردنێکدا  دادەخات و جەستە بەتەواوی ماندوو و شەکەت دەکات و رووحەکان ئازار دەدات. ژیانی رۆژانەی دانیشتوانی ئەم هۆتێلە پڕپڕە لە رق و کینە و هەڵچون و توڕەبوون، جاچ لەکاتی ئامادەکردنی خواردن دابێت یان لەکاتی نوستن یان چوونە سەرئاو، جگە لەم رکبوونەوە و هەڵچونە

بنەڕەتییەی دانیشتوان لەناوخۆیاندا، جۆرێکی دیکەش لە توندوتیژی دەبینی کە ئەمەیان پەیوەندی هەیە بە سلوکی دانیشتوا نەکەی ئەوێ لە ناوخۆیاندا وەك بەرزکردنەوەی دەنگی رادیۆ و ریکۆردەر، خواردن و خواردنەوەی مادده سڕکەرەکان و ئالکهوول و ......هتد.

## زیندانیانی ئازادی:

ژیان لە شوێنێکی ئاوا داخراو بەسەر خۆیدا و بە خەرجییەکی زۆر کەم کە تیایدا سەرچاوەی نان پەیداکردنەکە ناشەرعیە، وا دەکات کە ئەم شوێنە بە ناوەندێکی گەندەڵ و هەمەجی و خۆپەرست بناسرێت. خەڵکی ئەوێ لە پاڵ جۆرێك لە ئازادی دا دەژین کە یەکێك لە دانیشتوانی ئەم شوێنە بەناوی **بوبەکر** ناو لەم ئازادی یە دەنێت **ئازادی نێگەتیڤ**، کە ئێمە پێی دەڵێین ئازادی یەکی پیس.

لێرەدا کێشەکە ئەوە نییە کە خەڵکی ئەم شوێنە دان بە بەها و عورفە کۆمەڵایەتیەکاندا نانێن، بەڵکو لەو مەرجە نامرۆییانە دایە کە خەڵکەکەی لەگەڵی دا راهاتوون، ئەمانەن دەبنە فاکتەری تەواو بۆ توندوتیژی.

خودی ئەو شوێنەی باسی دەکەین گوزارستە لە بە پەراوێزکردن و پشتگوێ خستن و رق بوونەوەی کۆمەڵایەتی، جبهانی یزنەگرتنە لە یاسا، جیهانێکە لە کێشە و ئاژاوە، کە جۆرێك لە ئازادی ناشرین وەك نەفرەت بەسەر دانیشتوانەکەیدا دەسەپێنێت، لە گەڵ بارگرانییەك کە هەر دەبێ هەڵی بگرن.کە ئەمە حاڵەتێکی تەواو ئاژەڵی یە (zoe ) بەبێ هیچ تواناییەك بۆ پەنابردنە بەر دۆخێکی مەدەنی.

لە راستیدا ئەمە ئازادی یەکی ماندووهێنەرە چونکە لە جیهانێکی کۆمەڵایەتی کەمتەرخەم و بێ موبالاتیدا بلاودەبێتەوە : تیایدا ئێمە ئازادین



لەوەی کە خۆمان بکوژین و لەناوبەرین، ئێمە ئازادین لەوەی بەوجۆرە بژین کە خۆمان دەمانەوێت، قەرزاری هیچ لایەك نین و هیچ جۆرە بەرپرسیارێتیەك بەرامبەر بە ئێمە لە گۆرێدانییە، هیچ شتێك ئێمە نابەستێتەوە بە کۆمەڵگاوە، ئێمە تەماشاکارێکی ئازادین کە دەبینین ژیانی ئەوانی کە بە پێشماندا تێدەپەرێت. ئەو ژیانەی چێنراوی کۆمەڵێك لە ئاماژە و ئامانجی مەشروعە بەلای دانیشتوانی **هۆتێل ئازادی** یەوە.

ئەندزیاری بیناسازی ئەم هۆتێلە بە جۆرێك سازکراوە کە خۆی لە خۆیدا وەزیفەی لادان و توندوتیژی پێ بەخشیوە، وە هەموو هەوڵدانێك بۆ رزگاربوون لە دۆخی تەماشاکارێکی نێگەتیڤەوە یۆ بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانی ئاماژەکاندا، لە دەرەوەی ئاماژە خراپ و ناشرینەکان، بە هەند وەرناگیرێت. بەم شێوەیە ئازادییەکی تەواو لە زیان گەیاندن بە خۆت و بە کەسانی دیکە، ئازادی ژیان بەسەربردن وەك ئاژەڵ لە بەردەم کەمتەرخەمییەکی گشتی دا، هەر دەمێنێتەوە.

کەوایە ئەمە بووبە ئازادییەکی خراپ و توندوتیژ، لەبەرئەوەی هیچ بەرپرسیارێتییەك لە ئارادا نییە بەرامبەر بە لایەنێك یانیش هی لایەنێك بەرامبەر بەئەو.

## شوێنی توندوتیژی و توندوتیژی شوێن :

ئایا دەتوانین بڵێین هۆتێل شوێنێکە بۆ پەیرەویکردن لە توندوتیژی، بۆ نمونە وەك زیندان؟ ئەگەر بێت و لە هەر نەخشەیەکدا رەچاوی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی بکەین، کە بۆ هەر دامودەزگاو دامەزراوەیەك رۆڵ و توانایی جیاواز دەستنیشان دەکات، ئەوکات وڵامی ئەم پرسیارەش بە **نا** دەدرێتەوە. بەڵام ئەوەی لەو مەسەلەیەدا دڵنیامان دەکاتەوە بەگوێرەی ئەم حاڵەتە، ئەوەیە

که توندوتیژی لەئەندازیاری ئەو بیناسازییەدا سەرچاوە دەگرێت کە ژیانی مرۆڤ دادەبەزێنێت بۆ ئاست ژیانێکی بێ مەودا و داخراو بەسەر خۆیدا، دوور لە هەموو توانایی و پێداویستییە مەدەنییەکان، تەنانەت هەموو وزەو تواناییەکانی دەستپێکردنەوەی ژیانێکی تازەشی لێ زەوت دەکات.

نوسەری ئەم وتارە لێرەدا باس لەوەدەکات کە زۆربەی ئەوانەی پرسیاری لێکردوون لە دانیشتوانی هۆتێلەکە، هەموویان پێداگیری لەسەر ئەو وێنەیە دەکەن کە کۆمەڵگا سەبارەت بەوان بەرهەمی دەهێنێت. ئەوان لەو وێنانەی بۆیان ڕەوانەکراوە یاخود لە بارەیانەوە دروست بووە: خەڵکانێکن دڕندە، فاشیل و تەوەزەل و....(( لەم وێنانەدا ئەوان ئاژەڵی قسەکەرن، ڕەوە ئاژەڵێك بێ یاسا و باوەر، هیچ شتێك نازانن جگە لە وێرانکای و مندالْ بوون، گوێ بە هیچ شتێکیش نادەن.)) کە ئایا کێ هەیە لەم جۆرە گوتارانەدا گوتاری هەژموون و لایەنی خاوەن هەژمموونی کۆمەڵگا نەناسێتەوە؟

کە دواجار وا لە خەڵکی ئەم شوێنانە دەکات هەمان ئەو وێنانە لە سەرخۆیان بەرهەمبهێننەوە کە بەدەستییەوە ناڵاندوویانە.

لەم **ئەندازیاری کۆمەڵایەتی** یەدا، کەسی بە پەراوێزکراو یان پشتگوێخراو بە هۆی چەند فاکتەرێکەوە کەوتۆتە پەراوێزەوە، هەروەك چۆن **نۆربەرت ئەلیاس (** Norbert Elias) ئەمەی خستۆتە ڕوو و کەسێکی وەك **پیر بۆردیۆش** لێی دڵنیایە. هەردووکیان پێکەوە ئەوە دەخەنەڕوو کە بە پەراوێزکردن و بە کەم تەماشاکردن، دەرئەنجامی بارودۆخێکی ئابووری ڕووت نییە، بەڵکو دەرئەنجامی هاتنەناوەوەی کۆمەڵێك فاکتەرە کە زۆر لایەن لە ئاماژە سۆسیۆلۆژی و مێژووییەکان تیایدا بەیەك دەگەن.



لە **هۆتێل ئازادی** دا مەرجەکانی مانەوەو خۆڕاگرتن گرانە، خەڵکەکەی لە هەژارییەکی بێ دەرەتاندا دەژین، کاتێك پرسیارم لە منالانی ئەوێ کرد : ئایا لەم شوێنەدا چی سەرنجتان رادەکێشێت؟

لە وڵامەکانیانەوە تێگەیشتم کە ئەوان هەستیان بەوە کردووە کەوا لە جیهانێکی بچوکدا ژیان بەسەر دەبەن، دەشزانن کە جیهانێکی گەورەتر لە دەرەوەی هۆتێلەکەدا بوونی هەیە و لەوێدا کۆمەڵێك شتی دیکە هەیە بەڵام ئەو شتانە لەوانەوە دوورە و دەستیان پێی ڕاناگات. ئەوەی کە لە ئێستادا بەلایانەوە گرنگە ئەوەیە ئەوان بتوانن لە ناو هۆتێلەکەدا درێژە بە یاری و ململانێی منداڵی خۆیان بدەن، هەرئەوەش لەوانەوە نزیکە. هەرچی گەنجەکانیشە ئەوا پاڵنەرەکانی ژیان بەلای ئەوانەوە شتێك نییە جگە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو وێنانەی کە کۆمەڵگا لەسەر ئەوان بەرهەمی دێنێت.

ئەوان بەردەوام لە هەوڵی بەرجەستەکردن و لاسایکردنەوەی ئەو توندوتیژییەن کە پێی وەسفکراون و لەو شوێنەی تیایدا دەژین هیچ شتێك سەرنجیان ڕاناکێشێت و بە دڵی ئەوان نی یە، ململانێی ئەوان تەنها لە پێناو مانەوەدایە و هیچی تر، دەتوانین بڵێین هەموویان زیندانیان دیوە و ناسیویانە، نزیکەی هەموویان مادە سڕکەرەکان بەکاردەهێنن، تەنها ژنەکان نەبێت کە نمونەیەکی دیاریکراویان پابەندن بە ئاینداری و ڕێکخستنەوە، ئەوانیش لەوەدا دەچنە نێو ئەو بازنە بەهایی و پێوەرییەی کە بۆیان ئامادەکراوە و سەر بۆ ئەوە دادەنوێنن کە **هەندەسەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵ** بۆی دیاریکردوون.

جا بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنم جارێکی کە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە لیوەی دەستم پێکرد، لە وێدا جیاوازیمان لە نێوان دوو لایەن یاخود دوو بواردا کرد، کە یەکەمیان تایبەتە بە پڕاکتیزەکردنی **توندوتیژی شەرعی**، دووەمیشیان ئەوەیە کە دۆخی توندوتیژی وەرگرتووە، لە پاڵ کۆمەڵێك جیاوازی لەنێوان هەردوو حاڵەتەکەدا.

لیرەدا گەربێت و بواری یەکەم پێویست بێت، ئەوا دووەمیان **هۆتێل** وەك پەرچەکردارێك وایە بۆ ئەو رێڕەوە مێژوییەی هۆتێلی کرد بە پلەی دووەم و خستییە دواوە، دوای ئەوەی لە ریزی پێشەوەدا بوو.

بواری دووەم توندوتیژییە وەك نارەزایی دەربرین لە دژی ئەو پشتگوێخستنەی لە لایەن ناوەندەوە یاخود سەنتەری شارەوە دەبینرێت بۆ ئەم لایەنە، وەك چۆن شار هەمیشە وەك ناوەندێکی پەراویزخستن و پشتگوێخستن بینراوە، کە رەنگە ئەم جیکارییە بۆخۆی بنچینەی لەدایکبوونی ئەو توندوتیژییە بێت، مەبەستمان جۆری دووەمی توندوتیژییە.

ئەرکی ئێمەش لێرەدا ئەوەیە لە هەمو شێوازەکانی توندوتیژی تێبگەین کە پەیوەندیان بەم ئەندازیاریانەوە هەیە، نەك لێکدانەوە و کورتکردنەوەیان بۆ تەنها لۆژیکێکی ئابووری. چونکە تێگەیشتنمان لە پێکهاتەی ئالۆزی ئەم واقیعە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی زیاتر لە مەسەلەکە تێبگەین و سروشتی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان بیناسازی و توندوتیژی دا هەیە بێتە بەرچاومان.

توندوتیژی لە پێشدا بریتییە لە هەمو جولەیەك، هەمو تورەبوون و دەستدرێژی کردنێك، بریتیە لە هەمو کردەیەکی (action) ماددی و دەروونی بە مەبەستی زیان گەیاندن بە کەسایەتی ئەوی دیکەوئەنجامدانی کاری خراپە.

ئەندازیاریش گەرهاتوو لە سنوری پێناسەی یەکەمیدا هێشتمانەوە، بریتیە لە وێناکردنی بوارێك و بیرکردنەوە لەو شێوانەی کەوای لێدەکات شایانی ئەوە بێت بوونی کۆمەلایەتی تیایدا بە هەمو رەهەندە جیاوازەکانی یەوە مومارەسە بکرێت، ئەویش بەگوێرەی دیدگا و روانینێکی دیاریکراو بۆ ئەم بوونە کۆمەلایەتی یە.

بە پشت بەستن بە هەمو ئەوانەی کە باسمان لێوەکرد، دەلێم گشت شێوە جیاوازەکانی توندوتیژی لە ئەندازیاری بیناسازی **هۆتێل ئازادی** دا، نەك بە



فیعلی بەلام بۆتە جۆرێك کە ئامادەییەکی سروشتی هەیە، هەروەها بۆتە هەلگری روخسارێك یان شکلێك- چێواچێوەیەکی زیندانی کردن و شوناسێکی نەگۆر دەداتە پال دانیشتوانەکەی ناوییەوە.

ئاژاوەی هۆتێلەکە لە بەردەم رژێمدا لەناوناچێت هەروەك چۆن سەریشی بۆ شۆرناکات، بەلام بەرەو ژیانێکی رووت و قووت ZOE ئاراستە وەردەگریت، رێك وەك ژیانی گیراوەکان لە خراپترین بارودۆخدا، یان بەرەو ژیانێکی پووچ وەك حالەتێکی باشتری **نشینگە ئابووریەکان** یان ٭ **جیتۆکان،** کەواتە لێرەدا لەسەرهەریەکێك پێویستە دۆزەخی خۆی هەلبژێرێت، ئەوە گەر هەر لە بنەرەتیشەوە توانای هەلبژاردنی هەبێت؟

**پەراوێز :**

٭ جیتۆ : ئەو گەرەکە تایبەتیانەی جولەکەکان بوو لە شارە گەورەکانی ئەورووپادا پێش جەنگی جیهانی دووەم، بەلام ئێستا وەك چەمکێك لە کۆمەلناسی دا بە گەرەکی کەمینەکان دەوترێت کە لە رووی بژێوی و گوزەرانەوە لە دۆخێکی خراپدا دەژین.    وەرگێری کوردی.

# فەلسەفەی لێبوردەیی و بنەماکانی

نەوزاد جەمال

**سەرەتا:**

**چەمك و پرەنسیپی لێکبوردەییی داهێنانێکی نوێی دونیای سیاسی هاوچەرخ نیە, ئەگەرچی بارودۆخی ئەو دونیایە پڕە لە جیاوازی و کێشمەکێش بەهۆیی بزۆزیی بەردەوامی گۆڕانکاریەکانەوە. لەکاتێکدا ئەو دۆخە پشێو و مۆلەقە ململانێی نویَ لە شێوەی جەنگ و قەیرانی نالێبوردەییدا دروستکرد. دیاردەی نالێبوردەییش نموونەیەکی زەقی رووداو جەنگەکانی ئەو سەدەیە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەوەتا لەسەر ئاستە جیاوازەکانی سیاسەت و دەوڵەت و کۆمەڵگامان ئەو هزرە بەئاشکرا دەبینرێت و رەنگی دایەوە لەکارەسات و رووداوەکاندا. هەر بۆیە گرنگی تێزی لێکبوردەیی لەوەدایە کە لەسەر سێ ئاستی جیاواز جێگەی باس و مشتومرە: لەسەر ئاستی نێوخۆیی کە پەیوەندی نێوان گروپ ونەژاد و ئاینزاکانە لە کۆمەڵگە و وڵاتێکی فرە بیروباوەڕدا. هەروەها لەسەر ئاستی پەیوەندی تاك و کۆمەڵ پێکەوە, بەتایبەت ئەو کۆمەڵگانەی کە باوکسالارو نالێبوردەن بەرامبەر رەوشی تاکەکان. پاشان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و وڵاتەکان رێکبخات, وە لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی نێوان گەلان پێکەوە گرێبدات.**

لەم نوسینەدا بەتەنها باس لە تێزی لێکبوردەیی لەسەر ئاستی ناوخۆ دەکەم, تا دەروازەیەك بەرووی هەندێ پرس و گرفت کە دووچاری پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتمان بووە, بخەینەسەر خوانی وتوێژو تاووتوێکردنی فەلسەفی. رەنگیشە مەبەست لەم نوسینە بانکەشەیەك نەبێت کە لێکبوردەی کلیکلی چارەسەری بێت



بۆ تەنگەژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە, بەئەندازەی ئەوەی جەختکردنە لە لێبوردەیی وەك هەوێنکی خاوکردنەوەی پەیوەندییە ئاڵۆزکاو و بارگاوییی بەگرژی ولێکتێنەگشیشتن.

بۆئەوەی بۆیە پێشوەخت بەرەورووی پرسگەلێك دەبینەوە: سنوری لێکبوردەییی کامەیەو تاکوێ سینەفراوانی بردەکات؟ دیارە بەمەش دەروازەیەکی تر بەرووی چەمکی "رێژەگەرای" یدا دەکەینەوە, کە لەچ پنتێکدا لێبوردەیی لەگەڵ رێژەگەراییدا پێکدەگەنەوە؟ هاوکات تاچەند بیرۆکەی فرەییی (diversity) مەرجە بۆ لێکبوردەیی و پەیوەندیشی لەگەڵ یەکبوون و یەکانگیری کۆمەڵایەتدا چۆنە؟ واتە کاریگەری لێکبوردەیی لەسەر سەقامگیری سیاسی چۆنە, بەتاییبەت لەوەدا تاچەند ئێمە جیاوازیەکانمان قبوڵ بێت و تاکوێ بڕۆین لە پێناو نەسقێکی نەزم- رێکوپێکی - سیاسیدا (politic orde)؟ دواجار باسی لێبوردەیی پەلکێشمان دەکات بۆ مافی کەمینەکان, کە تاچەندو چۆن مامەڵەیان لەتەکدا بکەین, واتە بەرپرسیاریەتیمان بەرامبەریان چۆن دەبێت؟

## ١. لێکبوردەیی بۆ ؟

لەهەموو کۆمەڵگەو جڤاتێکدا جۆرێك لە یەکانگیری وپێکەوەژیان و تەبایی هەبێت بۆئەوەی گوزەران بەئاشتەوایی جێگیربێت. بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیی بەربڵاودا کایەکی گشتی هەیە کەبە "فەزای (پانتایی)گشتی" دەناسرێت, گۆڕەپانی ململانێ و ئازادیی و مافەکانە, جارناجارێك پێویستی بەباهۆزی هێوری و هەماهەنگییە, ئەگینا پشێویی تەنگ بە گوزەرانی گشتی هەڵدەچنێت.

لەمرەوە لێکبوردەیی و چاوپۆشی رۆڵی جۆرە رایەڵێکی بەستەرێکی- واتە گەیەنەر- کۆمەڵایەتی دەگێرێت و ناهێلێت شیرازەی پەیوەندیەکان و ململانێکان

بەئاقارێکی نادروستدا بڕوات. لەلایەکی دیکەوە ئەم بابەتە گرنگی خۆی هەیە, چونکە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان کە بارگاوییە بەجیاوازیەکان نوێیە. هەروەها کولتوری ئێمە ئاشنایەتیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو چەمکەدا نیە, ئەگەر رەهەندی زمان وەك بەڵگەیەك وەربگرین, دەبینین لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا چەمکێك نیە تەواو واتای لێکبوردەیی, وەك دواتر دەریدەخەین بدات بەدەستەوە. لەبەرئەوە دەشێت چەمکی لێکبوردەیی وەك پێدراوێکی فەلسەفی دەروازەیەکی راست بێت بۆ دوان لە هەندێ ئالۆزیی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەتایبەت دیاردەی فرەحزبی و فرەیی بیروباوەڕی ئاینی و تەنانەت نەژادیی و کەمینە جیاوازەکانی کوردستان, پێویستیان بە دیدێك هەیە کە هاوسەنگی و تەبایی پەیوەندیەکانیان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە رابگرێت. بەواتایەکی تر بۆ پەیوەندی نێوان ئەو پێکهاتە جیاواز و فرەیەی لە زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدان, پێویستیمان بە پرەنسیپێکی هەمەگیر و نێوکۆییی هەی کە هەم هەستێك و دیدێکی نێوخۆیی بۆ مافی جیاوازی و خوێندنەوەی یەکترو راگرتنی بارودۆخەکە هەبێت.

ئیدی بۆ پەیوەندی نێوان "من" و "ئەویتر" لەسەر ئاستی تاك وە هی نێوان "ئێمەو" "ئەوان" لەسەر ئاستی کۆمەڵ کە هەموو لایەنێك لە کوردستاندا هەست بەوە بکات مافی جیاوازبوونی هەیە بێئەوەی ئەمە دابڕێت لە گشت و هاوکات گیانی متمانە ببێتە گەیەنەرێکی کولتوری. بۆیە بەڕای من, تێزی لێبوردەیی دەتوانێ جارێکی تر پەیوەندییە ساردەکان نۆژەن بکاتەوە. سەرباری ئەوەش لەرووی تێوریەوە دەرکێ لەسەر دوو ئاست قسەی لەسەر بکەین: ئاستی ماکرۆ- نێودەوڵەتی و جیهانی و ئاستی میکرۆ- ناوخۆی کۆمەڵێك. کاتێ لێکبوردن و سنگفراوانی رۆڵی خۆی دەبێت, گەر شتێك هەبێت ناوی جیاوازی و فرەکولتوری و بیروباوەڕو ئاین بێت. یەکێك لە فەیلەسوفەکانی لیبراڵ کە "جۆن رۆڵسە", لە نوسراوێکیدا



بەناوی (Law of People) بەووردی باس لە بنەماکانی لێبوردەیی لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دەکات. هاوکات بیرمەندێکی دیکەی ئەمریکی هەیە بەناوی "مایکڵ وۆڵزەر" لەدەقێکدا بەناوی "لێبوردەیی" بەتێروتەسەلی بنەماکانی ئەو چەمکە و رژێمەکانی-جۆرەکانی- لێکبوردەیی شرۆڤەدەکات. وەك بۆمان دەردەکەوێ کە لای هەردوو فەیلەسوفەکە دوومەرجی هاوپێچ هەن بە لێکبوردەیی: ئەویش یەکدی قبوڵکردن و رێزگرتنە. وەکی تریش ئەم دوومەرجە بۆ پەیوەندییەکانی ناوخۆو دەرەوە پێویستن.

### ٢. فرەواتایی زمانەوانی کێشەی تێوری:

دەبێت لەمڕەوەوە چەند بەکارهێنانی جیاوازی زاراوەی لێبوردەیی لە بواری فەلسەفەو سیاسەت و ئاین و کۆمەڵایەتیدا بخەینە پێشچاومان. دیارە زاراوەی (Toleration) یا بە ئەڵمانی (Duldung) دەشێت لە زۆرینەی زمانەکاندا واتایەکی تەواوی نەبێت. ریشەی وشەی لێکبوردەیی دەریدەخات کە لە وشەیەکی لاتینی و فەرەنسیەوە (toelerare) هاتووە. دیارە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی زمانی ئینگلیزیشدا بەواتای:"چاوپۆشی کردن و رێگەدان بەشتێـك یا کەسێك بێئەوەی پێتخۆش بێت یاخود پەسەندی بکەیت" ( Oxford Dictionary ٢٠٠٧:١٦١٥). بەدەربڕینێکی تر واتە:" ئامادەییەکی خۆبەخشانەی کەسێك کە خۆی لە بیروباوەڕو دیدوبۆچوون و کردەوەی کەسێکی دی هەڵنەقورتێنیت, جا مەرج نییە ئەو کردەوە یاخود دیدوبۆچوونەی پێ پەسەندبێ یاخود پێ ناخۆش بێت" (Mclean&Mcmillan ٢٠٠٣: ٥٤٢). کەواتە لە حەوسەڵەو بەرگەگرتن و چاوپۆشیکردن یاخود دڵڕاگرتنی ئەویترێکی جیاوازەوە هاتووە.

بەواتایەکی تر: لێبوردەیی ئەدگارێکە لەبەرئەنجامی جیاوازی بۆچوون و بیروباوەڕەوە هاتووە کەئەویش بەچاوپۆشی کردن لەیەکتری و سینەفراوانی دێتەئاراوە.

ئیدی دەکرێ کۆمەڵێك بیروباوەڕی یەکتریشیان بەدڵ نەبێ و یەکدی بەڕاست نەزانن, وەلێ قبوڵی یەکدیش بکن. لەراستیدا بەرامبەرەکەی لەزمانی کوردیدا کە لێبوردەیی و سنگفراوانی و چاوپۆشی و بەخشین دەگرێتەوە کە تەواو واتای چەمکەکە نادات بەدەستەوە. چونکە لێبوردەیی و چاوپۆشی واتە خۆشبون لەهەقی خۆت لە کەسێك کە هەڵەیەکی بەرامبەرت کردبێت, یاخود چاوپۆشی لەکەموکورتی ئەویتر بکەیت. واتە تۆ لەو حاڵەتەدا خۆت بەخاوەن هەق و ئەویتر بەهەڵە دەزانیت و دەیبەخشیت. چونکە تۆ جیاوازی ئەویتر بەهەڵەو ناتەواو دادەنێیت. ئەمەش کاتیك دەبێت کە ئەو کەسە رەفتارێك بنوێنێت. بەڵام چی بکەین لەو حاڵەتەدت کە بیرکردنەوە و دونیابینی جیاواز هەن؟

دیارە ئەمەش ئەو مانا فەلسەفیە ناگرێتەوە کە مەبەستە. لەبەرئەوەی لێکبوردەیی پرەنسیپێکە یا ئامادەباشییەکی پێشەکییە لە بەرامبەر هەر جیاوازیەکی بیروباوەڕیی لەگەڵ ئەویتردا, جا ئەو کەسە هەستابێت بەکارێك یان نا. سەرباری ئەمەش لە فەرهەنگی فەلسەفیدا زاراوەکە بەچەند واتایەك بەکاردێت: حەوسەڵەکردنی بیرکردنەوەو باوەڕێکی تر, واتە باوەرێك کە جیاواز بێت لەوەی خۆت. پاشان بەواتای ئەوەش دێت کە رێ و بوار بۆ بیرکردنەوەو هەستی ئەویتر بکەیتەوەو رێزیشی بگریت. هەروەها بەواتای بیرفراوانیش دێت کە مرۆڤ بیرتەسك و یەکرەهەند نەبێـت لەمامەڵەی لەگەڵ کەسانی تردا, بەڵکو سینەفراوان بێت لەبەرامبەر بیروباوەڕە جوداکان, گەرچی تاڕادەیەکیش ناسازبن بە شێوازی بیرکردنەوەو بەهاکانی ژیانی خۆی.

دیارە ئێمە لەمرۆدا واژەی لێبوردەیی بەتەنها بەو مانا مێژوویەی کە لێبکبوردنی گشتی نێوان ئاین و ئاینزاکانە بەکارناهێننین. چونکە ئەم هەلومەجەی ئەمرۆ دەکرێ بە قۆناغی پاش ئایینگەری, واتە پۆست- ئایینی بێتت و لەپاڵ ئایینەکاندا چەندین ئایدۆلۆجیاو بیروبۆچوونی سیاسی و رۆشنبیی هەن کە ناچنە



خانەی ئایینەوە. هەربۆیە فرەواتای لێبوردەیی ئاڵۆزی تێوری و هەم دەوڵەمەندبوونی چەمکەکە دەگەیەنێ, لەبەرئەوەی بارگاوییە بە کەڵەکەبوونێکی مێژووی و سیاسی کە تادێت لە رووی فەلسەفییەوە پڕتر و بە کێشەتردەبیت.

لە هەندێ فەرهەنگدا بەواتای ئاسانکاری و حەوسەڵەی هەر کەموکوڕییەکی ئەویتر دێت. یا بە مانای بوران لە رای جیاواز و پێچەوانەی بەرامبەر. واتە رێدان بەبۆچوونی ئەویتر, گەرچی ناکۆك و ناسازیش بێت لەگەڵ هی خۆتدا. ئیدی دەکرێ تۆش بانکەشە بۆ هەقیانەتی راوبۆچوونی خۆت بکەیت و ئەویتر لە بیرکردنەوەیدا بەناهەق بزانیت, بەڵام نابێت مافی رادەربڕینی ئەوانی تر پێشێل بکەیت بە سەپاندی ئەوەی خۆت. کەواتە چاوپۆشیکردن ئەوەیە کە تۆ رێگر نەبێت لە بیرکردنەوەی خەڵکی و رای خۆت بەزۆر بەسەر کەسدا نەسەپێنیـت, یا خەڵکی بەتۆبز نەهێنیتە سەر بیروباوەری خۆت (الحنفی ٢٠٠٠: ١٩٣).

یاخود بەواتای مدارات (بەکوردی و فارسی) و هەڵکردن لە گەڵ بۆچوون و بیروباوەڕی جیاواز و ناکۆك و دژبەیەکدا دێت ( صلیبا- ٢٧١). دیارە لە ئینسیکلۆپێدییەکەی لالاندا زۆر بەقوڵ و وردتر قسە لەسەر تێڕوانینە فەلسەفیە جیاکان بۆ لێبوردەیی کراوە. دەوڵەمەندی ئەو ئینسکلۆپێدیایە لێرەدا دەردەکەوێت کە توانیوەتی لە رێی زۆرترین پسپۆڕی لە لقەکانی فەلسەفەدا و لەرێی زنجیرەدانیشتنێ ئەنجومەنێك یا لیژنەیەك واتای چەمکەکانیان روونکردۆتەوە. کە لێرەشدا دەیخەینە بەردەم:

١. شێوازێکە لە رەفتارکردن یاخود ئەدگارێکە کە قبوڵکردن و حەوسەڵەی بیروباوەڕێکی یا دیدێکی جیاواز دەکەیت, لەکەڵ ئەوەشدا ئەم قبوڵکردنە مایەی ئێش و نیکەرانییە بۆت, چونکە دەسەڵات و توانات هەیە ئەو جیاوازییە قبوڵنەکەیت.

٢. ئەوپەڕی لادان کە یاسا رێی پێدەدات و چاو لە ئاستیدا دادەخات.

٣. ئامادەیی ئەقڵی بۆ ئازادی رادەربڕین.

٤. میانەرەوی لە رای خۆت و رێزگرتن لەهی ئەویتر. ئەمەش مەرج نییە تۆ رێز لە هەموو بۆچوونێك بگری کە ناکۆکبێت بەهی خۆت و بەراستی نەزانی.دیارە لەم مانایەیاندا رێزگرتن لەبیروباوەڕی تر کەمتر جەختی لەسەرکراوە (لالاند ١٤٦٢- ١٤٦٦).

کەواتە لێکبوردەیی ویستێکە کە مرۆڤ ناچێتە یاخود خۆی لە باوەڕو بیروڕاو رەفتاری کەسێکی تر هەڵناقورتێنێ, سەرەڕای ئەمەش,ئەمە دەگەیەنێ کە هیچ سیاسەتێکی دیارکراو یا حەزێك نیە لە ئارادا بۆ بۆچون و رەفتاری جیاواز. ئیدی سنگفراوانی و لێکبوردەیی, حەوسەڵەی و داوەری نەکردن یا خۆهەڵنەقورتان و تێوەنەگلانە لە مافی ئەویترو هیچ بڕیارنەدانە ئاخۆ کردەوەو رەفتاری ئەویتر بە باشە یا خراپ هەڵبسەنگێنرێت. لە کۆنتێکستی سیاسیدا لێکبوردەیی فرەئایینیی و فرەکولتوریی دەگرێتەوە وەك مەرجێکی زەروری دیموکراسی کراوە[1].

### ٣. پاشخانی مێژوویی و فەلسەفەیی:

بیرۆکەی لێکبوردەیی لەژیانی سیاسی دا دەگەڕیتەوە بۆ جەنگە ئایینینەکان, بەتایبەت جەنگی پیرۆزی نێوان پرۆتستانت و کاتۆلیکەکان لەچەرخی پانزەو دواتر. پاش ئەو جەنگە ماڵوێرانکەرو خوێناوییانە هیچ رێگەچارەیك نەماوەیە جگەلە پێکاتن لەنێوان بیروباورەڕە ئایینیە جیاوازەکاندا. دواجار لایەنە شەڕکەرەکان لەسەر دووخاڵی سەرەکی پێکهاتن: کە هەقیقەت لە کاروباری ئاییندا هەیەو مرۆڤیش بە هەتاهەتاییی دەکەوێتە بەردەم نەفرەت ئەگەر شوێن باوەڕی هەڵەبکەوێت. بۆیە

(١) لەم نوسینەدا من لێبوردەیی وەك پرەنسیپ و لێکبوردەیی وەك چالاکیەی کۆمەڵایەتی بەدوای یەکدا بەکاردەهێنم.



بیرکردنەوەو تێگەیشتن لەرۆڵی ئایین هۆکارێك بوو بۆئەوەی مرۆڤ کە ئایین پیویستە و ناکرێ هەروا دەستکاری بکرێت.

هەربۆیە چەمکی "لێبوردەیی" و "لێکبوردن" رەگێکی ئایینی هەیە, نەك هەر لەبەرئەوەی بەدیارکراویی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە مێژووییەی کە تێیدا لەدایکبووە, بەڵکو بەهۆی ئەوەی خودی ئایینەکان بەهۆی دۆگمای باوەڕەوە گەورەترین "سەرچاوەی نالێبوردەیین," بەڕای ئەلفرید ئایەر (التسامح ١٠٣). مایکڵ وۆڵزەریش هەمان بۆچوونی هەیە کە جیاکردنەوەی دامەزراوەی ئایینی لە دەوڵەت لە رژێمێکی مۆدێرن دا ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لە هەموو ئەوتۆریتە ئایینیەکان بسەنرێتەوە. ئەوەش لەگریمانەیەکی واقیعیەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەموو بیرکردنەوە ئایینیەکان بەلانی کەمەوە ئەگەری نالێبوردەییان تێدایە(Walzer ١٩٩٨:١٠٣).

هەڵبەت "جەنگی پیرۆز" هۆکاریك بووە بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەی لێکبوردن, چونکە لایەنە نەیارو شەڕکەرەکان گەیشتنە خاڵێك لە رێیـی کۆتایی هێنان بەزەبری یەکترقڕکردن و رێوشوێنێکی تر بگیرێتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازی بیروباوەڕی ئایینیدا. ئیدی ئەم هەڵوێستەیە توانی دەروازەیەك بەڕووی ئایدیایەکی تر بکاتەوە کەئاشتەوایی بخاتە نێو ئاین و بیروباوەڕەکان و پەیوەندیەکانەوە. بۆ ماوەیەکی باش قوفڵ لەو دەرگایە بدات کە گیانی نالێبوردەیی و توندرەوەیی لێدەهاتە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە.

بۆیە دەبوو پرەنسیپی لێکبوردەییی لەسەر بنەمای فرەبەهاگەرایی دابمەزرێت. واتە رێوشوێنێك هەبێت کە بوار بۆ بەهاو پێوەرەجیاکان بکاتەوە و هاوکات پەیوەندی نێوانیشیان لەژیانی سایسی و کۆمەڵایەتیدا رێێکبخات, بەو مەرجەی هەریەکێك پەسەندی بیرۆکەو بنەمای جیاوازی بەهاو نۆرمەکان بکات لەروانگەی لێکبوردنەوە. لەلایەکی دیکەوە, پێویستە جیاوازی لەنێوان مانای لێبوردەیی لە

دیدی کلاسیك و مۆدێرندا بکەین. لێکبوردەیی لە کلاسیکدا بوارکردنەوەیە بۆ باوەڕ یا ئایین و کەسێك، بێئەوەی بیروباوەڕەکەی پەسەندبکەیت. واتە بیروباوەڕەکەی قبوڵ نەکەیت، وەلێ جێشی بۆچۆڵ بکەیت تاوەکو هەستێ بەپراکتیزەکردنی ئایینەکەی. کە ئەمە بە ئاکتێکی —چالاکیەکی- نەگێتیڤ داجەنرێت، واتە لێبوردەیی نەگێتیڤانە. بەڵام لە واتا مۆدێرنەکەییدا ئەوە دەگەیەنێت کە بەچاوێکی یەکسان سەیری جیاوازیەکان بکەیت و دانیشیان پێدا بنێیت. کە ئەمەیان دیدی پۆزەتیڤانەیە بۆ لێبوردەیی.

هەربۆیە ئەو دیدە کلاسیکە لەسەردەمی ئەمڕۆدا بێ کەڵك و نەگونجاوە، لەبەردوو هۆ: یەکەم لەبەرئەوەی شتێك هەیە کەناوی "ڕێژەییبوونی" چەمکی هەقیقەتە. بۆیە ئەمڕۆکە ناکرێ بیروبۆچوونی ئەویتری جیاواز ڕەتبکەینەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و پەسەندی نەکەین، چونکە ئەمە پێچەوانەی لێکبوردەیی ئاسۆفراوانی و چاوپۆشیکردنە لە بیرکردنەوەیەکی جیاواز. هەروەها جۆرێك لە گوێنەدان و فەرامۆشکردنی ئەویترە. چونکە لێبوردەیی پەیوەندییەکی سارد و کەمتەرخەمی خەمساردی و بێ هەباکی نییە لە ئەویتر. بەڵکو سازان و پێکەوەهەڵکردنی کۆمەڵایەتییە. لەم سۆنکەوە لێبوردەیی لێگەڕان و دەرفەت ڕەخساندن و جێکردنەوەی ئەویترە.

هۆکاری دووەمیش ئەوەیە ئەگەر مێینە وەك نموونەیەك بۆ نالێبوردەیی وەربگرین، دەبێت مافی ئەو لەوێوە سەرچاوەبگرێ کە بەچاوی یەکسان و هاوتای نێرینە لێی بنوارین. ئیدی ناکرێ ئێمە مافەکانی مێینە دیاری بکەین، بێئەوەی وەك مرۆڤێك دان بەبوونیدا بنێین و مافەکانی پەسەندنەکەین. واتە ئەرکی ئێمە هەر بەوە ناوەستێ لەرووی مافە یاساییەکانەوە بە پیاو یەکسان بن، بەڵکو دەبێت لەرووی کۆمەڵایەتی و مرۆییشەوە وەك هاوشان و هاوڕێزو هاوتای پیاو مامەڵەیان لەتەکدا بکرێ. لەمڕووەوە لێبوردن تەنها لەئەرك بەرامبەر بە ئەویتر و دانانان بە



مافەکانیدا نیە، بەڵکو بیرفراونی و ڕێزگرتنیش پێویستن بۆ ئەو بوونەوەرە مێینەیە بەهاوتایەك سەیربکرێ. هەربۆیە بیرمەندی ئەمریکی مایکڵ وۆڵزەر دەڵێت: "کۆمەڵگای مۆدێرنی ئێمە (مەبەستی لەئەمریکای فرەکولتورییە) ئەمڕۆ بەبێ لێکبوردەیی بەڕێوەناچێت و لەکاردەکەوێت" (Walzer ١٩٩٨). ئیدی بۆیە لێکبوردەیی واتە قبوڵکردنی ئەویتری جوداو نامۆیە لە "ئێمە"ی وەك یەك دا. کە دواجاریش ئەو سیستمە گوزارش لە "من"ە جیاکان دەکات و لێبوردەیی دەبێتە خاڵێکی کۆگر بۆهەموو.

### ٤. شیکردنەوەی فەلسەفی تێزەکە:

وەك دەردەکەوێت لێبوردەیی بەدیوێکدا فرەیی، پلوراڵیزم دەگرێتەوە، بۆیە لای "ج. گراهام" پلوراڵیزم تەنێ ئامادەبوونی وێنەی خود نیە. واتە ئەوەنیە کەتەنها ئێمەی وێنەیەکی وامان بێت بۆخۆمان کە لێبوردەین، بەڵکو دەبێت بەواقیعیش ئەو سیفەتە لە کۆمەڵدا ڕەنگبداتەوە. واتە پلورالیزمی مۆراڵی مەرج نیە بەلای ئەوەوە ڕێژەگەرایی مۆراڵی بگەیەنێت. چونکە ڕێژەگەرایی مۆراڵ واتە یەك پێوەرو هەقیقەتی مۆراڵی نیەو هیچ بەهایەکی ڕەهاش نیە، بەڵکو ئەوەی هەیە لە پێکەوەژیاندا فرەیی بەها مۆراڵییەکانە. لێرەشەوە ناتوانین بە کۆدەنگی نێکۆییانە لەسەر لێکبوردەیی وەك پرەنسیپێ بۆ پێکەوە ژیان کۆك نەبین، دەنا هیچ بەهاو ڕۆڵێکی نابێت کە بەیەکەوە لەسەری ڕێك بکەوین. دیاری ئەمە تەنها لەڕێی دانوستان و دیالۆگەوە پێی دەگەین و بەرهەمی دەهێنین.

بیرمەند ڤۆلتێر بەروونی گرنگی و چییەتی لێکبوردەی لێکداوەتەوەو دەڵێت "لێکبوردن چیە؟ ئەوەیە کە بەرئەنجامێکی لێکدانەبڕاوی مرۆڤ بوونمانە. هەمومان بەرهەمی لاوازین: چونکە هەموومان شلۆق و بەلای هەڵدادەچین. لەبەرئەوە با لەیەکتری ببورین و لە شێتی یەکتری بەشێوەیەکی دوولانە خۆش بین. چونکە ئەو

یەکەم بنەمای قانونی سروشتە. یەکەم بنەمای سەرلەبەری مافی هەموو مرۆڤێکە "(التسامح ٧٦).

سپینۆزاش کە هاوسەردەمی جۆن لۆك بووە, یەکەم کەسی بووە کە لە چێوەی ئازادی بیرکرنەوەو  بیروڕادا بانگەشەی بۆ لێکبوردەیی بەتایبەت بیروباوەڕی ئایینی کردووە. بەڵام گەرچی لۆك خاوەنی نوسینی نامەیك بووە لەسەر لێکبوردەیی و بانگەشی ئازادی ئایین کردووە, نەك هی بیرکردنەوە. چونکە لای ئەو ئازادی بیروڕا و ئایین و بیرکردنەوە بەشێك بووە لە ئینتێگرێتی(حورمەتی) و دێگنیتی-پایەبڵندی وشکۆمەندی مرۆڤ, کە وابەستەشە بەخودی مرۆڤ و ویژدان و دەروون و رۆحەوە. واتە هیچ کەسێك بۆی نیە دەست لە حورمەت, رێزوقەدری مرۆڤ بدات. هەروەها جۆن ستیوارت میل لە کتێبێ "دەربارەی ئازادی" دا, بەشێوەیەکی پراگماتیکیانە بۆ بەهای ئازادی و لیکبوردەیی چووە. کە تێیدا رێگرتن لەهەر بیروبۆچوونێك بە حورمەتی مرۆڤەوە بەستراوەتەوە. بۆیە ئازادی و لێبوردەیی پێکەوە گرێدراون و فاکتەری سەرەکین بۆ هەموارگردنی دۆخێکی تەباو هاوکات هەلومەرجێکە کە مرۆڤ لێوەی بگاتە هەقیەقەت.

بەبۆچوونی میل ئەو گەیشتنە هەقیقەت بە سێ هەنگاو دەبێت:

• ئەو بیروبۆچونانەی ئێستە راست نین دەشێت دواتر راست دەربچن, بۆیە دەبێت رێگەیان پێ بدرێت.

• تەنانەت ئەگەر بۆچون و باوەڕە ناراستەکانیش بسەلمێنرن کە هەڵەو چەوتن, دەشێت دوای سەرلەنوێ تاوتوێ کردن و داڕشتنەویان راستیات تێدا بەدەرکەوێ, بۆیە مافی خۆیانە رێگەیان پێ بدرێت.

• ئەگەر حاڵەتی دووهەم هەر وادەرچوو کە بیروباوڕەکە هەڵەیە, ئەوا هەر باشترە رێگری لێ نەکرێت, چونگە رێنەگری لێی دەبێتە هۆی سەرهەلنەدانی دۆگمای راستی بیروباوەڕێك, بۆیە رێدان بەباوەری ناڕاست لەخزمەتی راستیدایە.



لێرەدا مێل ئازادی بیروڕاو گەیشتن بە هەقیەقەت و لێکبوردەییی پێکەوە گرێدەدات, ئەمەش بۆخۆی نوێکاریە کە لای لۆك بەدی ناکرێت, گەرچی لۆك پێی وایە جیاوازی و فرەیی بیروباوەڕاکان واقیعێکە کە رێگری لێناکرێ چونکە بەستراوەتەوە بەناخ و هزری مرۆڤەوە. پاشان پێی وایە کە نەبوونی لێکبوردەیی ئازادی بیروباوەڕ لە سەردەمی خۆیدا کە چاخەکانی ناوەڕاستە، بەندە بەهۆکاری سەرەکی شەڕوشۆڕو پێکدانادانی گروپ و لایەنە ئایینیەکانەوە. واتە بەرئەنجامی نەبوونی ئازادی و لێکبوردەییە, کە لە نامەکەیدا بەناوی "دەربارەی لێکبودرەییی" لە ساڵی (١٨٧٦) دا نوسیوەتی. هاوکات فرەیی و جیاوازی بۆچوونەکان لای میل جۆرە ئەزمونکارییەکە (ئێکسپریمێنتێلە), چونکە مرۆڤ لەڕێی تاقیمەنی و ئەزمونکردنەوە گەشەدەکات, تێدەگا, پێدەگات.

واتە توانی نوێ بوونەوەی هەیە کە ئەمەش دیدی پراگماتیزمییە بۆ ئازادی و لێکبوردەیی کەوەك ئامرازو ریگەیەك بەگەیشتن بەبەختەوەری مرڤ و کۆمەڵ دادەنرێ, ئازادی لەبەرخۆی نیە, بەڵکو بۆ گەیشتنە بە تەبایی. بەرای میل جیاوازیەکان دەوڵەمەندییە, چونکە بەهۆی ململانێی دیدوبۆچوونەکان (نەك جەنگ وشەڕوشۆڕ) هەقیەقەت بەدەردەکەوێت, هەربۆیە ئازادی بیروڕاو بیرکردنەوە گرنگە. بەڕای ئەو ئازادی تەنها گەرانتییە بۆ پتەوکردن و پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و کۆمەڵ بەشێوەیەکی هارمۆنی. ئازادی بۆخۆی لەپێناوی خۆیدا مەرج نیە لای ئەو, چونکە ناوەڕۆك و چیەتی بیرواباوەڕەکە نیە گرنگ نیە,  بەڵکو ئازادی و لێکبوردەی پێشمەرجە بۆی, چونکە ئامانج ئاشتی و باشی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە.

لێرەوە پێویستە مرۆڤ سنگفراوان و لێبوردەو حەوسەڵەی ئەویتری هەبێت. واتە تێگەیشتنی بۆ بیرکردنەوەی جیاوازی ئەوانی تر هەبێت, وەهەروەها هیچ بۆچوونێك رەت نەکاتەوە هەر لەبەرئەوەی جیاوازە لەهی خۆی. بەڵکو رێزو جاری وەهاش هەیە

پێویستە بیروبۆچونی ئەویتر بنرخێنێت, واتە لێبوردەیی خەسڵەتێکی پاسیڤانە نیە. بەڵکو دانپێدانان بە بەرامبەر و رێخۆشکردنە کە مەرجن بۆ چاوپۆشی لە چۆنیەتی ئەویتر. لەلایەکی دیکەوە مرۆڤ هەقی بەسەر بۆچوونی ئەویترەوە نەبێت بەئەندازیەك, چونکە بیروباوەری ئەویتر بۆ ژیان بەمەسەلەیەکی شەخسی و تایبەت بەخودی ئەوکەسە بزانێـت بەدەر لە بۆچون و وسەرنجی کەسانی تر لەو بارەوە تێی بڕوانیێ.

بۆیە "پلورالیزمی بەهایی" پێداگیری لە هەقیقەتی بەهایەکی جیاواز دەکات. واتە هەقیانەت بدەیتە کەسێکە کە کردەوەو و جوڵەکانی بەهەند بزانیت, بێئەوی تۆ خۆت باوەڕت پێیی بێت. چونکە ئەو کردەوەیە یا هەڵسوکەوتە بۆئەوکەسە بەهادارە. ئەمە لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ پێشمەرجێکە بۆ پێکەوەژیان. بەڵام لە میانەی نێوان فەرمانڕەواو کۆمەڵ پێویستە لایەنێکی دەسەڵاتداری جێبەجێکردن بەفەرمی جارناجارێ چاودێری رەفتاری گروپە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵ بکات. وەلیێ نابێت هەستیێ بەکۆنترۆڵکردنی خودی بەهاکە (لێبوردەیی) و هەڵسەنگاندنی, چونکە ئەوە پێچەوانەی بەهای لێبوردەییە. بۆیە ئازادی بەخشین و دەستنەخسنە ژیانی هاوڵاتیان و بیروباوەری ئاینی, دەگەرێتەوە بۆ مافی ئیخیتار هاوکات بەندە بە پاراستنی بەرژەوەندی هاوڵاتیانیشەوە.

هەندێك بیرمەند لێبوردەیی بەواتایەکی تر بەکاردێنن, واتە تۆ بیروبۆچوونی ئەویتر سەرباری باشی یا خراپی سەخڵەت نەبێت. لێرەدا هاوکێشەی پەیوەندیەکە لەنێوان لێکبوردەو لێبوردراو لەسەر بنەمای هێزو توانا بەندە. واتە ناهاوسەنگ و ناهاوتایە, چونکە لایەك دەیبەخشیێ و ئەویدیکە وەرگرەو بەس. وەك لەفەلەسەفەدا ئەو پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ئەو پەویەندییە بە ناسیمێتریك (asymmetric) دادەنێن. بەڵام لێبوردەیی بە واتای دووەم وابەکاردێت: پەیوەندیەکی هاوتاو هاوسەنگ بێت و رێز داننپێدانانی دوولایەنە لەئارادابێت. بۆیە



لەنێوان رێزو چاوپۆشی کردنا هەمیشە کەلێن و ناوچەیەکی نادیار هەیە کە هی هیچ لایەنیێ نییە. هەر لەبەرئەوەشە لەدۆخێك دا کە چاوپۆشی و لێکبوردەیی تێدابێت, هەمیشە پڕوبارگاوییە بە کێشمەکێش و گرژی گەرچی هەردوولایەنەکە لێبوردەیی وە ئەدگارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیش دابنێن. بێگومان وەك رەیچڵ دەلیێ:

"Tolerance is, no doubt, a virtue, a tolerant person is willing to live in peacful cooperation with those who see things differently. "

واتە, بێگومان لێکبوردەیی ئەدگارێکە کەکەسی لێبوردە بخوازێت ئاشتیانە هاوکاری لەگەڵ ئەوانەی شتەکان بەشێوەیەکی جیاواز دەبینێت بکات". بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نیە کە تۆ بڵێت هەموو ئایین و بیروباوەرێك بەلاتەوە خوازراو ویستراوە, یاخود حەزی پیێ بکەیت. بەپێچەوانەوە, گەرتۆ لای خۆت باوەڕو بۆچوونێکت لەئەوی تر پیێ باشتر نەبێت, ئەوا هیچ شتێك نیە کە تۆ چاوپۆشی لیێ بکەیت. بەواتایەکی تر رەیچڵ دەڵێت, لێبوردەیی ئەوەنیە کە تۆ بیروباوەڕی ئەوت لاپەسەندو باش بێت, بەڵکو هونەری لێبوردەییی لەوەدایە تۆ بارو‌ڕ بیری ئەویتر پیێ پەسەندو باش نەبێت, وەلیێ چاوپۆشیشی لیێ بکەیت (Rachel ١٩٩٩: ٣٣).

هەندێك بیرمەندی تر پێیان وایە کە دەبێت جێکاردنەوە لە نێوان لێکبوردن و فەرامۆشکردن و کەمتەرخەمی بەرامبەر بە ئەویتر دل هەبێت (سمیر امین ١٩٩٢:٩). چونکە گەر کەسێك هیچ هەستێکی نەبێت بەرامبەر ئەویتر ناشتوانێت قبوڵی بکات, ئەگەر ئەو کەسە یا دیاردەیە نەبێتە مایەی سەرئێشەو پرسیار. کەواتە لێبوردەیی ئەوەیە چاوپۆش بێت بێئەوەی ئەویتر فەرامۆش بکەیت و پشتگوێی بخەیت لە ژیانی رۆژانە یا سیاسیدا. لێرەوە لێبوردەیی خۆهەڵنەقورتان و دەستنەخستنە کاروربارو کەسانی ترەیەوە و مەرجیش نیە تۆ سۆزداری

(sympathy) و دڵخۆشی بۆ بیروبۆچونەکانی تر هەبێت (Rachel ١٩٩٩: ٣٣).
ئەونەدە هەیە کە تۆ مافی جیاوازبوون و دەربڕینی هی ئەویتر ناسرێتەوە.

کەواتە ئاساییە گەر مرۆڤی لێبوردە(لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی) هەڵسەنگاندن و بڕیاریشی هەبێت لە چیەتی و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی بیروباوەڕو کولتورێکی دیکە, بەڵام وەك ڕۆڵس لە نوسینەکەدیدا روونی کردۆتەوە دەبێت بڕیار- حومکدان- قەزاوەتکردن و سەپاندنی بڕیارەکە

(and making judgment,enforcing that judgment) لێك جویێ بکەینەوە. چونکە دەشێت مرۆڤ یا لایەنێك رەخنەو هەڵوێستی دەربارەی رەفتاری دەوڵەتێك یاخود مرۆڤێك هەبیت, بەڵام مەرج نیەو پێویست ناکات خودی بڕیارو حوکمەکە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە, چونکە بڕیارو حوکمدان کاری دەسەڵاتی داداگاو جێبەجێکردنە, هەروەها پرەنسیپی لێکبوردەیی لەسەر بنەمای دەست نەخستنە کاروباری ئەویترەوە دامەزراوە (Kok-Chor Tan ٢٠٠٤:٦). هەڵبەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەم پرەنسیپە (کەم تازۆر)پەیرەوەی لێدەکرێت, بەتایبەت ئەگەر دەوڵەتێك مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکات, هێرش ناکرێتەسەری و دەستناخرێتە کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکەوە. هەروەها لەسەر ئاستی نێوخۆیش, دەشێت بیروبۆچوون و جۆرە هەڵسوکەوتی کەمینەیەك پەسەند نەبێت و نەگونجێت لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا, بەڵام مەرج نیە بڕیارێك بسەپێنرێت بەسەر گروپەکەدا.

لێرەوە پرەنسیپکە بەستراوەتەوە قبوڵکردنی جیاوازییەکانەوە. سەرەڕای ئەمەش والزەر شتێکی تریش دەخاتە سەرچەمکی لێکبووردەیی. لێکبوردەیی بەتەنها پەسەندکردنی ئەویترنیە, بەڵکو ڕێزگرتنیشیەتی وەك هاوشان و یەکسان بەخۆت. واتە کەسی لێکبوردە وەك چاکەو خێر لەتەك ئەویتردا مامەڵەناکات, بەڵکو ڕێزشی دەگریت وەك خۆی. چونکە "چاکەکاری" وەك بەزەییهاتنەوە و چاوقونجان لەئەویتر کەدەشێت خەمساردی و گوێ نەگرتن بۆ داواو دیدی ئەویتر بێت. هاوکات ئەم



هەڵوێستە پاسیڤیەت و نەبوونی دیالۆگ و خەمساردیەی بەرووی ئەویتردا. چونکە تۆ خۆتی تێناگەیەنی و خۆتی لیێ لادەدەی, ئەگینا بە ئەکتیڤی رووی نادەیتیێ و بایەخی پیێ نادەیت وەك هاوشان و یەکسانیێ. بۆیە ئەو دیدە کلاسیکە گونجاو تێر نیە بۆسەردەمی قولبوونەوەی جیاوازیەکان و فرەناسنامەیی لۆکاڵی ئەمڕۆ.

## ٥. لێکبوردن و ڕێژەگەرایی؟

لەکوێدا لێکبوردەیی کۆتایی پیێ دێت و ڕێژەگەراییی دەست پێدەکات؟ دیارە سەرباری جیاوازی, نزیکیەکیش لەنێوان لێکبوردەیی و ڕێژەگەرایەکدا هەیە: کە لە راستیدا دەگەرێتەوە بۆ باش حاڵی نەبوون لەچەمکی یەکەمیان. چونکە هەندێك وابۆی دەچن کاتێك تۆ لێبوردەی، گەر هیچ برێار بەباشە یاخراپ لەسەر بۆچوون و رەفتاری جیاوازی ئەویتر نەبێت و هاوکات وادابنێیت شتێك نیە بەناوی رەفتاری باش و خراپ. بۆیە ئەوەی کەسێك رەفتارێك بۆنموونە دژ بەمرۆڤایەتی دەکات, تۆ هیچ هەڵوێستت نەبێت بەناوی ئەوەی پێوەرەکانی مافی مرۆڤ جیان و ڕێژەیین! مرۆڤ بۆنموونە لەسەر مافی مێینە و یەکسانیی هیچ هەڵوێستی نەبێت لەبەرئەوەی تۆ دەبێت رێزی جیاوازی کولتوری بگریت! کەاوتە ئەمە ئەوەناگەیەنیێ تۆ هەڵسەنگاندنت لەسەر هەندیێ پراکتایکی نالێبوردە نەبێـ و هیچ ڕایەکت لەسەر بۆچوون بیروباوەڕێکی تر نەبێت, یاخود هەموو بیروباوەڕکانت لا راست و چاك بن وەك یەك. چونکە لێکبوردەیی ڕێژەگەرایی گەرچی لێك نزیکن بەڵام وەك یەك نین.

بۆیە ماف و پایەی مێینە لە کۆمەڵگەیەکی لیبراڵدا جێی پرسیارە, چونکەکایەی تایبەت شوێنێکی دوورەدەستە لە بازنەی دەسەڵات, نابێت حکومەت توخنی بکەوێت, لەبەرئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی سیاسەتی دەسەڵاتی لیبراڵ. دیارە کەسێکی لیبراڵ و ڕێژەگەرا پێی وایە کە نابێت قسە لەسەر ئەوەبکرێت و حکومەت هیچ هەڵوێستی نەبێت لەسەر ئەوەی لەناو خودی خێزاندا چ نایەکسانی هەبێت.

واتە خێزان و کێشەکانی دەچنە خانەی تایبەتەوە کە کارو ئەرکی دەسەڵاتی سیاسی نیە. بەڵام وۆلزەر دەریدەخات رات نیە کە دەوڵەت هەر رۆڵی تەماشاکەری هەبێت, لەهەموو حاڵەتەتێکدا ئەگەر پێشلیکاری هەبوو دەبێت رۆڵی خۆی لەرێگەی دادگاو ئەو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە. چونکە ئەرکی دەوڵەت تەنها پاراستنی هێمنی و ئاسایش و سەقامگیرییە.

### ٦. سەقامگیری و یەکانگیری کۆمەڵایەتی:

وەك باسکرا لێکبوردەیی بەستراوەتەوە بەجیاوازی و فرەیی کولتوری و بیروباوەرەوە. بەڵام تاکۆی دەبێت جاوازیەکان قوڵبێت و لەکوێدا پێویستە هەماهەنگی و ئاسایش و ئاشتی بپارێزرێت؟ بەتایبەتی کاتێك جیاوازیەکان دەبنە مایەی ململانێی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی؟

بێگومان ئیشکالیەتێك هەیە کە کاتێك لێبوردەیی رژێمێکی کراوەو "بەربەرەڵڵا" دێنێتە بەرهەم کە هەموو شتێك لەژێر ئەو ناوە و ئازادی جیاوازییەکان دا بێ سنوربن. بەدەربڕینێکی تر, سنگفراوانی ببێتە هۆی لێڵبوون و شێوانی پێوەرو سنوورەکان. هەربۆیە تاکوێ لێبوردەو چاوپۆشی بکرێ. پیتەر نیکلسن پێی وایە لێکبوردەیی وەك هەر بەهایەکی رەوشتی خۆی سنوری خۆی دەستنیپیشاندەکات (٤٣: نیکلسن :التسامح). واتە تۆ کاتێك دەتوانی داوای لێبوردەیی لەبەرامبەر بکەیت, کە خۆشت باوەڕت پێی هەبێت, چونکە بەسراوەتەوە بەبنەمایەکی رەوشتییەوە کەدەبێت هەموو یەکیك لەبەرچاوی بگرێ و هەروەها لەبەرئەوەی بیرۆکەکە لەسەر بنەمای رێزگرتنی بەرامبەر دامەزراوە (نیکلسن ٤٤ التسامح).

وۆلزەر بۆچونێکی هەیە بۆ هاویەکی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی کە ئەگەرچی مرۆڤ بیروباوەڕی خۆی هەبێت لە کۆمەڵگایەکی لیبراڵدا: کە ئەویش لەسەر



بنەمایەك بەندە بەناوی (Civil religion). واتە "ئایینێکی سیڤیل" بۆ هەموو پێکهاتە جیاوازەکان. وشەی "ئایین" لێرەدا بەمانا باوەکەی نا, بەڵکو مەبەست لە "ڕشتێك –کۆمەڵێ- یا چەند سیمبولێ و سروت و رێورەسمێك هەست و واتای هاویەکی و هاوسۆزی و ئینیتما دەبەخشێت کەزۆر جار دەیبەستینەوە بە ئایین و پیرۆزەوە". (Johnson:٣٩ ). کەواتە چەند کۆدو باوەرێك کە لەلایەن دەوڵەتەوە پیادەدەکرێت, لەبۆ پتەوکردنی ئینتمای گشتی و گیانی پێکەوەژیان و هەماهەنگی نێوان جیاوازەکان. ئەو ئایینە شێوازێکە لەرێکخستنی پەیوەندی تاك و گروپەکانە لەلایەك, لەلایکی ترەوە گرێدانەوەی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتە. ئایینی مەدەنی, واتە پەروەدەی نیشتمان لەرێی هەندێك چیرۆکی مێژوویی و وانەو پەندو نموونەو یادەوەری و بۆنەو چییەوە لە پرۆگرامیکدا (Walzer ٩٩: ١٠٠).

لێرەوە ئەمەش جیاوازییەکە کە لەنێوان وۆلزەر و رۆڵسدایە. چونکە وۆلزەر پێی وایە دەبێت دەوڵەت, حکومەت لەناوخۆدا رۆڵی پۆزەتیڤ و ئەکتیڤی هەبێت و دەروەستی ئەو جیاوازیانە بێت کە دەشێن ببنە هۆکاری لاوازی ئینیتماو لێکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتی. ئیدی ئێمە ناتوانین باس لەریکوپێکی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەین, چونکە گەر فرەیی و جیاوازیەکان لێکترازان و کەلینی لەنێوان گروپ و تاکەکەدان دروستکرد. پێکەوەژیان رۆڵی چالاکی حکومەت دەخوازێت لە دابینکردنی پەیوەندییەکی ئاشتیانەو نزیکخەرەوەدا لەسەر هەموو ئاستەکان. چونکە گەرچی لە دیموکراسیدا "کایەی گشتی" موڵکی هەموو چین و گروپەکانە و نابێت دەوڵەت دەستی تێوەردات, بەڵام لەپێناو پاراستن و هەماهەنگیدا نابێ دەوڵەت دەستەوسان و بێ هەڵوێست بێت.

ئیدی گەر کاتێك کۆمەڵگەیەك بەرەو شێوان بچێ بەهۆی جیاوازیی و فرەیی بێ سنورەوە تەبایی نامێنێ, چونکە زۆر فراگیل-ناسك- و ئەگەری شێوانی زۆرە. چونکە تۆکمەیی و توندوتۆڵی و یەکانگیری لەسەر بنەمای ئیختیاری و جیاوازیە,

هەرئەمەش خاڵێکی دەوڵەمەندکەرە لەرووی سیاسی و کولتوریەو, بەڵام دەشێت ببێتە هۆی بچڕانی شیرزاەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و لێکدەرچوونی پەویوەندییەکان لە ڕێڕەوی سروشتی خۆی نەگرێ.

پێکەوەژیان و سەقامگیری سیاسی و یاسایەك و ڕێکخەرێکی مۆراڵیانە دەخوازێ. ڕاستە کەدەبێت لەسیستمی لیبراڵدا حکومەت بێلایەن بێ و لایەنگیری رەوتێکی ئایینی یا ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی نەکات, بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نیە کەحکومەت رۆڵی سەیرکەری پاسیڤی هەبێت. بەڵی ڕاستە کایەی تایبەت, هی تاکەکەس کاری دەوڵەت نیە, واتە دۆمەینی-کایەی تایبەتە- وەك مێل پێی وایە: هەموو تاکێك تێیدا سەربەخۆیە, کە ئەمەش مەرجە بۆ ئۆتۆنۆمی و سەرپشکی مرۆڤ کە لەرێی ئیختیارێکی ئەقلانیەوە ژیانی خۆ رێکبخات. بۆیە لەو کایەدا لێبوردەیی زەرووڕە بەڵام جیاوزییەکی گرنگیش هەیە کە نابێت فەرامۆشی بکەین. لای وۆلزەر دوو جۆری لێکبوردەیی هەیە: پاسیڤ و ئەکتیڤ. ئەوەی یەکەم بەووتەی وۆلزەر ئەمەیە (resigned acceptance of difference) واتە لەپێناو ئاشتی دا. ئەویتریش دەستپێشخەری و بەتەنگەوچوونی فرەیی جیاوازیە بەشێوەیەکی گونجاو کە هەر قبوڵکردن نەبێت, بەڵکو رێز لە یەکگرتنیش هەبێت.

### ٧. نزێکایەتی لێبوردەیی و جیاکاری (discrimination):

دەشێت لەهەندێك باردا لێبوردەیی بەرامبەر گروپ و ئاین و بیروباوەر یا نەژادێك, بەتایبەت لەبەرامبەر کۆی پێکهاتەکانی تری کۆمەڵدا, ببێتە هۆی زەقکردنەوەی جیاوازیەکان و هەڵبژاردنی گروپێك بەسەر ئەوانیتردا. چونکە بیرۆکەی جیاوازی مەرجە کە لێکبوردەیی هەبێت, بەڵام کاتێك زیادەڕەویی لەجەختکردنە سەر جیاوازییەکان سەردەکات بۆ جیاکاری ئەوسا ئاکامێکی پێچەوانەمان دەستگیردەبێت. واتە گەر هەر جیاوازی کولتوری و بیروباوەڕی ئایینی و نەژادی



وامان لێبکات مامەڵەی جیاکارانە بکەین لەگەڵ ئەویتردا هۆیەکە بۆ دروسکردنی کەلێن و دابڕانی هەمەیەکیی کۆمەڵ. هەربۆیە مێژونوسی بەناوبانگی ئەڵمانی (E.H. Kossmann ١٩٨٤) پێی وایە کە لێبوردەیی یەکسانە بەسیاسەتی جیاکاری*. چونکە ئەو لێبوردەییە لەپێناو گروپێکداو جیاکردنەوەیەتی لەوانی تر بە دانانی پلەیەکی تایبەت بۆ گروپێك لەریزبەندییەکی پلەپلەدا (hiërarchie) بۆخۆی جیاکاریکردنەوە کەمینەیکە لەبەرامبەر ئەوانی تردا. ئیدی لەمروەوە لێبوردەیی لە پرەنسیپی یەکسانیەوە دەستی پێنەکردووە, بەڵکو لەسەر هەڵاواردنی لایەنێکەو بەس!

دیارە لێرەوە مەسەلەك هێندەی تریش ئاڵۆز و بەیەکداچووە, هەربۆیە مەسەلەی فرەکولتوریش جاری وایە هۆکاریکە بۆ جیاکاری گەرچی لەسەرە پرەنسیپی ئازادی و مافی کولتوری جیاواز دامەزراوە. بۆنموونە ژنەفەیلەسوفی ئەمریکی مارتا نوسباوم (Martha Nussbaum) جۆرە تەنگەژەیەك دەکاتە نموونە کەمرۆڤ نابێت کولتورو پێوەری خۆی بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت ئەگەر رەوشی کەمینەیەك کولتوری مەحکوم بکەیت. چونکە ئەندامەکانی ئەو گروپە خۆیا پێوەری تایبەتێن هەیە سەبارەت بە چاکەوخراپە. بەڵام ئەگەر لە کولتورو کۆمەڵێکدا مافەکانی مرۆڤ پێشیلکران لە ژێر ناوی مافی جیاوازی و سەربەخۆیی کولتورییدا ئەوا ئەو کولتور و دیدە جێگەی پرسیارە. راست لێکبوردەیی بەستراوەتەوە بە جیاوازی و فرەیی پلوراڵیەتی کولتوریەوە لەکۆمەڵدا. گەرچی دەشێت لێکبورەیی هۆکاری جیاوازی و ململانێی کولتوریش بێت, هەمان شتیش راستە بۆ سیسیتمێکی دیموکراسی.

بۆیە خەوشەکانی لێبوردەیی (کە بەهۆی هەڵە تێگەیشتنەوە لە چەمکەکە) دەکرێت ئەمانە بن:

١. هۆکارێك بێت بۆئەوەی مرۆڤ نەتوانێت جیاوازیەکان بەدی بکات و بەئاسانی رابورێت بەسەر بریارێکی رەوشتیدا, واتە هیچ تێگەیشن و لێکدانەوە و

هەڵسەنگاندنی نەبێت بۆ رەوش و هەڵسوکەوتێك, چونکە لەهۆشیاری لێبوردەییدا جیاوازی وەك بەڵگەنەویست سەیرکردوەو و نایەوێت قسەشی لەسەر بکات, وخۆشی تێنەگەیەنێت. بەمە جیاوازیەکان دەبێت جێگاو شوێنی خۆیان هەبێت,نەك فەرامۆش کرێن.

٢. ئەو پارادۆکسەی لەو چەمکەایە ئەوەیە کە زەرورە و هەم ئەستەمیش مرۆڤ لەکۆمەڵدا جێبەجێی بکات. زرورەرە بۆ ئاشتەوایی نێوان پێکهاتەکان ناشکرێت بەردوم لەکۆمەلگەیکی فرەجیاوازدا بەرقەراربێت.

### ٨ .تێگەیەشتنێکی تر بۆ چەمکەکە:

دوای ئەو مشتومرشەی کە لەسەر چیەتی و ناوەرۆکی چەمکەکە دامەزرا, پۆیستە پێناسەیەکی تر پێشکەش بکەین بۆ لێبوردەیی چ وەك چەمکێکی مۆدێرن و هەروەها وەك بۆچونێکی پۆستمۆدێرنیش. چیدیکە ئەمرۆ لە کۆمەڵگای خۆماندا ناتوانین چاو لە واقیعی فرەیی کۆمەڵ بنوقێنین. هاوکات ئەو دۆخە ناهەموارە, مۆلەقە چونکە راگوزارە لە بیربکەین. وەلێ دەبێـت پرەنسیپی لێکبوردەیی ببێتە دیاردەو رەوشێکی نیشتمانی و کولتوری گشتی. واتە چیدیکە ئەو بۆچوونە باوەی کە پێی وایە کەسانێك یا لایەنێك کە خاوەنی دەسەلاتن لەبەرەیکن و ئەوانی تریش لەبەرەیەکی تر بۆخۆی کەچە(کوموکورتە). چونکە ناکرێ کۆمەڵگا بەسەر بەسەر دوو بەرەدا, یەکێکیان بەخشندە میهرەبان و ئەویتر وەرگر و بەستەزمان بێت. واتە بەرەیەکی لێبوردە لەبەرامبەر لێبوردراودا خۆی بکاتە خاوەن دەسەلات. لەبەرئەوە پرەنسیپێك هەیە کە یەکسانییە وەك رەوشێکی کولتوری و سیاسی دەبێت لە لەپاڵ لێبوردەییدا جێی خۆی بگرێت.

لەبەرئەوە ئێمە لەبەرامبەر دوومۆدێلداین بۆ لێبوردەیی:



- لێکبوردەیی سیمێتریك, واتە یەکسان و هاوشانێك لەهەردوولاوە بێت. واتە لایەنەکان کراوەن و هەمان ئینتما کۆیان دەکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا بیروباوەڕی جیاوازی خۆشیان دەمێنێتەوە.
- لێکبوردەیی نایەکسان,کە هەمیشە وەرگرو و بەخشەر دەبێت, لایەك پاسیڤ و ئەویتر ئەکتیڤ. ئەمەش یەکڕەهەندو و گیانی پێکەوەبوون بێهێز دەکات. واتە "ئێمە" یەك بەرامبەر بە "ئەویتر" کە خۆی بەخاوەنماڵ و ئەویتر بە میوان دەبینێت. لەم حاڵەتەشدا یاتواندنەوە یا پەراوێزخستنی ئەویتر دەبێتە میکانیزمێ بۆ کۆنترۆڵ و ئامانج, چونکە دەشێت بواردان ستراتیجیەتێکی کاتی بێت بۆئەوەی دواجار ئەویتر بێتە ناویەوەو بتوێتەوە.

بێگومان مۆدێلی یەکەم شیاوتر و شارستانیترە. هەربۆیە مەرجی ئەو لێکبوردەییە ئەمەیە کە قبوڵکردن جیاوازی ئەو لەبیرکردنەوە هەڵسوکەوتداو هەم رێزگرتنی ناسنامەو کولتوری و پاشان رێگەنگرتن لە بەشداری لەبوارەکانی ژیان وەك سیاسەت, کولتور و هتد.. دەبێت ئەم مەرجانە دوولایەنە و یەکسان بێت, نەك تەنها لەلایەنێکەوە ئەنجام بدرێت. واتە شتێك نەبێت کەلایەنێك خۆی بەدەسەڵاتر و بەهێزتر دابنێت و بەچاوی بەزەیی و خۆپێفدانەوە بنوارێتە ئەویتر. هاوکات ئەوەیە کە لایەنەکان پرەنسیپی لێبوردەیی بەشێوەیەکی یەکسان و دوولایەنە پەیڕەو بکەن, ئەگینا هیچ مانایەکی نابێ.

گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیاری سەرەکی باسەکە ئاخۆ بۆچی لێبوردەیی پێداویستیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. دیارە گرنگی و رۆڵی لێکبوردەیی لە کۆمەڵگایەکی فرەنەژادو کولتور و جیاوازی لەزۆر رووەوە, دەتوانین بڵێین لۆك لە پەرتوکی "لێکبوردەیی" دا سەرکەوتووانە وەڵامی داوینەتەوە کە باشترین و تەنها مۆدێلێك کە دەوڵەت پەیڕەوی لێبکات لەو حاڵەتەدا بۆ " مامەڵەکردن لەگەڵ هەمەجۆری ئایینی و ئیتنیکی بێلایەنی (واتە لایەنگیری نەکردنی بیروباوەڕ و

ئاییینێك) و هاوكاری خۆبەخشە. (Walzer ١٩٩٨: ١٢). دیارە كۆمەڵگایەكی تەباو سەقامگیرو یەكانگیر پێویستی بەم بنەمایە هەیە بۆ پێكەوە ژیان. چونكە ئەوەی مانا دەبەخشێت بە ژیانی مرۆڤ بەتەنها وەدەستخستنی شتەمادیەكان نییە, بەڵكو ئەو پەیوەندییە مرۆییە كە دەبێتە پریدێك بۆ گەیاندی تێگەیشتن وڕێزو بەهای نێوان هاومرۆڤەكاندا.

### ٩. كولتوری كوردی پرەنسیپی لێبوردەیی:

لەوانەیە ئەنجامگیرییەكی دڵخۆشكەرنەبێت گەر بڵێین هزری لێبوردەیی لە فەرهەنگی سیاسی و كولتوری كوردیدا رەگی دانەكوتاوە, لەبەرئەوەی هزری كوردیی تا ئەم ساتەش هزرێكی بكەر و كارانییە. بەڵكو تێگەشیتنی بۆ چەمك و بنەماكانی ژیانی هاوبەش و پێكەوەژیان زێتر رەنگدانەوەی ژیانی نائاسایی رۆژانەیە كە هیچ بیرلێكردنەوەو بەرخوردی لەگەڵ پرەنسیپی وەك لێبوردەیی و رێزی جیاوازی و مافی ئەویتردا نەبووە. هەر بۆیە ئاستەنگێكمان لەرووی زمانەوانییەوە دێتە بەردەم گەر باس لە سەرەداوەكانی ئەو چەمكە بكەین كە پێشتریش ئاماژەی پێدرا. لە زمانی كوردیدا لێبوردەیی سنگفراوانی و چاوپۆشی و بەخشین دەگرێتەوە. بەڵام ئەمە تەواو واتای چەمكەكە نادات بەدەستەوە. چونكە ئەو تێزە بۆ لێبوردەیی و چاوپۆشی خۆشبونە لەهەقی خۆت كاتێك كە كەسێك هەڵەیەكت بەرامبەر دەكات, یاخود چاوپۆشی لەكەموكورتی نەنگی ئەویتر بكەیت.

بەڵام لەمڕۆدا چیدیكە ناتوانیتن جیاوازییەكان وەك ماف سەیرنەكەین و بەچاوێكی باوكسالارانە لە ئەوێكی جیاواز بڕوانین. جیاوازی بۆخۆی هەڵە نییە تا چاوی لێبوقنجێنیین, بەڵكو پێدراوو زەروەرتێكی كۆمەلگای ئەمرۆی كوردستانە. ئەگەر زیادەڕەوی نەبێت بوترێت كە پاش چەند دەیەك لە شەڕی ناوخۆیی و ململانێی خوێناوی ناو ماڵی كورد, زەرورترین پرەنسیپ بۆ قبوڵكردن و گرێدانەوی



جیاوازیەكان پێكەوە, لێبوردەییە لەسەر هەموو ئاست و كایە جیاوازەكانی كۆمەڵ. چونكە جێگرەوەی هزری لێبوردەیی هەمیشە توندوتیژییە, نائارامی و بێ متمانەیی كۆمەڵایەتی وترسی سیاسییە. هاوكات ترسانە لەیەكتری و مافەكانی هەریەكێك لە كۆمەڵدا.

دیارە راستیشە كە هزرو پرەنسیپی لێكبوردەیی زادەی شەڕی ناوخۆ جەنگی ئایدۆلۆجی و جیاوازی ئاییینییە لەزۆر شوێنی دونیادا. كەواتە دوای ئەوندە ساڵ وئیستاش كە ژیانی سیاسی بارگاوییە بە كێشمەو ململانێ لەسەر پێگەی دەسەڵاتی سیاسی, رۆڵی ئەو پرەنسیپە بۆتە زەرورەتێكی سیاسی و فەرهەنگی. بێگومان ئاشكرایە كە هیچزە بكەرو چالاكەكانی گۆڕەپانی سیاسی زۆر قۆناغی جیایان تاقیكردۆتەوە جگەلە لە لێبوردەیی چ وەك ئامانج یا وەك ستراتیجییەتی كار. ئیدی هەنگاوێكی گرنگ وگەورە لەردەمیانا ماوە كاری بۆ بكرێ ئەویش كە پرەنسیپێكی مرۆییە كە دەستەبەری سەقامگیری سیاسی و یەكانگیری كۆمەڵایەتی بە هێشتنەوە جیازای و فرەبیروباوەڕو و كولتورەوە دەكات.

ئیشكردنیش بەو ئاراستەیەدا پێویستی بە بەرچاورونی فەلسەفەو هزری ئازادو كراوە هەیە. بەرنامەڕێژی بۆ بڵاوكردنەوی هزری لێبوردەیی پێویستی بە لەیەكتێگەیشتن و یەكتری قبوڵكردن ورێز لەیەكگرتن هەیە. دیالۆگ و گوێگرتن و دانوستان هەمووی تەكنیك و رێگان بۆئەوەی هەموو تاكێك لەیەكتر نزیكبێتەوە بەهێشتنەوەی مافی جیاوازیشەوە.

وەلێ ئەم هەنگاوە پێشئەوەی بانگەشەیەكی سیاسی بێت, بەرنامەیەكی پەروەدرەییە لە بۆ رۆشنبیری گشتی هاوڵاتیانو سیاسەتمەداران و فەرمانبەرانی دامەزراوو دەزگاكان. هیچ دیموكراسی ودەوڵەتی یاساو ئارامی و ئازادی سیاسی و كۆمەڵایەتی بێ پرەنسیپی لێبوردەی كامڵ نییە و ئەگەری مانەوەو بەردەوامیشی لاوازە. لە ئەمرۆی بزۆز و پشێوی كایەو بوراەكانی ژیانی ئێمەشدا, لێبوردەیی هەر

رۆڵی هێورکردنەوە ناگێڕێت, بەڵکو گرێدانەوەی جومگە لێکدابڕاو و هەڵوەشاوەکانی کولتورو فەرهەنگی ئێمەیە.

کەواتە بۆنەهێشتنی توندوتیژی و هزری نالێبوردەو کولتوری شەڕخواز, پێویستمان بە لێبوردەیی هەیە بەهەموو مانایەك. چونکە ئەوەی لێبوردە نەبێت بەرامبەر بەئەویترێکی جیاواز, لێبوردەو کراوەش نییە بەرامبەر بەخودی خۆی. ئاشتی و تەبایی پێشئەوەی بۆئەویتر بێت, دۆخێکی ناخەکی مرۆڤە. کەسێك لەگەڵ خۆیدا تەباو سازبێت, بەئاسانیش دەتوانێت لەگەڵ هەموو کەسێکدا وابێت. جا ئەمە لەسەر ئاستی پەروەدەو خوێندن کە پەیوەندی مامۆستاو قوتابییە یا لەسەر ئاستی فەرمانرەواو هاولاتیان بێت یا هەر بوارێکی تر, چونکە لێبوردەیی زەرورەتێکە بۆ هەموو شێك و هەموو لایەك. هەموومان بەلێبوردەییەوە دەبینەوە بەمرۆڤ. بەمرۆڤێ کە تواناو حەوسەڵەی داکۆکی لە ئەویتری جیاواز هەیە وەك ئەوەی پێداگیری ەسەر مافەکانی خۆی بکات. کەواتە بێ لێبوردەی مرۆڤبوونی ئێمە هیچ واتاو بەهایەکی نییە.



**سەرچاوەکان:**


١. M. Walzer; *Tolerantie*, Nederlandse vertaling; Ten Have ١٩٩٨,

٢. Marcel van Hoven; *de lege tolerantie Boom* ٢٠٠٠,

٣. *Eindeloos: de historisch tijdschrift. nummer: drie ٢٠٠٠

٤. Woordenboek filosofie pp. ٤٢٨-٤٢٩, ٤٤٤-٤٤٥,

٥. J. S. Mill: On Liberty, ٢٢-٦١; Oxford Worlds Calssics.١٩٩١

٦. James Rachels: *The elements of moral philosophy*, Third Edition, ١٩٩٩ McGraw-Hill, pp; ٣٣-٣٤, ٣٥-٣٦.

٧. Kok-Chor Tan, *Toleration in Rawals's Law of People*, pp ١-٢٤. ٢٠٠٤

٨. The Blackwell Dictionary of Sociology: Allan G. Johnson. Blackwell publishing ٢٠٠٠

٩. Iain Mclean & Alistair McMillan: Oxford Concise Dictionary of Politics, p. ٥٤٢. Oxford University Press ٢٠٠٣

١٠. نامەیەك دەربارەی لێکبوردن: جۆن لۆك, وە. شۆڕش جوانڕۆییی& فەرشید شەریفی, خانەی وەرگێڕان ل١١٧-٢٠٠٤

١١. التسامح بین شرق وغرب: دراسات فی التعایش و القبول بالآخر ( سمیر اخلیل, توماس بالدوین, پیتر نیکلسن, کارڵ پۆپەر و ئالفرید ئایەر), ترجمه ابراهیم العریس- دار الساقی ١٩٩٢

١٢. المعجم الشامل لمصگلحات الفلسفه: د. عبدالمنعم الحنفی, ص ١٩٣ , مکتبه مدبولی ٢٠٠٠

١٣. المعجم الفلسفی: د. جمیل صلیبا- الجزو الأول, ص ٢٧٢ . ؟؟؟

١٤. موسوعه لالاند الفلسفیه- الجزو الپالپ — ص: ١٤٦٢- ١٤٦٦ بیروت لبنان ٢٠٠؟

## تەندروستی و لێبووردەیی

د. رەوشت رەشید

**پ١/ چ زەمینەیەکی تیۆری لەبواری پزیشکیدا هەیە بۆ قسەکردن لەسەر لێبوردەیی لەبواری تەندروستیدا، ئایا پزیشکانی وەك پسپۆڕی تەندروستی لەچ بوارێکدا چاوەڕوانی لێبوردەییان لێ دەکرێت، بەبێ ئەوەی لێبوردەیی و بەزەیی پێداهاتنەوە تێکەڵ بەیەکتر بکرێت؟**

وەڵام: سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم کە پەیوەندی (پزیشك و نەخۆش) تایبەتمەندیەکی هەیە کە لە پەیوەندیە مرۆییەکانی تردا نیە. لەو پەیوەندیەدا ناکرێ چەمکی بەزەیی پێداهاتنەوە فەرامۆش بکرێ و باس نەکرێ، بەڵام هاوکات ئەو باسکردنەش بەمانای سوکایەتی پێکردن و بەکەم زانین و ڕێز نەگرتنی بەها کەسی و مرۆییەکانی نەخۆش ناهێت، پەیوەندی (نەخۆش و پزیشك) پەیوەندی خۆشەویستی کوڕ و کچێك نیە، کە چەمکی بەزەیی پێداهاتنەوە تیادا چەمکێکی ناتەندروست و نەشازبێت، هەروەها پەیوەندی نێوان دوو هاوڕێ و دوو مەعامەلەچی و دوو هاوەڵکار نیە کە بەزەیی پێداهاتنەوە بەمانایەك لەماناکان خۆ بەگەورەتر زانین بێت و بەرامبەری تیا بخرێتە گۆشەی بێ توانایی کۆمەڵایەتی یان دارایی، یان سیاسی .... هتد، لە پەیوەندی (پزیشك و نەخۆشدا) (چەمکی بەزەیی) چەمکێکی مەشروع و تەندروستەو بەدیوێکی ڕێزگرتنە لەبەها ئینسانیەکانی نەخۆش و تێگەیشتنە لەچرکە ساتێکی ئینسانی کە هەموو ئادەمیزادێك لەساتێك لە ساتەکانی ژیانیدا پیایا تێدەپەڕێت، بەدیوێکی تریش ئەم بەزەیی پیاهاتنەوەیە بەشێکە لەئەرك و وەزیفەکانی پزیشك و مانا بەخشینە بەپیشەی پزیشکی.



دەربارەی هەبوونی زەمینەیەکی تیۆری کەتیایدا قسە لەسەر لێبوردەیی بکرێت، ئێمە دەقێکمان لەبەر دەستدایە پێی دەڵێن سوێندی پزیشکی، ئەم دەقە لەلایەن (ئەپۆگرات)ی پزیشك و فەیلەسوفی یۆنانی دانراوەو تیایدا باس لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی چارەسەری و پرەنسیپەکانی ئەرك و مافی پزیشك و نەخۆش دەکات، دیارە ئەم دەقە بەدرێژایی سەدەکان و بەپێی جیاوازی کولتوورو کۆمەڵگاکان گۆڕانی بەسەردا هاتووەو دواجار بووە بە سوێندێکی یاسایی کە هەموو پزیشکێك پێش ئەوەی دەست بەکاری پزیشکی بکات دەبێ بیخوێنێت، لەهەندێ لەوڵاتانیشدا هەندێ لەبەندەکانی ئەم دەقە بووە بەدەقێکی یاسایی و لەدادگاو لەکاتی پیاچونەوەو دیاریکردنی ئەرك و مافەکانی نەخۆش و پزیشك وەك سەرچاوەیەکی یاسایی بەکار دەهێنرێت، لەم دەقەدا لەزیاتر لەشوێنێك ئاماژە بە میهرەبانی پزیشك و ڕۆحی لێبوردەیی پزیشك دەکات، ئەگەرچی لەم ئاماژانە ناراستەوخۆن، بەڵام دواجار دەچنە نێو چوارچێوەی لێبوردەیی و تۆلێرەنسەوە، بۆ نموونە لەشوێنێکی سوێندە پزیشکیەکەی ئەپۆکراتەوە هاتووە، سوێند دەخۆم کە چارەسەری دوژمنانیشم بکەم هەروەك چۆن چارەسەری دۆستەکانم دەکەم، ئەم ڕستەیە ئاماژەیەکی زۆر جوان و ئینسانیە بەچەمکی لێبوردن و پرەنسیپێکە پزیشك ناچار دەکات پابەند بێت بەماناو مەدلولەکانی تۆلێرەنسەوە، لێرەدا دەکرێ بڵێین ئەم ئاماژەیە ئەوەندە بەمانای بەزەیی پیاهاتنەوە نیە بە بەرامبەر بەقەد ئەوەی ڕێزگرتنە لەمانا ئینسانیەکانی بەرامبەر کەلە چرکە ساتێکدا نەخۆش دەکەوێت پێویستی بەیارمەتی ئینسانێکی دیکەیە کە پزیشکە.

لەشوێنێکی دیکەی سوێندی ئەپۆکرات پزیشك سوێند دەخوات کە میهرەبان بێت لەگەڵ نەخۆشەکانی و بەڵێن دەدات کە هیچ دەرمانێك بەمەبەستی کوشتن یان زەرەرپێگەیاندن نەداتە هیچ کەسێك تەنانەت ئەگەر لەژێر فشاریشدابێت. ئەم ئاماژەیە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ هەوڵێکە بۆ خولقاندنی ئەتمۆسفیرێك کە

تیایدا پزیشك لەرێگەی میهرەبانیی وخۆبەخشیەوە دەچێتە نێو پرۆسەی تۆلیرەنس و قەبولکردنی ئەویتر وەکو مرۆڤێك کە مافی ژیان و هەڵبژاردن و دەربڕینی هەیە. هەر ئەم سوێندخواردن و ئەم پابەندبوونەشە بە پیشەو ئەخلاقیاتی پزیشکیەوە کە وادەکات پزیشك لەدرێژەی ئەزمونی خۆیدا بەرامبەر بە نەخۆش تۆلیرەنت بێت و زۆرجار چەندین بارودۆخ وهەڵوێستی توند ونادروستیش لە نەخۆش ولە خزموکەسەکانیشی قەبول بکات ولێبووردە بێت بەرامبەر بە دەربڕین و دۆخنواندنە جۆراوجۆرەکانی نەخۆش. لەلایەکی دیکەوە لەکاتی خوێندنی زانستی پزیشکی و دواتریش لەکاتی مومارەسەکردنی پیشەی پزیشکیی بابەتێك هەیە پێیدەڵێن ( Medical Ethics ) واتە ( رەوشتی پزیشکیی ) . ئەم بابەتە پزیشکان فێردەکات کە چۆن لە بارودۆخ و ساتە جۆراوجۆرەکانی کاری پزیشکییان مامەڵە بکەن وبەند وبڕگەو وانەکانی ئەم بابەتە بەهەموو شێوەیەك پزیشك لەسەر ئەوە رادێنێت کە میهرەبان و لێبوردە بێت لەگەڵ نەخۆش و دەوروبەر. ئەمە یەکێکی ترە لەو دەقانەی کە دەکرێ وەکو سەرچاوەیەك بۆ فێرکردن و جێبەجێکردنی لێبوردەیی لەنێو بواری تەندروستیدا بەکاریبهێنین .

**پ٢/ ئایا پزیشك لەکۆمەڵگەی لۆکاڵیدا چۆن دەتوانێت لێبوردە بێت و لێبوردەیی پزیشك لەئاستی پراکتیکی و ژیانی کردەیی رۆژانەدا چی دەگرێتەوە؟**

وەلاّم: وەك باسم کرد ئەو کاتە پزیشك لێبوردەیە کە بەندەکانی سوێندی پزیشکی جێبەجێ بکات بەوەی کەلەگەڵ نەخۆشەکانی میهرەبان بێت، تەحەمولی ئازارو مەینەت و هاوارەکانی بکات و لەگەڵ کێشە جەستەیی و دەروونیەکانی رێ بکات، پزیشکی لێبوردە کەسێکە بەبێ حیساب کردن بۆ جیاوازیە ئاینی و مەزهەبی و ئایدۆلۆژی و کۆمەلاّیەتیەکان نەخۆش وەکو مرۆڤێکی سەربەخۆ دەخوێنێتەوەو لەو شوێنەدا کە نەخۆش پێویستی بەیارمەتییە یارمەتی دەدات، پزیشکی لێبوردە کەسێکە ئامادەیە (چەمکی



تۆڵە سەندنەوە) لەدوژمن و لەبەرامبەر فەرامۆش بکات و سوێند دەخوات کە دۆست و دوژمنەکانی بەهەمان بەرپرسیارێتی چارەسەر بکات، پزیشکی لێبوردە مرۆڤێکە پایەو دەسەلاّت و زانست و تێگەیشتنی خۆی وەکو چەکێك بۆ تۆڵەسەندنەوە یان جێبەجێ هێنانی غەریزە شەیتانیەکانی ئینسان بەکار ناهێنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەو هەمیشە لە هاوکێشەکانی لەگەڵ نەخۆشدا ئەو راستیە لەبیر ناکات کە دەبێ ئەو میهرەبان بێت و هاوارو تووڕە بوون و جنێوەکانی نەخۆش بکات بەمانای جوان و, بەتێگەیشتنێکی ئینسانیانە لەنەخۆش و لەپیشەکەی خۆی مانای ئینسان بداتە نەخۆش .

**پ٣/ رێگرەکانی بەردەم لێبوردەیی لەبواری پزیشکیدا کامانەن؟**

وەلاّم: گەورەترین رێگر لەبەردەم لێبوردەیی لەبواری پزیشکیدا بریتیە لەکاڵبوونەوەی پردی پەیوەندی نێوان پزیشك و نەخۆش، بەبێ بوونی پەیوەندیەکی تەندروست لەنێوان نەخۆش و چارەسەرساز مومکین نیە بیر لەلێبوردەیی بکەینەوە لەبواری تەندروستیدا، گەورەترین فاکتەریش لەم پەیوەندیە بریتیە لەتێگەیشتن لەبەرامبەرو تێگەیشتن لەماف و ئەرك و سنورو مەوداکانی هەریەك لەنەخۆش و پزیشك، زۆر گرنگە پزیشك و نەخۆش لەپەیوەندیان بەیەکتری وەك دوو کائینی کۆمەلاّیەتی خاوەن ئیحساس یەکتری بخوێننەوە، بۆیە ئەم رستەیەم گوت چونکە زۆرجار پزیشك خوێندنەوەی بۆ نەخۆش خوێندنەوەی وەستایەکە بۆ مەکینەیەکی لەکارکەوتوو، یان خوێندنەوەی فەرمانبەرێکە یان پرۆفیشناڵێك بۆ کۆمەڵێك ژمارەو کاغەز، زۆرجار پزیشك نەخۆشەکەی وەکو ئیحساس وەکو ناسۆری ناناسێت، بەڵکو وەکو ژمارەو ئیمزا دەیناسێت، هەربۆیەش پەیوەندی لەگەڵ نەخۆش پەیوەندیەکی ژمارەیی و میکانیکیە، پەیوەندی لەگەڵ ئامێرێك کە پێویستی بەچاککردنەوەو نۆژەن کردنەوە هەیە، پەیوەندی نیە لەگەڵ دڵێك کەلەتەك لێدان و کارکردن و لاواز بوون یان وەستان دونیایەك وەزیفەی دیکەی عاتیفی و رۆحی و مەعنەوی هەیە،

پەیوەندی نیە لەگەڵ جەستەیەك کە جگە لەدەمارو خانەو شانەی مەلموس، دونیایەك یەکەو بنەماو پێکهاتی دەروونی و ڕۆحانی تێدایە کە تێگەیشتن لێیان تێگەیشتنە لەچەمکی چارەسەری و بێئاگابوون لێیان بێئاگابونە لە چەمکی چارەسەری و کەم و کوڕیە لەپرەنسیپی ڕێزگرتن لە ئینسان. بەدیوێکی دیکەدا، خوێندنەوەو تێگەیشتنی نەخۆشیش بۆ پزیشك خوێندنەوەی کەسێکە لەماف و ئەرکەکانی خۆی تێنگەیشتووەو ئەوەندەی چاوەڕێی کەپسول یان گولاج یان دەرزیەك دەکات ئەوەندە چاوەڕێی مەرحەبایەکی گەرم و دانشیتنێکی سۆز ئامێزو پەیوەندیەکی مرۆییانە نیە، ئەوەندەی چاوەڕێی ئیمزایەك و ئەنجامی فەحسێك دەکات ئەوەندە چاوەرێی دەستبەسەرداهێنان و شیکردنەوەو شەرحکردنی نەخۆشیەکەو دڵنەواییکردن ناکات. ئەمە جگە لەوەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی پزیشکیی و خراپ پێناسکردنی هەریەك لە نەخۆش و پزیشك و ڕەگەزەکانی دی لەنێو سیستەمی ساخلەمیی ئێمەدا وایکردووە نەخۆش خۆی بە بچوك و بێدەسەڵات و پزیشك بە گەورەو دەسەڵاتدار ببینێت و هەمیشە بە نرخی کەسێکی ناکامڵ و شەرمن و زەلیل بچێتە نێو هاوکێشەی ( نەخۆش — پزیشك) و چاوەرێ بکات لە هەر لەحزەیەك لە لەحزەکان توشی ئیهانەکردن یان مامەڵەکردنی خراپ بێت چ لەلایەن پزیشك, یانیش لەلایەن بەشەکانی تری ئەو دامودەزگا تەندروستیانەی کە خەریکە بەجۆرێك لە جۆرەکان دەبنە شوێنگەلێك بۆ چەوساندنەوەو خراپ بەکاربردنی نەخۆش و ڕەگەزەکانی دیکەی نێو سیستەمی تەندروستی. لەنێو کەش و هەوای پەیوەندیەکی وەهادا و لەنێو سیستەمێکی ئا لەم چەشنە بیرکردنەوە لەقەبوڵکردنی بەرامبەر وەکو ئینسان و جێبەجێکردنی چەمکی لێبوردەیی شتێکی ئاستەم و گرانە.

دیارە ئەم غیابی مرۆڤدۆستیە لەپەیوەندیە ئینسانیەکان لەکۆمەڵگەی ئێمە زیاتر لەهۆکارێك لەپشتەوەیەتی، بۆ بواری پزیشکی جگە لەهاوکێشە کۆمەڵایەتیەکان و تێنەگەیشتن لەچەمکی مرۆڤدۆستی و پەروەردەی توندڕەو و



ناتەندروستیانە، جگە لەهەموو ئەوانە پەروەردەو فێرکردنی زانکۆ و پەیمانگا پزیشکیەکانیش ڕۆڵی خراپیان بینیوە لەکاڵ کردنەوەی پەیوەندی ئینسانیانەی نێوان پزیشك و نەخۆش و دروستکردن و پێگەیاندنی کادیرێك کە تاسەر ئێسقانە بێ ئاگا لەپرەنسیپە ئەخلاقی و ئینسانیەکانی نێو سوێندی پزیشکی و پەیوەندی نەخۆش و پزیشك، بەلاتانەوە سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم لەزانکۆ و پەیمانگا پزیشکیەکان هەزار موحازەرە لەسەر نەخۆشیە جۆربەجۆرەکان و دەرمان و پشکنینە پزیشکیەکان دەگوترێتەوە بەڵام تاکە موحازەرەیەکیش دەربارەی سوێندی پزیشکی و ئەخلاقیاتی پزیشکی (medical Ethics) ناگوترێتەوە، سەنتەرێك کە تەنیا خەریکی دروست کردنی مرۆڤی میکانیکی و بارگاوی کراو بەبیرۆکەی دەرمان و دەرزی و نەشتەر بێت، مومکین نیە بتوانێت ڕۆڵی پۆزەتیف ببینێت لەفێرکردن و پێگەیاندنی چەمکی لێبوردەیی. ئەمەجگە لەوەی کە پەیوەندی مامۆستاو بەرێوەبەرایەتی ئەو زانکۆ و پەیمانگایانە لەنێوان خۆیان و لەگەڵ قوتابیانی پزیشکیدا پەیوەندیەکی نالێبوردەیەو لەپەیوەندی ئەفسەرو سەرباز دەچێت نەك لەمامۆستاو قوتابی، ئەو پەیوەندیە پەیوەندیەکی دیکتاتۆریانەو ڕق ئامێزەو دوورە لەپرەنسیپەکانی لێبوردەیی و تێگەیشتن لەبەرامبەر، هەربۆیەش ناتوانێ بەرهەمهێنی چەمکی لێبوردەیی بێت و ناتوانێت مرۆڤێك پێشکەشی کۆمەڵگا بکات کە تۆلیرەنت و لێبوردەیە. لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگا پایەو شوێنگەیەکی ڕەمزی و مەعنەوی زۆر گەورەی داوە بە پزیشك و کردویەتی بە سیمبولێکی سالار لەنێو سیستەمی تەندروستی و بگرە تێکرای پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان, سیمبولێك کە قابیلی ڕەخنەلێگرتن و چونەبەردەم دادگاو لێپرسینەوە نیە, سیمبولێك کە لەپرۆسەی چارەسەریدا قسەکەرو بڕیاردەری سەرەکیەو زۆرکەم حیساب بۆ نەخۆش و کەسوکاری نەخۆش دەکات. هاوکات کۆمەڵگا بەردەوام خەریکی دروستکردنی وێنەی زەلیل و تێکشکاوە لەسەر نەخۆش, وێنەهایەك کە لەروی سایکۆلۆژی و کرداریشەوە

خزمەتی پزیشك ناكات ئەوندەی لە كەسایەتی ئەدات و دواجار بە زیانگەیاندن بە پرۆسەی چارەسەری و پرۆژەی لێبوردەیی لەنێو سیستەمی پزیشكی كۆتایی دێت.

**پ٤/ ئایا تۆبۆخۆت یان هاوكارو پیشەكانت، هەرگیز ئەزموونێكی لەوجۆرەتان بینیوە؟**

وەڵام: من زیاتر لە حەوت ساڵە مومارەسەی پیشەی پزیشكی دەكەم، پێش ئەوەش وەكو قوتابیەكی كۆلیژی پزیشكی لەناو سیستەمی تەندروستی و چارەسەری كارم كردووە، ئەم ماوەیە دوورو درێژە پڕاوپڕی بووە لەئەزموون و هەڵوێستی جۆراوجۆر، هەندێك لەو ئەزموونانە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەندیان بەخۆمەوە هەبووە، هەندێكیشیان هی هاوكارو هاوپیشەكانم، لەم ماوە دوورو درێژەدا چەندین كارەكتەری جیاوازمان بینیوە، لەمامۆستایەكی دڵرەقەوە بگرە بۆ قوتابیەك كەبێ ئومێدی زۆری بۆ دێنێ و خۆی دەكوژێ، لەنەخۆشێكی بێ دەسەڵاتەوە بگرە كە پزیشكێك هاوار ئەكات بەسەری و تەریقی دەكاتەوە، تا بەرپرسێكی حزبی كە سنورەكانی دەبەزێنێ و بەشەق هێرش ئەكاتە سەر پزیشك و كارمەندانی تەندروستی، هەندێ جار خۆشم بەشێوەیەك لەشێوەكان بوومەتە یەكێك لەرەگەزەكانی ئەم هاوكێشەیە، دیارە وەك گوتم ئەم ئەزموونانە پڕیان بوو لەهەڵوێستی جۆراوجۆر لەهەندێكیان بەخشندەیی و لێبوردەیی بەدی دەكراو پەیوەندی كەسەكان لەگەڵ یەكتری پەیوەندیەكی مرۆییانە بووە، لەهەندێكی دیكەش كەمترین حیساب بۆ بەها مرۆییەكانی نەكراوە.

**پ٥/ ئایا ئەوە راستە كە هەمیشە پزیشك وەك (نەخۆش) تەماشای تاكە كەس دەكات؟ ئەگەر وایە چۆن ئەم تێڕوانینە لێك دەدەیتەوە؟**

وەڵام: كاتێك پەیوەندی پزیشك و نەخۆش دەبێتە پەیوەندیەكی میكانیكی و كۆنتاكتی مرۆیی تێدا بەدی ناكرێت، ئیدی وردەكاریەكانی ئەم پەیوەندیەش



بەنادیاری و لێڵی دەمێننەوە، هەر ئەمەشە وای كردووە دنیایەك پرسیاری تایبەت بەپزیشك و شێوەی مامەڵەكردن و بیركردنەوەی بەبێ وەڵام بمێننەوە و دواجار وەڵامی جۆراوجۆری بۆ دابڕێژرێت كە هەندێكیان زۆر دوورن لەراستی، ئەم رستەیەیەی جەنابتان باستان كرد یەكێكە لەو چەندین رستەیەیەی كە ئێمە دەربارەی پزیشكان رۆژانە دەیبیستین، دووبارەكردنەوەو بەكارهێنانی ئەم ئاماژانە ئەوەندەباوە زۆر جار ئەچێتە نێو میدیاو زۆرجاریش لەبواری ئەدەبیات و هونەریشدا چ وەك كۆمیدیا چ وەك پارچەیەك لەكارێكی ئەدەبی و هونەریدا مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت نمونەی ئەم رستانە، (پزیشكان كەسی ئاڵۆزن و هاوڕێ و دۆست و یاریان نیە)، (پزیشكان لەرووی عاتیفیەوە كەسی ساردن و ناتوانن پەیوەندی سۆزداری دروست بكەن یان درێژەی پێ بدەن)، (پزیشكان نازانن سێكس بكەن و دەست و پێ سپین لەم بوارەدا)، (پزیشكان تەفسیریان بۆ ژیان و دیاردەكان تەفسیرێكی ئەسیرە بەبیركردنەوەی پزیشكی و ناتوانن لەپرەنسیپی چارەسەری و دەرمان و دەرزی بەولاوە هیچ پرەنسیپێكی دی ببینن و قەبوڵ بكەن) هەندێ جار ئەم رستانە دەكرێن بەبابەتی نوكتەو بەنێو خەڵكیدا بڵاودەبنەوە، دیارە ئەم رستەیەی جەنابیشتان یەكێكە لەو رستانەی كە (نەبوونی وەڵام دەربارەی ژیان و گوزەران و هاموشۆی پزیشكان و دووری پزیشك لەهاوكێشە كۆمەڵایەتیەكان و هەستیاریی پیشەی پزیشكیی كە ئیشكردنە لەنێوان مەرگ و ژیاندا) دروستیان كردووەو بووە بەبەشێك لەتێگەیشتنی خەڵك، رەنگە هەندێ پزیشك هەبن كە حەز بكەن تەفسیرێكی پزیشكی بدەنە دیاردە جۆراوجۆرەكانی ژیان و هەندێ جار نەتوانن بەرامبەر لەدەرەوەی هاوكێشەی (پزیشك ـــ نەخۆش) بخوێننەوە، بەڵام ئەمە بەم مانایە نیە كە (پزیشك) بەشێوەیەكی گشتگیر وابیردەكاتەوەو وا هەڵسوكەوت دەكات.

من بۆ خۆم پەیوەندی ئینسانیم لەگەڵ خەڵكی جۆراوجۆری سەر بەرەوتی بیركردنەوەو رۆشنبیری و پایەی كۆمەڵایەتی جۆراوجۆریش هەیە، لەفیتەرەوە تا

مەلا، لەمۆسیقا ژەنەوە تا وەستای کاشی، لەدادوەرەوە تا عەتر فرۆش، لەرۆژنامەوان و نووسەرو قوتابی و مامۆستای زانکۆوە تا پۆلیس و کەبابچی و کاسب و بێکار، هەموو ئەمان ئەناسم و لەمامەڵەی ئینسانیشما لەگەڵیانا هیچ کامێکیان وەکو نەخۆش سەیر ناکەم، (مەگەر بەراست نەخۆش بن و بۆ چارەسەری هاتبێنە لام) لەپەیوەندیە ئینسانی وکۆمەڵایەتیەکانیشم، هەریەك لەم پایەو پیشانەی ناوم هێنا خاوەنی بەهاو دەسەڵاتی ئینسانیانەی خۆیەتی و قەبوڵی دەکەم و ڕێزی لێدەگرم، خوێندنەوەو تێگەیشتن و مامەڵەکردنیشم لەگەڵیا خوێندنەوەو مامەڵەکردنمە بۆ کەسێك کە ڕەنگە لێی تورە بم یان خۆشم بوێت، ڕەنگە ئیشم پێی هەبێت و لێی نزیك بکەومەوە یانیش بەتەنیشتیا گوزەرکەم و سەردەمانێکی زۆر نەیەت بەخەیاڵما، بەکورتی ئەمەوێ ئەوەبڵێم پزیشك وەکو ئینسان جیاواز نیە لەئینسانەکانی دی، ئەگەر جیاوازیەك هەبێت ئەوا لەسروشتی کارکردن و پیشەکەیەتی، هەربۆیەش مامەڵەکردنی لەگەڵ مرۆڤەکانی دی دەبێت مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ بێت و لەژێر کاریگەری هیچ پرەنسیپێکی دەسەڵات ئامێز و سالاریانە نەبێت کەدواجار بەرامبەر وەکو بێدەسەڵات و ناکامڵ و نەخۆش دەبینێت.

**پ٦/ چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی پەرە بەرۆشنبیری لێبوردەیی لەبواری پزیشکیدا بدرێت و چیدی باوکان و دایکان منداڵەکانیان بەپزیشکەکان دەترسێنن؟**

وەڵام: پێم وایە تێگەیشتن لە ماناو بەهاکانی پزیشك و نەخۆش و (نەخۆشی) و (چارەسەری) ئەم کارەمان بۆ ئاسان دەکات، دەبێ ئیش بۆ ئەوە بکەین سەر لەنوێ پەیوەندی نەخۆش و پزیشك دابڕێژینەوەو بەهاو مافە ئینسانیەکانی هەریەکێك لەو دوو کائینە بخەینەوە شوێنی خۆی، پێویست دەکا هەندێ لە پزیشکان لەعەقڵیەتی (خودا گەرایی) خۆیان بێنە خوارەوەو ئەو ڕاستیە لەبیر نەکەن کە پرەنسیپی سەرەکی لەپیشەکەی ئەوان بریتیە لە خزمەت کردن و



یارمەتی دانی نەخۆش و هەر ئەمەشە ماناو پیرۆزی بەپیشەکەیان دەبەخشێت نەوەك پێچەوانەکەی. لەبەرامبەریشدا دەبێت نەخۆش بەهۆشیاریەکی گەورەتر مامەڵە لەگەڵ پزیشك و کارمەندانی تەندورستی بکات، لەو شوێنەدا کە پێویستی کرد داوای ماف و بەشی خۆی بکات، بەلاَم لەهەندێ بارودۆخی دیکەدا ڕێز لە بۆچوون و بڕیارو هەڵسوکەوتەکانی پزیشك و کەسی چارەسەرساز بگرێت.

خاڵێکی دیکە کە دەکرێت ڕۆشنبیری لێبوردەیی بلاَوبکاتەوەو گەورەی بکات خوێندنی فەلسەفەی ئەخلاق و ئەخلاقیاتی پزیشکیە لەزانکۆ و پەیمانگا پزیشکیەکان، کە تیایدا بەها ئەخلاقی و ئینسانیەکانی نەخۆش و پزیشك شرۆڤە دەکرێن و لێبوردەیی و ڕێزگرتن و قەبوڵکردنی بەرامبەر (نەخۆش) بێت یان (پزیشك) دەبێتە بەشێك لە ئەخلاقیاتی گشتی تاك و کۆمەڵگا بەگشتی.

# قەیرانی هووشیاریی لێبووردەیی
# لە کایەکانی کۆمەڵگای کوردیدا

ڕێبوار سیوەیلی


## کورتەی باس:

**ئەم وتارە جیاوازی دەکات لە نێوان *لێبووردەیی* وەك جۆرێ لە ڕۆشنبیری تایبەت بە تاکەکەس و، هەروەها *لێکبووردن* وەك جۆرێ لە پراکتیك و چالاکیی تاکی کۆمەڵایەتی، بەڵام جەخت دەکاتەوە سەر مەرجی هەبوونی ئازادی بۆ تاك لە کایەی کۆمەڵایەتیدا. بەمجۆرەش، لێبووردەیی ڕۆشنبیرییەکی تاکەکسیانەیە کە لە کەشێکی ئازاددا پەرەدەستێنێ.. لێرەوە قسەکردن لەسەر قەیرانی هووشیاری لێبووردەیی لە کایە کۆمەڵایەتیەکاندا، دەمانباتەوە سەر قسەکردنیش لەسەر نەبوونی ئازادی لە شوێن و کایە کۆمەڵایەتیەکاندا، چونکە هەر کایەیەکی کۆمەڵایەتی بەبێ هەبوونی ئازادی بۆ بیرکردنەوە و چالاکیی تاکەکان تیایدا، کایەیەکی قەیراناویە و ڕێگای چوونەدەریش لەو قەیرانە بریتیە لە فراوانکردنی فەزای چالاکی و ئازادی بیرکردنەوە و ڕەفتار بۆ تاکەکان..**


## وردبینی زاراوەکان:

قەیران: قەیران باردۆخێکی نائاساییە کە تیایدا لە مەترسیی و شێوان و نەخۆشی و مەرگ نزیکدەبینەوە. قەیران نیشانەی بەرێوەبوونی مەترسییە لەسەر بابەتێك، یان بارودۆخێك، کە بۆی هەیە بە نەمان و کۆتایی ئەو بابەتە تەواو ببێت.

لێبووردەیی: لێبووردەیی جۆرێکە لەبڕوا و ڕۆشنبیریی تاکەکەس سەبارەت بە هەڵکردن و تەحەمولکردنی گوفتار و ڕەفتاری ئەوانیتر، کە جیاوازن لە خۆی.



لێکبووردن: بریتیە لە چالاکی و ئاکتێکی کۆمەڵایەتی، کە تاکەکەسی هووشیار پێی هەڵدەستێت لە پێناوی فراوانکردنی بیروڕای لێبووردەیی لە کایە کۆمەڵایەتیەکاندا.

هووشیاری لێبووردەیی: هووشیاری لێبووردەیی، ئەو جۆرە هووشیاریە تاکەکەسیانەیە، کە تاك لە میانەی ژیانی کۆمەڵایەتیانەی خۆیدا پەرەی پێدەدات و بەهۆیەوە هەڵدەستێ بە نواندنی ئەو ئاکت و کردە کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی ئەو بیروڕایانەی کە ئەو وەکو کەسێکی لێبووردە بە دەورەبەرەکەی خۆی، دەناسێنن.

کایەی کۆمەڵایەتی: کایەی کۆمەڵایەتی، بریتیە لەو مەیدان و بازنە کۆمەڵایەتیانەی کە تاکەکەس تیایاندا ئەندامە و لە نێوان و چوارچێوەیاندا ململانێ و چالاکی دەنوێنێ بە مەبەستی فراوانکردنی سنووری کایەکە لە پێناوی ئەو بەها و نۆرم و سەلیقە کۆمەڵایەتیانەی بڕوای پێیانە. کایەی کۆمەڵایەتی شوێنی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی بکەری کۆمەڵایەتیە.

فەزای کۆمەڵایەتی: فەزای کۆمەڵایەتی بریتیە لەو ئەتمۆسفێرەی کە تیایدا کایە کۆمەڵایەتیەکان و ئەندامەکانیان لە ڕێگەی ململانێ و چالاکیەکانیانەوە، بە شێوەیەکی تاڕادەیەك ئازاد، بوونی جیاوازی کۆمەڵایەتیانەی خۆیان ئەزموون دەکەن.

## کێشەی باس:

لە نەوەدەکاندا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یۆنسکۆ، نامیلکەیەکی لەبارەی پەروەردە و فێرکردنی لێبووردەییەوە بڵاوکردەوە: ( Tolerance: The Threshold of Peace A)، کە تیایدا وشەی تۆلێرانس وەك **"یەکەمین بەها لە کەلتووری ئاشتیدا"** خراوەتە ڕوو و لە بەرامبەر توندوتیژیدا داندراوە، کە کەلتووری دژ بە ئاشتیە (**جعفریان**:٧٧). هەروەها بۆ ئاشناکردی خەڵکی جیهان بەم فەزیلەتە، هەمان ڕێکخراو، ساڵی ١٩٩٥ی بە ساڵی لێبووردەیی ناو برد (أ. ت. نوین: ٢٠٠٧). لەو

ڕاگەیاندنەی ساڵی ١٩٩٥دا هاتووە، کە "لێبووردەیی تەنیا دەروەستییەکی ئەخلاقی نیە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا پێویستییەکی سیاسی و یاساییە"(الخگیبی، ص: ٩)

ئەمڕۆ ئێمە خەریکین وشەی لێکبووردن لە جیاتی وشەی (تۆلێرانسtolerance- و تۆلێڕەیشنtoleration-)ی فەرەنسی و ئینگلیزی بەکار دەهێنین و ئەمانەش لە چەمکە لاتینیەکەیەوە (tolerantia)وە، وەرگیراون، کە بەمانای تەحەموولکردن و تێگەیشتن دەگەیەنن. تۆلێرانس واتە تواناداری بۆ هەدادان و بەرگەگرتنی شتێك، بەئاسایی وەرگرتنی شێوازی ژیان و جیهانبینی ئەوانیتر ئەگەرچی تەواو لە شێوازی ئێمە بۆ ژیان و تێگەیشتنمان لە جیهان جیاواز بن( Lubecke:٤٣, Blackburn: ٣٦٥).

بەم تێگەیشتنەش باشترین وشەیەك لە زمانی ئێمەدا نزیکمان بخاتەوە لە مانای تۆلێڕانس، وشەی لێبووردەییە، ئەگەرچی وشەی لێبووردەیی و لێکبووردن لە زمانی کوردیدا، بەسەختی پابەندن بە کەلتووری گرژی و شەڕ و پێکهەڵپڕژانەوە. واتە ئەوکاتەی گرژی و ناکۆکی و شەڕ لە بەرپابووندایە، یان بەرپابووە و کار لەکارترازاوە، بە هاتنەناوەوەی لایەنی سێیەم، بیر ڕێگیری لە تەقینەوە، یان لە ئاشتکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان و پێکهێنانەوەیان دەکرێتەوە. ئاشتکردنەوەش بە لێبووردەیی (وەك جۆرێ لە هووشیاری) و بە لیکبووردن (وەك کردارێکی هووشیارانە)، دەستپێدەکات. لێبووردەیی، ڕۆشنبیری و بەڵگەی ناوبژیکەرانە لە ڕەوەندی ئاشتکردنەوەکەیاندا، ئەوەیش هاوکات بەو مەترسییەی کە نەتوانن، لایەنەکان پێکبهێننەوە. ئەمەش چەند هۆکارێکی خۆی هەیە، وەك بۆ نمونە: هاتنەناوەوەی کەسان و لایەنیتر و دروستکردنەوەی گرژی و بەدحاڵیبوون لە نێوان لایەنەکاندا و لاوازکردنی پێگەی ناوبژیکەران. نەهاتنەپێشەوەی یەکێ لە لایەنەکان لە دڵەوە و دنەدانی کەسانیتر لەدەرەوەی دانیشتنەکانی ئاشتبوونەوە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان و بەوجۆرە..

بەڵام، لەدوای ئەمەوە، کە لایەنە پێشتر ناکۆکەکان لەسەر دەستی ناوبژیکەران ئاشتدەبنەوە و لێکتر دەبوورن، ئیتر کەلتووری تەبایی و پێکەوە هەڵکردن و



ئاشتەوایی و تەحەموولکردنی یەکتر بەهای خۆی بۆ دەگەڕێتەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە نووسیم، وشەی لێبووردەیی و لێکبووردن لە زمانی کوردیدا، بەسەختی پابەندن بە کەلتووری گرژی و شەڕ و پێکهەڵپڕژانەوە: لە کاتی بارگرژیدا کەس ڕێز بۆ لێکبووردن دانانێ و کەسیش باوەڕی بە لێبووردەیی نیە. ئاشتی و فەرهەنگی تەبایی مەرجی یەکەمی ڕێزگرتنن لە لێبووردەیی وەك بڕواو هووشیارییەك و لە لێکبووردن وەك کردەیەکی کۆمەڵایەتی، کە تاکەکەسە ناکۆکەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە.

ئێمە لەم وتارەدا قسەمان لەسەر لێبووردەییە وەك بڕوا و ئاستێکی هووشیاری، وەك فەرهەنگێکی تاکەکەسیانە، کە پێشمەرجە بۆ هاتنەدی لێکبووردن، وەك ئاکتێکی کۆمەڵایەتی. پێویستە زەمینەی سەرهەڵدانی ئەم هووشیارییە هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە هووشیاریی بکەری کۆمەڵایەتی و پێویستە ئەم بکەرە کۆمەڵایەتیەش بڕوای بە لێبووردەیی هەبێت تا بیکاتە کردەیەکی کۆمەڵایەتی. لێرەوەیە، باس لە قەیرانی جۆرێك لە هووشیاری دەکەین، کە هووشیاریی لێبووردەییە. نەبوونی یان قەیراناویبوونی ئەم ئاست و جۆرەی هووشیاری، بۆخۆی بە قەیراناویکردنی ئاکت و کردەی لێکبووردن و کەلتووری ئاشتەواییە. بەڵام پێشئەوی لێبووردەیی ببێتە کەلتووری تاکەکەس و پێشئەوەی تاکەکەس هەستێ بە بوورین لە ئەوانیتر، چ تاکەکەس و چ ئەم کردە کۆمەڵایەتیە بەوهۆیەوە کە پابەندن بە شوێن و پێگەوە و چ تاکەکەس ناتوانێ لەدەرەوەی ئەو پێگە و شوێنەبێت کە تیایدا دەژی و چ کردەی لێکبووردنیش کە ئەو پێی هەڵدەستێ، ناتوانن لەدەرەوەی کۆمەڵگا و پانتایی کۆمەڵایەتی بن. بۆیە ئێمە هاتووین کایەی کۆمەڵایەتیمان وەك شوێنی تایبەتی بکەری کۆمەڵایەتی و وەك شوێنی ئاکتی لێبووردەیی کردۆتە کێشەیەك و گریمانەی ئەوە دەخەینە ڕوو، کە لێبووردەیی و لێکبووردن لە ناو کایەکۆمەڵایەتیەکانەوە دووچاری قەیران هاتوون و پێشمەرجی ئەوە دەخەینە ڕوو، کە بەبێ کرانەوەی کایەکۆمەڵایەتیەکان و بەبێ ئازادکردنی تاك لەو ڕێگرانەی لەناو ئەو کایەکۆمەڵایەتیانەدا بۆی دێنە پێشەوە، ناتوانێ لە لێبووردەیی وەك ئاستێکی

ڕۆشنبیری تێبگات و هەوڵی سوودوەرگرتن لە لێکبووردن وەك ئاکتێکی کۆمەڵایەتی، بدات وەك ڕێگایەك بۆ بەشداریکردن لە وەدیهێنانی کەلتووری ئاشتیدا.

## لێبووردەیی/ توندوتیژی:

ئەگەر وەك سپینۆزا پێناسەی چەمکەکان بە دژەکان و ئەوەدا بکەین، کە نین، ئەوە بۆ قسەکردن لەسەر لێبووردەیی پێویستە بگوترێ: **لێبووردەیی تونلوتیژی نیە.** لێبووردەیی بنەمایەکی ڕۆشنبیریی ئاشتیخوازانەیە، فەزیلەتێك و کردەیەکە مرۆڤەکان وەك بەشێ لە ڕۆشنبیرییەکی سوودمەند، بڕوای پێدەهێنن و لەبەر ڕۆشناییەکەیدا چالاکی و پەیوەندیەکانی خۆیان لەبەرامبەر یەکتردا (تاکەکان، گرووپەکان، گەلان و نەتەوەکان)، ڕێکدەخەن بۆ ئەوەی بتوانن هەردەم توندوتیژی بگۆڕن بە ناتوندوتیژی. لەبەر ئەوە بۆ قسەکردن لەسەر لێبووردەیی و قەیرانی هووشیاری لێبووردەیی لە کۆمەڵگادا، پێویستە یەکەمجار دەستنیشانی سەرچاوەکانی توندڕەوی بکەین، چونکە توندڕەوی تاقە هێزێکە، یان مەترسییەکی جیدیە لەسەر لێبووردەیی و کەلتووری ئاشتی، وەك لە ڕاگەیاندنەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە.. بۆ چوونە ناو ئەم کێشەیە، پرسیارە کلاسیکیەکە بەمجۆرە بووە: **ئایا توندڕەوی دۆخێکی (غەریزی)یە، یان کۆمەڵایەتی؟ ئایا بەرئەنجامی سرووشتی مرۆڤ خۆیەتی، یاخود پرۆسەیەکی مێژووکردە؟**

لەم ڕووەوە مێژوونووسانی هزر، بیریار و فەیلەسووف و یەزدانناسەکان بە دوو جۆر پۆلێن دەکەن و خەسڵەتی (گەشبین) و (ڕەشبین)یان دەدەنە پاڵ. بەلای ئەوانەوە، ڕەشبینەکان ئەوانەن کە پێیانوایە مرۆڤ بە جەوهەر و هەوێنی خۆی توندڕەو یان گەندەڵ و خراپ نیە، لە نییەتی مرۆڤدا خراپەکاری و چەوساندنەوە و ستەمکاری ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی نیە و مرۆڤ بۆ ژیان و بەختەوەری و چاکە خولڤاوە. بۆ نمونە، ئەریستۆ لەو بڕوایەدایە:



**"هاووڵاتی باش، مرۆیەکی باشە.. پەروەردە و ڕەفتارێك، کە بەدیهێنەری مرۆیەکی باشە، هەر ئەو پەروەردە و ڕەفتارە باشەیە کە دەتوانێ بیکاتە هاووڵاتی یان هاوشارییەکی نییەتباش" (ئەریستۆ، سیاست:١٢٨٧أ، ١٢٨٨ب، ص:١٩٩).**

بەمجۆرەش، ئەریستۆ، باشیی هاووڵاتی بە باشی مرۆڤبوونەکەیەوە دەبەستێتەوە و ئەمەی دواییشیان جەوهەرێکی سرووشتیانەی مرۆڤە. مرۆڤ لە ژیانی خۆیشیدا پاشکۆی فەرمان و ڕێنماییە سرووشتییەکانە. سرووشت بۆخۆی پەیڕەوی لە ڕێکخستن و نەزمێکی تایبەت دەکات و مەبەست و غایەت لە بوونی هەرشتێ ئەوەیە بگات بە ئامانجێك کە لە کۆتاییدا جەوهەری ئەو شتەمان بۆ پێناسە دەکات:

**"جیهان ڕێکخستنێکی کامەرانخوازانەی هەیە، واتە هەر شتێ بەو جۆرە داندراوە کە پێشڤەچوونی دەبیات بەرەو باشترین دۆخێکی شیاو بۆی"**. ئەمەش لەبەر ئەوەی **"هیچکاتێ سرووشت بێهوودە و بێسوود کارناکات"**(ڕۆس:**أرسگو**، ل:١٢٩).

ئەگەر سرووشت و ژیان بۆ گەیشتنیان بە ئامانجی خۆیان پێویستیان بە جۆرێ لە ڕێکخستن هەبێ، ناکرێ مرۆڤ لە جەوهەر و ڕەگوڕیشەی خۆیدا خراپەکار بێت، چونکە خراپە نایگەیەنێت بەو جەوهەرەی کە غایەتی بوونی ئەوە و دەیەوێ تیایدا بە کامەرانی بگات.

ژانژاك ڕۆسۆ لەمەش زیاتر دەڕۆیشت و دەیگوت: مرۆڤ لە بارودۆخی سرووشتیانە و بەدەویانە و سەرەتاییانەی خۆیدا، لە هەموو کاتێك نەرمترە. ئەوە کۆمەڵگایە مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی شەڕانی و توندڕەو(ئیمیل، ل: ٩، Rousseau,١٧٥٤).

ئاراستەی ڕەشبینەکان لە گەشبینەکان زیاترن: قەشە ئاگۆستین، لەژێر کاریگەری تێگەیشتنی (پۆڵس)ی قەدیس و بڕوای خۆی بەوەی کە مرۆڤ نەزانە بەرامبەر بە ڕەب، گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی بنووسێ:

***"مرۆڤ لە سرووشتیدا گوناهبارە و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو لە جەوهەردا خەتاکارە. خەتاکاری، بەشێکی پێکهاتووە لە بوونی مرۆڤ خۆی"*** (ئاگۆستین: اعترافات، کتێبی دەیەم، ل:٢٩٣).

لەم ڕوانگەیەشەوە و **"لە پێناوی ئەمەشدایە کە هەموو خەڵك بە هۆی گوناهەکانیانەوە، شیاوی مردنن"**(پارکر: ٤٤٦).

لەلای تۆماس هۆبس، سرووشت بۆخۆی دروستکەری یەکسانیە لە نێوان مرۆڤەکاندا:

**"لە ڕووی هێزی جەستەیی و هزرییەوە، سرووشت مرۆیەکانی بەجۆرێ یەکسان خەڵقکردوون، کە ئەگەرچی جاری وایە کەسێ دەبینرێتەوە لە ڕووی جەستەییەوە بەهێزتر و لە ڕووی هزرییەوە هۆشمەندتر بێت لە یەکێکیتر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ هەموویان پێکەوە بهێنینە پێشچاو، جیاوازیی نێوانیان ئەوەندە شایانی تێبینیکردن نیە، کە لەسەر ئەوەوە کەسێ بتوانێ خوازیاری دەستکەوتێك بێت بۆخۆی و لەکاتێکدا یەکێکیتر نەتوانێ بەهەمان پێوەر خواستی دەستکەوتی هەبێ "**(Cahn:۱۹۹۷,p:۱۱۸، هابس، لویاتان، (٢٠٠٦)، ل: ١٥٦)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجامی ئەم یەکسانیە سرووشتیە، بریتیە لە **"ترس لە یەکتر و لە ئەنجامی ترسیش لە یەکتر، لە نەبوونی حکومەت و دەسەڵاتێکی باڵادا، جەنگ بەرپا دەبێت"** (هابس،(٢٠٠٦)، ل: ١٥٧). ئەمەش سەرەتایە بۆ شەڕانگێزیی مرۆڤ کە پێویستە بەهۆی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە جڵەو و بەرزەفتە بکرێ. بەلای هۆبسەوە، **"دۆخی سرووشتیی مرۆڤ بریتیە لە شەڕی هەمووان لەدژی هەمووان"**(هابس، ل:١٥٨). واتە هەرکەس لە پێناوی پاراستنی ژیانی خۆیدا و بە پەیڕەوی لە هۆشی خۆی، سوود لەو شتە وەردەگرێ کە یارمەتیدەدات تاکو لەبەرامبەر دووژمنەکانیدا بەرگریی لەخۆی بکات.

بەمجۆرەش ڕەشبینەکان لەو بڕوایەدان مرۆڤ لە جەوهەردا کائینێکی توندڕەوە و توندڕەوی و شەڕانگێزی بەشێکی جیانەکراوەیە لەو شتەی کە ناوی سرووشتی مرۆڤە.

لەم ڕوانگەیەوە و لە پەیوەندیی بە بارودۆخی مرۆڤبوون لە کۆمەڵگای خۆماندا، دەتوانین بڵێین: ئەگەر توندڕەوی بەشێك بێت لە پێکهاتەی جەوهەری مرۆڤ، ئەوە بەو حوکمەی بوونەوەرەکان لەم کۆمەڵگایەدا وەك مرۆڤ، نەك شتێکیتر، لەدابیك دەبن،



هەڵگری توندڕەوی سرووشتیانە و جەوهەریانەی خۆیانن، بەڵام هەر ئەم توندڕەویە لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا بە خێراییەکی بێوێنە گەشە دەکات و لێرەشەوە (لێبووردەیی و هەڵکردن و شێوازەکانی بەخشندەیی) لەم کۆمەڵگایەدا، بەردەوام لە قەیراندان و ڕێگری (جەوهەری) و (کۆمەڵایەتی) زۆرن بۆئەوەی نەهێڵن ئەم کەلتوورە گەشە بکات. بۆیە بەلای منەوە، پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە ئایا توندڕەوی هەیە یان نا؟ و ئایا ئەو توندڕەوییە جەوهەرییە یان ژینگەیی و کۆمەڵایەتی؟ بەڵکو پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ***ئەو شوێنانە کوێن کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشەنەکردنی هووشیاریی لێبووردەیی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا؟***

لێرەدا جەخت لە (شوێن) وەکو شوێنی تایبەت بە پانتاییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەمەوە، چونکە بە ڕەوای نازانم هەموو پانتایی کۆمەڵگا بە شوێنی توندڕەوی بزانم، لەبەرئەوەی ئەوەش بۆخۆی گشتاندنێکی توندڕەوانەیە. کەواتە با لەو پرسیارەی سەرەوە بچینە ناو باسێکەوە کە تادێت زیاتر لە ئاستی کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، پێویستیمان بە گەڵاڵەکردنی وەڵامەکانی هەیە و ئەمەش مەسەلەیەکە چەندە بۆ ئێستامان گرنگە، ئەوەندەش زیاتر بۆ داهاتوو. پرسیارەکە دووبارە دەکەمەوە: **ئایا ئەو شوێنانە کوێن کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشەنەکردنی هووشیاریی لێبووردەیی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا؟**

## (شوێن) وەك ڕێگر:

قسەکردن لەسەر شوێن، یان بە گشتی قسەکردن لەسەر فەزا و لەناو ئەوانەشدا بۆ نمونە: فەزای کۆمەڵایەتی، فەزای کەلتووری، فەزای بیناسازی، فەزای سیاسی و ئەتمۆسفێری ژینگەیی و فەزای دەوروبەر و هتد. دەمانباتەوە سەر قسەکردن لەسەر ئازادی و نەبوونی ئازادیش لە شوێندا، دروستکەری قەیرانە بۆ هوشیاری و کردەی لێبووردەیی. ئاماژەی ئێمە لە ناونیشانی باسەکەماندا بە قەیرانی هووشیاریی لێبووردەیی لە ***کایەکانی*** کۆمەڵگای کوردیدا، لێرەدا، **کایە** ئاماژەیە بە شوێن وەك

فەزایەك بۆ ئازادی. ئەمەش بە مانای ئەوەیە، کایەی کۆمەڵایەتی وەك شوێنێك، پێویستە دابینکەری ئازادی بۆ تاکەکانی خۆی بێت، تا ببێتە کایەیەکی بەرهەمهێن، دەنا هەڵدەوەشێتەوە و شتێ نابێت پێی بڵێین کایەی کۆمەڵایەتی. پییر بۆردیۆ فەزای کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئازادە کۆمەڵایەتیەکانیدا پێناسە دەکات:

**"ناواخنی چەمکی فەزا، بریتیە لە تێگەیشتن لە جیهانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندیەکاندا.. فەزای پەیوەنداری، ئەگەرچی نادیارە و لە بواری ئەزمونکاریشدا ئاشکراکردنی ئاسان نیە، بەڵام ڕاستەقینەترین واقیعیەتە و پرانسیپی بنەمایی هەڵسوکەوتی تاك و گرووپەکانە"**(بۆردیۆ: ٢٠٠١، ل: ٧٢).

ئەم قسەیەی بۆردیۆ جەختکردنەوەیە لەسەر فەزا، وەك شوێنێك بۆ بەدیار خستنی جیاوازی و بەبێ جیاوازی تاکەکان و گرووپەکان ناتوانن لە ژیانی خۆیان بەردەوام بن. بەڵام مەرجی بنەمایی هەڵسوکەوتی تاك و گرووپەکان لەگەڵ یەکتردا، بریتیە لە هەبوونی ئازادی، چونکە تەنیا لە فەزایەکی ئازاددا جیاوازیی و فرەیی بواری دەرکەوتنی بۆ دەڕەخسێ: **"هەبوون لە دەروونی فەزایەکدا، داگیرکردنی خاڵێك، وەك تاکێك ئامادەبوون لە ناو فەزایەکدا، واتە جیاواز بوون و ئەمەشیان واتە مانادار بوون"**(بۆردیو، ل:٣٨).

مێشێل فۆکۆ لە گفتوگۆیەکدا، کە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر فەزا، دەسەڵات و زانین (فۆکۆ *لە*: دیورینگ، ٢٠٠٣،ص ١٤٧ـ١٥٧)، ئەم پەیوەندیە ڕووندەکاتەوە. فۆکۆ، پێیوایە:

**"جیاکردنەوەی کردەی ئازادیی ڕەفتاری خەڵك، کردەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو دابەشکردنە ئەتۆسفێرییەی کە ئەم شتانە خۆیانی تێدا دەبیننەوە، کارێکی خۆویست و ستەمکارانەیە. ئەگەر ئەم شتانە لەیەکتر جیابن، لێتێگەیشتنیان ئەستەمە. هەریەکەیان تەنیا لە ڕێگەی ئەویترەوە دەتوانرێ دەرك بکرێ"**(فۆکۆ، ١٤٩).



بە مانایەکیتر، تێگەیشتن لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئازادانەی کەسەکان و بەجێهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە چوارچێوەی ئەو ئەتمۆسفێر و فەزا کۆمەڵایەتیەدا کە ئەو چالاکیانەی تێدا پراکتیك دەکرێن، شیاوی لێتێگەیشتنە. ئەو کاتە دەتوانین بە هەڵسوکەوتێك و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بڵێین هەڵسوکەوت و پەیوەندیی ئازاد، کە لە ئەتمۆسفێرێکی ئازاددا ئەنجام درابێت، نەك بە هەڵاواردنی ڕەفتار و پەیوەندییەکە لەو شوێنەی تیایدا ئەنجامدراوە. فۆکۆ بۆ ڕێگرتن لە وەها کردەیەك، کە بەدابڕاو لە شوێنی جێبەجێکردنەکەی تەماشای بکرێ و بۆی هەیە هەڵگەڕێتەوە بۆ پێچەوانەی خۆی، واتە ستەمکاری: بە ڕاشکاوی دەڵێت:

**"ناکرێ بڵێین بەجێهێنانی ئازادی، بەتەواوی دابڕاوە لەو دابەشبوونە فەزاییەی کە تیایدا دێتە ئەنجام، بەڵکو ئەم بەجێهێنانە تەنیا ئەو کاتە کاری خۆی دەکات، کە جۆرێ لە پەیوەستەگی تایبەت لە ئارادا هەبێت، چونکە لە بارودۆخی بەربڵاوی، یان شێواندا، ئەم کردەیە بەبێ وەستان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ پێچەوانەی ئەوەی کە دەیخواست. تایبەتمەندییەکانی سەراسەربینی تەلاری گیز، بەتەواوی ئەو هەڵە دەڕەخسێنێ کە وەك بەندیخانە بەکار بهێنرێ."**(فۆکۆ، ١٥٠)

بەمجۆرەش چ شوێن لە هەر فۆرمێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا و چ فەزا لە هەر کردەیەکی دەسەڵاتدا بنەمایین (فۆکۆ، ١٥٥). واتە چ ئەو فۆرم و شێوە ژیانە کۆمەڵایەتییەی کەسەکان تیایدا هەڵدەستن بە چالاکیەکانیان و چ ئەو پەیوەندیانەی دەسەڵات لەناو فەزای کۆمەڵایەتیدا لە ڕێگەیانەوە تاکەکان و پەیوەندیەکانیان کۆنترۆڵ دەکات، پەیوەستن بە شوێنەوە. بەم مانایەش نە کردەی کەسەکان، نە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و نە میکانیزمەکانی دەسەڵات، لەدەرەوەی شوێندا نین. ئەو کردەیە، ئەو ڕەفتارە ئازادە کە لە فەزا و شوێنێکی ئازاددا ئەنجام درابێت.

بەمجۆرەش دەتوانین، بە شێوەیەکی گشتی، سێ جۆر فەزا و شوێن لە یەکتر جیا بکەینەوە:

١. شوێنی پەرستن: ئەمە ئەو شوێنەیە کە تایبەتە بە پەرستن و دانپیانان، وەکئەوەی لە ئایینەکاندا دەیبینینەوە (پەرستگاکان، زیارەتگاکان و کەنیسە و مزگەوت و دەیرەکان)
٢. شوێنی چێژوەرگرتن: (وەك ئەوەی لە تەلارسازی گەرماوە گشتیەکان، و فەزای لەشفرۆشی و ماساژخانەکان و سەیرانگا و شوێنە گشتیەکاندا دەبینرێتەوە) و
٣. شوێنی سزا و کۆنترۆڵکردن: (وەك ئەوەی لە فەزای بەندیخانە، شێتخانە، قوتابخانە، ماڵ، قەڵا، سەربازگە و مەیدانەکانی جەنگ و هتد) دەبینرێتەوە (بڕوانە: فۆکۆ، ١٥٥).

ئێمە دەمانەوێ لە پەیوەندیی بە پرسیاری سەرەکیی باسەکەمانەوە، تەنیا باسی ئەمەی دواییان بکەین و بزانین ئاخۆ چۆن شوێن دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی هووشیاری و کردەیەك، کە پێیدەڵێین لێبووردەیی؟

پێش هەموو شتێك، شوێن بە مانای پانتاییەکی جوگرافیایی، دەتوانێ ڕێگر و ئاستەنگ دروستکەر بێ لەبەردەم دروستبوونی هووشیاریی لێبووردەییدا. هەوڵدەدەم سەرەتا بە ئاماژەدان بە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان ئەمە ڕوونبکەمەوە و پاشان لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان و کۆمەڵگای خۆشمان نمونەی دی بۆ ئەو مەبەستە بهێنمەوە.

**نمونەکان:**

**کەلتووره زارەکیەکان:**

لە کۆمەڵگای کەلتووره زارەکییەکاندا، کە هێشتا بە نووسین و تۆمارکردن ئاشنا نەببوون، شوێن، دروستکەری گۆشەگیریی جوگرافیایی و گۆشەگیری کەلتووری بووە (بارنز و بیکر، ١٤ـ٢١). شێوەژیانی ئەو کۆمەڵگایانە وایدەخواست کە پابەندی بەرهەم و سەرچاوە بژێوییەکانی سرووشت بن. لە هەندێ شوێنی سرووشتدا بەرهەم و خۆراك زۆر بوون و لەهەندێ شوێنی دیکەدا، کەم. مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایانە پابەند



بوو بەو بژێویەی کە شوێن پێیدەبەخشی، ئەمەش بە مانای ئەوەی کە سرووشتی شوێن شێوازی ژیانی ئەوی دەستنیشاندەکرد و ناچاری دەکرد لەوێ بمێنێتەوە و بەجۆرێکی تایبەت ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات و پەیوەندییەکانی خۆی بەپێی ئەو ئازادییەی لەو فەزایەدا هەیبوو، دابمەزرێنێ.. شوێن جۆرێ لە دووری و گۆشەگیری بەسەر ژیانی مرۆڤدا دەسەپاند و ئەمەش مرۆڤی مەحکومدەکرد بە گۆشەگیریی کەلتووری و دووریی لە هۆز و گرووپە مرۆییەکانی ترەوە، کە بۆخۆی لایەنی پەسەند و خراپی هەبوو.

بەمجۆرەش لەو کۆمەڵگایانەدا، شوێنێکی تایبەت دەتوانێ ناچار بە ژیانێکی تایبەتمان بکات. شوێن دەتوانێ ئاسانکار و ڕێگر بێ لەبەردەم فێربوون و پەروەردەبوونێکی تایبەتدا: گۆشەگیری جوگرافیایی، دەسەڵاتی شوێنە بەسەر مرۆڤدا بۆ ئەوەی نەتوانێ لە شوێنێکی دیکە بژی. شوێنێکی تایبەت لە جوگرافیادا، شێوازە ژیانێکی تایبەتمان فێر دەکات و ئەو لێهاتووییانەمان پەروەردە دەکات، کە بۆ خۆگونجاندن لەو شوێنەدا پێویستن.

بەو دیویتردا، شوێنێکی تایبەت، مرۆڤ لە شوێنەکانیتر دابڕ دەکات و ئەم دابڕانەش لە کەلتوور و خوو و نەریتەکاندا ڕەنگدەداتەوە. تێڕوانینی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە لەسەر بێگانە و غەریبە دەگۆڕێ. هەندێ توێژینەوەی سکەندناڤیایی ئاشکرایان کردووە، کە تێڕوانینی دانیشتوانی شار و شوێنە جیاوازەکان، ڕەنگدانەوەی لەسەر بیروڕایان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پەنابەراندا هەیە (Social Kritik, nr ٤٣, ١٩٩٦.). بە تێبینیکردن و ئەزموون دەرکەوتووە، لە هەندێ وردەکەلتووری ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا، بێگانە و غەریبە تا ئەو کاتە چاودێریی دەکرێن و بەدگومانی لە ئاستیاندا هەیە کە ئەوان جێگەی خۆیان دەکەنەوە و شێوە ناسینێك لەسەر خۆیان لەلای خانەخوێ دروستدەکەن. بەڵام لە هەندێ شوێنی دیکە بێگانە و غەریبە پتر لەژێر چاودێریی ماڵی خانەخوێدا دەمێننەوە و خانەخوێ بە شێوازێکی زۆر تایبەت، وێڕای درێغی نەکردنی لە میوانداریکردنی غەریبەدا،

چاوی لەسەر هەڵناگرێ و هیچ شانسێك ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی زەفەری پێببرێ. بۆی هەیە گۆشەگیریی جوگرافیایی مرۆڤ هانبدا بۆ پاراستنی هەرێمی ژیانی و لە پێناوی ئەمەدا باجی گۆشەگیریی کەلتووریی بدات کە بریتیە لە بینینی ئەوانیتر، (کە لەشوێنێکی دیکە دەژین)، وەك دووژمنی گریمانەیی خۆی. ئەمەش سرووشتی کۆمەڵگا تەقلیدیە خێڵەکیەکان دەردەخا، کە دوژمنداری و توندوتیژی لەسەر هەرێم و پاراستنی کەوشەن و لەوەڕگا، ئەگەرێکی کراوەیە. بەمجۆرەش گۆشەگیرییەك کە شوێن دروستیدەکات، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆشەگیریی کەلتووری و ئەمەشیان دەبێتە هۆی دروستکردنی هەموو ئەو ڕێگرانەی کە ناهێڵن تێکەیشتن و پەیوەندی و دواجار هووشیاریی لێبووردەیی دروستببێ.

**شوێنی بەرتەسك و تەنگەبەر:**

دەکرێ نمونەی زۆر بۆ شوێن، وەك ڕێگرێك لەبەردەم دروستبوونی هووشیاریی لێبووردەیی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا، بهێنینەوە. بەشێوەیەکی گشتی، شوێنە بەرتەسك و لێکەوە نزیکەکان (وەك: گەڕەك و کۆڵانە تەنگەبەر و گوزەرەکان و بازاڕەکان)، وێڕای کارکردی میعماریانەی خۆیان، گۆڕاویشن بۆ شوێنی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و دەستدرێژی و تەنانەت کوشتنیش. لەو ناوەدا **تەویلە و گەوڕ**، کە شوێنی تایبەتە بە حەوانەوەی ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ، نمونەیەکی بەرجەستەمان دەخاتە بەردەست. ئەم شوێنانە، زۆرجار بوونەتە حەشارگە و شوێنی خۆشاردنەوە، جاریش هەبووە وەك زیندان و حەپسخانەش سوودیان لێوەرگیراوە. نمونەیەکی تر، دیوی دواوەی ماڵ، یان **پاشماڵ** لە خانووی گوندەکانی جارانی کوردستاندا، شوێنی زەخیرەخستن، داری سووتاندن و دانانی کەلوپەلی زیادە بوون، بەڵام زۆرجاریش وەك شوێنی لێدان و بەرزەفتەکردن و تەمبێکردنی ئەندامانی خێزان بەکارهاتوون، بەتایبەتی (ژن بە دەستی مێرد، خوشك بە دەستی برا و منداڵ بە دەستی دایبك و گەورەکان). کۆڵانی



بەرتەسك، کوێرەڕێ و لاکۆڵان و ڕاڕەوە تەسکەکان و سەرپردەکان و قەیسەرییەکان، بەردەوام هەلی ئەوەیان بۆ هێرشبەران ڕەخساندووە، تا پەلاماری نێچیرەکانیان بدەن.

**بەعس و بەکارهێنانی شوێن:**

لە سەردەمی بەعسییەکاندا، وێڕای هەبوونی سەدان شوێنی تایبەت بە شاردنەوە و پەردەپۆشکردن و سزا و شکەنجەی دەستبەسەرکراوان، شوێنە گشتییەکانی وەك شەقامی گشتی و مەیدانی شارەکانیش بۆ چاوترسێنکردنی هاووڵاتیان بەکاردەهێنرێن. ئێمە لێرەدا، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست لەم زەمینەیەدا، پشت بە تێبینکردن و یادوەری خۆمان دەبەستین بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوامی بە قسەکردنەکانمان بدەین.

لە ڕاستیدا، بەعس لە ژیانی کوردیدا مانایەکی تەواو توقێنەر بە شوێن، بە شێوەیەکی گشتی دەدات و هەموو شوێنێ دەکاتە شوێن بۆ توندوتیژی و زەبروەشاندن. بۆ نمونە: لە خەیاڵگەی مێژوویی کوردیدا، چوونە دەرودەشت، بەمانای چوونە سەیران و ئازادی و کەشی کراوە، دەگەیەنێ و ئەمەش بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا، بەڵام بەعس دەرودەشت لە شوێنێکەوە بۆ ئازادی، دەگۆڕێ بۆ شوێنی بێسەروشوێنکردن و گۆڕی بە کۆمەڵی. بیابان و دەشتاییەکان لەسەر دەستی بەعسییەکان دەبنە شوێنی ترسناك و کۆقەبر و مۆڵگەی فڕێدانی لاشەی ئەتککراو خاشاکی جەستەی قوربانیان.

بە لێکدانەوەی من، هەروەك چۆن لە پرۆژەی کوردناسیی بەعسدا، سێ قۆناغ هەیە کە تیایدا بەعسییەکان بە پشتبەستن بە تێگەیشتنێکی بەعسیانە بۆ ئەو کەلتوورە عەرەبییەی تیایدا وێنای کورد کراوە، کورد بە ئەویتر دەکەن، تاکو بیخاتە خانەی دوژمنەوە(سیوەیلی: ٢٠٠٣، ل: ٨٧ـ٨٩)، ئاواش بەعسیەکان لە سێ قۆناغدا سێ تێڕوانینیان هەیە بۆ بەکارهێنانی شوێن، وەك شوێنی پیادەکردنی توندوتیژی، کە بە کورتی ناویان دەهێنم:

١. **شوێنی تەقلیدی:** مەبەستم لە بەندیخانە و هەر شوێنێکە جێگەی بەندیخانە بگرێتەوە. شوێنی توندوتیژی لەلای بەعسییەکان، سەرەتا بەندیخانەکانن، هاووڵاتیان ڕاپێچی ئەو شوێنانە دەکرێن و لە ڕێگەی کۆمەڵێ سزای سەرەتاییەوە، بە مەبەستی چاوترساندن، سرووشتی بەندیخانەیان پێدەناسێنن. ئەمە ئەو قۆناغەی بەکارهێنانی شوێنە کەلەگەڵ هاتنە سەر حوکمی بەعسدا، کاری پێدەکرێت. ئەم تێڕوانینەی بەعسیەکان هی ئەو قۆناغەیە کە تازە هاتوونەتە سەر حوکم و خەریکی گشتاندنی بەبەعسیکردنی کۆمەڵگان و نەیارەکانیان ڕاپێچی بەندیخانەکان دەکەن.

٢. **شوێنی سرووشتی:** مەبەستم لەو شوێنە سرووشتیانەی وەك (چیاکان و ئەشکەوت و دۆڵەکان و هۆڕ و قامیشەڵان و دەشتاییەکانە)، کە لەسەردەمی شۆڕشی ڕزگاریخوازیدا، شوێنی ژیان و خۆشاردنەوە و مۆڵگەبوون و خۆپارستنی نەیاران، پێشمەرگە و ئاوارەکان بوون. بەعس لە کاتی دانوستانەکانیدا لەگەڵ کورد، کە وەك (ئەویتر) تەماشای دەکات، هێرشەکانی بۆ سەر ئەو شوێنانە کەمدەکاتەوە و لەکاتی تێهەڵچوونەوە لە شەڕیش لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا، دەکەوێتە پەلاماردانی ئەو شوێنانە.

٣. **شوێنی گشتی:** لە قۆناغی سێهەمدا، بەعسییەکان شوێنی توندوتیژی، فراواندەکەن بە جۆرێ کە گشت کۆمەڵگا و تەنانەت بیابانە دوورەکانیش بگرێتەوە. ئەمەش ئەوکاتەیە، کە ئیتر بەعسیەکان وەك دوژمنێك تەماشای کوردەکان دەکەن و بەهۆی پرۆسەکانی جینۆسایدکردنیەوە، لە هەوڵی سڕینەوەیدایە(سیوەیلی:٨٩).

بەکارهێنانی بەعسییەکان بۆ شوێن و گۆڕینی هەموو جێگایەك بە شوێنی توندوتیژی، بە پێچەوانەی هێزە تەقلیدیەکانی باوکسالاریی کوردییەوە، وەکئەوەی لە گوندەکانی جارانی کوردستاندا دەبینرێتەوە، بەمجۆرەیە: بەعس لە شوێنی بەرتەسك و تاریکەوە پەلدەکێشێ بۆ شوێنی ئاشکرا و بەرین، لە زیندانەوە بۆ سەحرا، لە پەنهان و بەرتەسکەوە بۆ ئاشکرا و ئاوەڵا. بەمجۆرەش بەکارهێنانی بەعس بۆ شوێن لە



فراوانکردنی بەردەوامی شوێن و گۆڕینیەتی بۆ شوێنی توندوتیژی و ئاشکراکردنی ئەو توندوتیژییەدایە وەك ئامرازێك بۆ چاوترساندن.

لەکاتێکدا، بەکارهێنانی نێرسالاری کوردی بۆ شوێن، بەردەوام لە شوێنی تاریك و بەرتەسك و شاراوەدا قەتیس دەمێنێ. لەشکرکێشی و تۆڵەکردنەوە، لە سیستەمی باوکسالاریدا شەوانە و لە گۆشە و کەنارانەوە، ئەنجام دراون. ئافرەتکوشتن و ئەتککردن و شەرەفکڕینەوە، لە کونی ژوورەکان و لە تاریکاییدا جێبەجێکراون. چاوترساندن و هەڕەشە ڕەمزییەکانی نێرسالاری وەك بڕینەوەی درەختان، قرتاندنی کلکی وڵاخ و نافەکبڕینی ئاوەڵکراسی ژنان، هەموویان لەو شوێنانەدا ڕوویانداوە، کە لایەنی بەرامەر بە ئاسانی پێشبینی نەکردوون..

نمونەیەکی دیکە بۆ شوێن، بەڵام زۆر جیاواز، کە ڕێگرە لەبەردەم سەرهەڵدانی هووشیاریی لێبووردەیی لە کۆمەڵگای هەنووکەیی کوردستاندا، کە زیاتر لە داهاتوودا ئاشکرا دەبێت، بریتیە لەو بینای نیشتەجێیانەی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا لە شێوەی ئاپارتمان و شووقەی چەند نهۆمی دروستکراون. ئەزموونی ئاپارتمانی چەند نهۆمی و بەرتەسکیی ڕاڕەوەکانیان، بوونی یەك دەرگای چوونەژوورەوە و هاتنەدەرەوەی هاوبەش، گۆڕەپانی هاوبەش و هتد، لە زۆر وڵاتانی جیهان هاوشان بووە بە زیادبوونی توندوتیژی و مەترسییەکان(برکاش: **الجدران تچرینی، مجلە** نقد و فکر). ئەمە ئەگەر باسی ئەو هەوڵدانانەی نیشتەجێبووانیان نەکەین بۆ خۆکوشتن و خۆفڕێدانە خوارەوە. ئەمە وێڕای گۆڕانی ئەو ئاپارتمانانە بە (گیتۆ) و شوێنی دروستبوونی باند و گرووپی چەتە و ڕێگران (وەکئەوەی لە وڵاتانی سکەندناڤیا باوە).

نمونەیەکی تر، کە زۆر نزیکترە لە کۆمەڵگای خۆمان، بریتیە لە هۆڵی بەرتەسکی خوێندنگاکان و گۆڕانیان بۆ شوێنی تێکهەڵخزانی ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکان، کە لە ئەنجامدا لەبەر نەبوونی شوێنی پێویست و گونجاو، ئەو هۆڵی خوێندنانە دەگۆڕێن بۆ شوێنی توندوتیژی. هەموو ئەو نمونانەم وەك بەڵگە بۆ ئەو ڕاستیە خستنە ڕوو کە ئاشکرای دەکات: شوێن دەتوانێ ڕێگر بێ لەبەردەم دروستبوونی هووشیاریی

لێبووردەییدا، کە بنەمای پرسیارەکەمان بوو. لێرەشەوە دەچینەوە سەر بەشێکی تری باسەکەمان و ئەمجارەیان سەرنجی خۆمان لەسەر ئەو ***هووشیارییە*** چڕ دەکەینەوە کە لە پرسیارەکەماندا مەبەستمانە.

ڕێگایەکی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە، بریتیە لە خستنەڕووی پێناسەیەك بۆ دەستەواژەی هووشیاری (لێبووردەیی).

**هووشیاریی لێبووردەیی:**

لێبووردەیی بەر لەوەی تیۆرەیەك یان چەند خستنەڕوویەك و مەرجێکی تیۆری بێت، لەناو مێژووی هزر و ئایین و کەلتووری گەلاندا، ڕەگوڕیشەی تایبەتی خۆی هەیە. هیچ کۆمەڵگا و گرووپگەلێکی مرۆییمان نییە کە بەجۆرێ لە جۆرەکان و لە قۆناغێکی ژیانی شارستانیانەی خۆیاندا، سیما و دەنگی لێبووردەیی تیایدا دەرنەکەوتبێ و بەرز نەبووبێتەوە. مێژووی لێبووردەیی وەك (پرانسیپێك) و لێبووردن وەك (کردەیەك) لە کۆمەڵگا و کەلتوورە زارەکیەکانەوە، (وێڕای ئەو گۆشەگیریانەش کە بەدەستیانەوە نالاندویانە)، درێژەی بەخۆیداوە تاکو کۆمەڵگا خاوەن خەت و گەشەسەندووەکان. هەریەك لە لائۆتسە، کۆنفسیۆس، بوودا، زەردەشت، سوکرات، کتێبی پیرۆز: (تەورات)، فرانسیزی ئەسیزی، سەعدیی شیرازی، مەلای جەزیری، نالی، مەحوی و هتد. لە کەلتووری کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، نیشانەی بیرکردنەوە و کارکردنیان بە هزری لێبووردەیی و پرانسیپی لێبووردنەوە، بەجێهێشتووە(جەهانبەگلو: ٢٠٠٢، ل: ٤١ـ٩٧).

لە ناو لێبووردەییەکاندا لێبوردەیی مرۆڤ بەرامبەر بە سرووشت لە هەموویان کۆنترە، ڕەنگە پرانسیپی لێبوردەیی لەسەر بناخەی ئەو تێگەیشتنەوە هاتبێ کە مرۆڤ بەبێ سرووشت هەڵناکات. بەڵام بڕوای لێبوردنی مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤیتر، لە هەموویان تازەترە و زۆرشتیش لەمەدا ڕێگر بوون وەك: دووری جوگرافی، گۆشەگیریی کەلتووری و جەنگەکان (Tolerance, in Friensclopidya,). ئەمەش پێماندەڵێ، کە هەرچەندە مرۆڤایەتی لە مێژووی شارستانیەتی خۆیدا هووشیار بووە بەرامبەر بە



پرانسیپی لێبووردەیی، کەچی لە ئاستی کرداردا لێبووردەیی نەبۆتە بەشێ لە ئەدگارەکانی. ئەوە تەنیا لەگەڵ دەستپێکردنە بە خەباتی ناتوندوتیژی لەسەدەی بیستەمدا کە پرانسیپی لێبووردەیی، دەبێتە بناخەیەك بۆ پراکتیکردنی لێبووردن.

گوتمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی پێشوو، پێویستە هیچ نەبێ پێناسەیەکی لێبووردەییمان لەبەر دەستدا بێت. ڤۆلتێر، فەیلەسوفی فەرەنسایی، کە بە یەکێك لە پێشڕەوانی هزری لێبووردەیی لەخۆرئاوا دادەنرێت، دەڵێت:

**(لێبووردەیی بریتییە لە ڕێزگرتن لە (ئەویتر) لە چوارچێوەی ئەو جیاوازییەی لەگەڵ ئێمەدا هەیەتی)** (کیان، ١٩٩٨، ٤٥).

ئەم پێناسەیەی ڤۆلتێر چەند ئیمکانێکمان دەخاتە بەردەست، کە لەمەودوا هەوڵدەدەم بیانخەمە ڕوو و بەهۆیانەوە ڕامانێك دابڕێژم بۆ ئەوەی بتوانم لە چوارچێوەیدا بیر بکەمەوە:

**یەکەم:** لە پێناسەکەدا پانتایەك هەیە تایبەت بە (من/ئێمە) و پانتاییەك هەیە تایبەت بە (ئەویتر)، کە (جیاوازی) لە نێوانیاندا هەیە. ئەم دوو پانتاییە دروستکەری ژیانی کۆمەڵایەتیی (هاوبەش)ن.

**دووەم:** بۆیە (من) لە جیهانی کۆمەڵایەتیمدا تەنیا نیم و تاکە مرۆڤێکی هووشیار نیم. من لە دەوروبەرێکی ئینسانیدا دەژیم، من لەگەڵ ئەوانیترم، کە جیاوازن لە (من/ ئێمە).

**سێیەم:** من پێوەری هیچ شتێ نیم و ئەوەی من بڕوام پێیەتی مەرج نییە بەشێوەیەکی ڕەها، کامڵ و باش بێت، بۆیە پێویستە ڕێز لە ئەویتریش بگرم.

**چوارەم:** ئەوەی (ئەویتر) یان بەرامبەرەکەم بڕوای پێیەتی، مەرج نییە بەشێوەیەکی ڕەها خراپ بێت و ئەمەش ڕێزی منە بۆ ئەو جیاوازییەی ئەو لەگەڵ (من، ئێمە)دا هەیەتی.

به پێی ئەم پێناسەیە، نابێت هەرگیز جیاوازییەکان ببنە سەرەتای ناکۆکی و ململانێ و شەڕ، بەڵکو دەبێت ببنە سەرەتای پێکەوەبوون و ڕووبەڕووبوونەوە و گفتوگۆکان، چونکە تەنیا لەو ڕێگەیەوە من فراوانییەك بە جیهان و هووشیاریی خۆم دەبەخشم کە هەم بۆ تێگەیشتن لە خۆم و هەم بۆ دەرککردنی ئەوانیتر پێویستم پێیەتی..

لێبووردەیی بریتیە لەو بڕوایەی کە من دەزانم و بەبیرمدەهێنرێتەوە[1] ، کە بەتەنیا نیم و ئەمەش هووشیاریی منە بەرامبەر بە بوونی ئەوانیتر لەناو هەمان شوێن و جێگاکانی تر، کە جیاوازن لە من بەڵام وەك من مافیان هەیە لەناو ئەم ژیان و کۆمەڵگایەدا بژین، وەلێ من لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا هەڵدەکەم. ئەم هەڵکردنە بە هووشیارییەوەیە، نەك لە نەزانییەوە. بۆیە کەلتووری لێبووردەیی بریتیە لە بەرزکردنەوەی هووشیاری تاکەکەسی بۆ ئاستی دەرککردنی ئەوانیتر و جیهانی هاوبەش. لێبووردەیی سەرەتای دەستهەڵگرتنە لەو جەهلەی کە ناهێڵێت من بەتەواوی ببمە بوونەوەرێکی کامڵ و نابیناشم دەکات لەئاست ئەوانیتردا، کە مەرجی سەرەکین بۆ گەیشتنم بە قۆناغێکی کامڵتری بوونی خۆم.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگای ئێمە لە زۆر دۆخی ئەوتۆ بەدەر نییە کە تیایدا هزری لێبووردەیی کارایی خۆی بەرجەستەکردووە و ئەمەشم لە چەند وتارێکی دیکەدا باسکردووە، بەڵام هێشتاکە ئێمە کۆمەڵگایەکی لێبووردە نین و هووشیاریی لێبووردەییمان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. هەڵبەتە ئەم هووشیارییە لەبەرئەوەی

(١) ئەم بەبیرهێنانەوەیە نیشانەی ئەوەیە من لە جیهان و فەزای کۆمەڵایەتیمدا بە تەنیا نیم و بە ئەوانیتر دەورەم گیراوە، بەمجۆرەش ئێمە کاریگەریمان لەسەر یەکتر هەیە و دەروەستین لە ئاست پێکەوە بوونماندا، ئەگەرچی جیاوازیش بین. جیاوازیی بەمانای ئەوە نیە هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە غەدر لە ئەوانیتر بکات، لانیکەم پرانسیپی لێبووردەیی ڕێگەی ئەمە نادات.



هێلانەکەی تاکەکەسەکانن و کەلتوورێکە بۆ خۆڕزگارکردنی تاکەکان لە جەهالەتی مانەوە لەو دنیا داخراوەدا کە کەلتووری باو، مێژوو و نەریتەکان ئەویان فڕێداوەتە ناوی، هەرگیز بەشێوەیەکی ئایدیاڵی نابێتە کەلتوور و هووشیارییەکی گشتی. بۆ ئەمەش هۆکار هەیە و ڕەنگە بتوانین لە سێ شوێنی جیاوازدا، هۆی نەبوونی ئەو هوشیارییە دەستنیشان بکەین، کە ئەو شوێنانەش بریتین لە:

١- کایەی کۆمەڵایەتی: (خێزان، کەلتوور و نەریتەکان)،
٢- کایەی سیاسی/ ئایدۆلۆژی و
٣- کایەی پەروەردەیی.

### ١ـ کایەی کۆمەڵایەتی: (خێزان، کەلتوور و نەریتەکان):

کۆمەڵگای ئێمە لە بچووکترین یەکەی خۆیەوە، کە خێزانە تاکو پێکهاتەی یەکە کەلتووری و ئایینییەکانیش، پەیوەندییەکی (نائاڵوگۆڕانە)ی، یاخود ( Non Communicative)ی لە پشتەوەیە. پەیوەندیی نائاڵوگۆڕانە، یاخود (ناپەیوەندی) ئەو دۆخەیە کە تیایدا مەرجی ئامادەیی ئەوە نییە کە بەرامبەر، واتە لایەنی دووەمی پەیوەندییەکە، خاوەنی کەسێتی و کاراکتەر و سەربەخۆیی خۆی بێت و بیروڕا و جیاوازییەکانی بەهەند بگیرێن و گفتوگۆی لەگەڵ بکرێت. بەڵکو ئەو، لەوێدایە بۆ ئێمە و وەك (تابلۆیەکی سپی) وایە کە ئێمە خواستەکانی خۆمانی لەسەر یاداشت دەکەین. ئەو لایەنی گفتوگۆ و بیروڕا لەگەڵ گۆڕینەوە نییە، بەڵکو گوێڕایەڵێکە بەبێ ئەوەی زمانی قسەکردنی هەبێت.

هەر پەیوەندییەك لەسەر بنەمایەکی (نائاڵوگۆڕکارانە)وە دروستبوویێت، جگەلەوەی پەیوەندییەکی ناتەندروستانەیە، ئاواش هەڵگری چەند حوکم و میکانیزمێکە، کە دەکرێت لەم ڕستانەدا کورتیان بکەینەوە:

**(من لەسەر حەقم و ڕاستییی لەلای منە/ تۆ گوێڕایەڵ و ملکەچی منیت/ حەقیقەتی من، حەقیقەتی تۆیە/ تۆ بۆت نییە جیاواز بێت، کەواتە تۆ بۆمن هەیت).**

ئەم حوكم و میكانیزمانە بوونەوەرێكی بەخۆدا ڕۆچووی پڕگرێ لەتاكەكەسی ئێمە دروستدەكەن، كە لەهەموو ئەو ساتەوەختانەدا، كە ئەو دەتوانێ بوونی خۆی تیایاندا بسەلمێنێ، ڕێگای ئەو خۆسەلماندنانەی لێتەنراوە و بەردەوام ناچاركراوە پرسیار و نارەزایی و خولیا تایبەتیەكانی خۆی دوا بخات و لەسەر یەك كەڵەكەیان بكات، بەڵكو لە كاتێكدا بواری بۆ بڕەخسێت ببێتەوە بەخۆی وەك خۆی بێت.. وەلی لەبەرئەوەی لە كۆمەڵگای ئێمەدا (خێزان) لە ڕێگەی (نەریتەكانە)وە درێژە بەحوكمی خۆی دەدات و نەریتەكانیش ڕەوایەتی خۆیان لە (كەلتوور و ئایینەوە)وە دەهێنن، ئەوە تاكەكەسی ئێمە بەردەوام خۆی لەبەردەم ڕێگرەكانی خێزان، نەریت، كەلتوور و ئاییندا دەبینێتەوە و هەرگیز ئەو زەخیرەكراوانەی ناو ناخی خۆی بۆ بەتاڵ ناكرێنەوە و خۆی لەبارودۆخێكی ئاڵوگۆڕكەرانە (Communcative)دا نابینێتەوە. هەر بۆیەشە ئەو كاتەی دێتە قسەكردن، یان هەوڵی خۆدەربڕین دەدات، یان ئەوەتا: ئەوپەڕی خۆبەدەستەوەدەرانە قسانەدەكات، یاخود: زمانێكی تووڕە و تۆڵە ئەستێن هەڵدەبژێرێت، كە ئەم زمانەش نەدەتوانێت تەعبیری تەواو لە دۆخی ئەو بكات، نە لەڕێگەشیەوە دەتوانێت بگاتە خواستەكانی خۆی.

بەجۆرەش كایەی كۆمەڵایەتی و بەپلەی یەكەم (خێزان)، كە تیایدا (نەریت و كەلتوور و ئایین) كۆبوونەتەوە، هەر لە سەرەتای تەمەنی مرۆڤی ئێمەوە خەسڵەتی (بەكەسبوون، بەئیرادەبوون و سەربەخۆبوون و ئازادبوون) لەم مرۆڤە دەستێننەوە و لەناو پەیوەندییەكی (نائاڵوگۆڕكەرانە)دا، كە لەهەمانكاتیشدا پەیوەندییەكی (نالێبووردەیی)یە، بەرەڵلای دەكەن. باشترین نموونە منداڵێكە، كە خەریكە دنیای خۆی دروست بكات و بە مەرجەكانی خۆیەوە لەو دنیایەدا بژی، بەڵام ئەوە سرووشتی خێزانی كوردییە ئەو دنیایە لەو منداڵە بسێنێتەوە و بەمەرجی دایك و باوكێتی جیهانێكی بۆ دروست بكات، بەبێ ئەوەی ئەمە لە ئەنجامی تێگەیشتنەوە بێت لە كەسایەتی منداڵ و لە جیهانە تایبەتییەكەی.



لەناو ئەم بازنە داخراوە نێرسالارانەیەدا: (خێزان/ نەریت/ كەلتوور و ئایین)، نەك هەر بوارێ نارەخسێ بۆ دروستبوونی هووشیاریی لێبووردەیی، بەڵكو مرۆڤی لێبووردەش وەك كائینێكی (لاواز) و (ژنانی) و (نەرم) تەماشای دەكرێت. ئەو كەسەی لە وڵاتی ئێمەدا لە بڕیارێكی خۆی پاشگەز دەبێتەوە، پیاوێكی تەواو نییە، چونكە پیاوی ڕاستەقینە قسەی خۆی دەباتەسەر. كاتێك دەمانەوێ ئاشتەوایی لەنێوان دوولایەن و ناوبژیی دووكەس بكەین، مەبەستمان ئەوە نییە تێیان بگەیەنین ئاشتی و ئاشتبوونەوە و لێكخۆشبوون چەندە لەبەرژەوەندیی ئەوانە، بەڵكو ئێمە دەمانەوێ لەم ساتەدا (ڕازییان بكەین)و كڵاو دەكەینە سەری یەكێكیان، كە بۆی هەیە لەهەر ساتەوەختێكتردا پێكهەڵپرژێنەوە.

كەواتە هووشیاریی لێبووردەیی لە دۆخێكدا دروستدەبێت كە بەلای كەمەوە (ئازادیی جیاوازیبوون) لە ئارادا بێت و ئەمەش لە میانەی گفتوگۆدا ڕەنگبداتەوە:

(***من بەتەنیا نیم/ چونكە گفتوگۆ فێرم دەكات بڕواكانی من تەنیا بەشێوەیەكی ڕێژەیی باشن/ كەسانی تر بڕوای دیكەیان هەیە كە جیاوازن لە ئەوانەی من/ كەواتە ئێمە پێویستیمان بەیەكتر هەیە***).

**دووەم: كایەی سیاسی/ ئایدۆلۆژی:**

دروستبوونی كایەی سیاسی/ ئایدۆلۆژی، لە وڵاتی ئێمەدا دروستبوونێكی ناسرووشتییە، چونكە پێش هەموو شتێك پەرچەكردارە لە بەرامبەر هێزێكی دەرەكیدا، كە ئەویش ناسیاسییە و هێزمان بەسەردا دەسەپێنێ و سەپاندوویەتی. مامەڵەی ئەو دەوڵەتانەی كوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، مامەڵەی هێزی سەركوتكەرە بۆ سڕینەوەی ئەویترێكی بە دووژمنكراو. كایەی سیاسی ئێمەش لەبەرامبەر ئەم هێزەدا دروستبووە، كە وەك دوژمن تەماشای كراوە. لێرەشەوە، كایەی سیاسی ئێمە پێكهاتەیەكی زۆر ئاڵۆزی هەیە و مێژوویەكی هەیە كە (هزری لێبووردەیی) تیایدا، ئەگەر نادیاریش نەبێت، ئەوا دەگمەنە. دەگمەنە، چونكە

لێبووردەیی جۆرێکە لەفیداکاری بۆ پێکەوە بوون و ڕووبەڕووبوونەوە بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی، لەکاتێکدا هەموو فیداکارییەك لەناو کەلتووری سیاسیی ئێمەدا هاوشانە بەپراکتیزەکردنی جۆرێك لە توندوتیژیی و زەبر، جا ئەو زەبرە خودی فیداکار بگرێتەوە یان بەرامبەرەکەی. (پێشمەرگەیەك یان خۆی بەکوشت دەدا، یان ئەوانیتر دەکوژێ). کێشەکە لەوەدایە کەلتووری سیاسی ئێمە لەبنەمادا کەلتوورێکی دەرە ـ دەسەڵات و هێزپەرستە، ئەمجا کەلتوورێکی نەرێتخواز و موحافیزکارە و پاشان کەلتوورێکی نێرانەیە و لۆژیکی نێر تیایدا باڵادەستە، کە ئەم لۆژیکەش ناسنامەی خۆی لەسەر بنەمای (کردار) و (پەرچەکردارەوە) دروستدەکات، نەك لەسەر بنەمای تێڕامان ڕووبەڕووبوونەوە. ونبوونی بنەمای تێڕامان و نەبینینی بەرامبەر، بۆتە هۆی بەهێزکردنی بنەمای لێدان و زەبر وەشاندن و تۆڵەکردنەوە. لەوبارودۆخەشدا کە زەبر ببێتە زمانی تەعبیرکردن، ئیتر بوونی بەرامبەر دەبێتە (بۆنێك بۆ سڕینەوە).

خاڵێکی تر کە بۆتە هۆی ونبوونی (هزری لێبووردەیی) لە کایەی سیاسی/ئایدیۆلۆژی ئێمەدا، بریتییە لەو پابەندییە ڕیشەدارەی کە هێزە سیاسییەکانی ئێمە بە مێژووی کەسایەتی و بنەماڵە و میزاجی تاکە سەرکردەوە، دەبەستنەوە. حیزب لەم دۆخەدا بۆتە حیزبی تاکە سەرکردە و سیاسەتی حیزب بۆتە بەرجەستەکەری میزاجی بەرزترین پلەی حیزبی و ئەمەش جارێکی دیکە دابەزیوەتە خوار بۆناو خانەکانی کۆمەڵگا. بەم جۆرەش حیزبی ئێمە هەرگیز نەیویستووە کۆمەڵگا و یەکە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆی بتۆرێنێت و لەدژی نۆرم و بەهاکۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان و لایەنە تاریکەکانی ئایین بوەستێتەوە. لێرەشەوە بەردەوامیی (حیزب، سیاسەت، ئایدیۆلۆژیا)، هەمیشە بەردەوامبوونێك بووە بۆ ڕازیکردنی هێزە نەرێتخوازەکان و مەرجە داخراوەکانی کۆمەڵگا و یەکەکانی ناوی، لەسەر حسابی بەقوربانیکردنی یاسا و مافی تاکەکان و کەلتوورێکی کراوە.

ئەو میکانیزمانەی پەیوەندیی کایەی سیاسی ئێمە بەئەندامەکانی خۆیەوە و بە نەیارەکانیشیەوە دەستنیشاندەکات، دیسانەوە ئاشکرای دەکەن، کە لە ناو کایەی



سیاسی/ئایدیۆلۆژی ئێمەدا، پانتاییەکی فراوانی (نائاڵوگۆڕکردن) هەیە و ئەمەش لەم ڕستانەدا خۆی دەبینێتەوە:

**(تەنیا من لەسەر حەقم./ تۆ، یان بۆ منیت، یان دوژمنی منیت./ بۆیە من تەنیا لەجەنگدا ڕووبەڕووت دەبمەوە، تاییسەلمێنم تۆ بۆت نییە لە دەرەوەی من بوونت هەبێت./ ئەنجام: دەبێت تۆ بسڕمەوە).**

لەناو بارودۆخێکی سیاسی ئاوادا، لێبووردەیی دەکەوێتە نێوان دوو پەیوەندیی (پتەو) و پەیوەندییەکی (لاواز)ــەوە: هەمیشە کەلتووری کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ئایینی لەگەڵ پانتایی سیاسی/حزبی ئێمەدا پەیوەندییەکی پتەو و گەرمیان هەیە. ئەوەی ئایین دەیڵێت، حزب لایەنگیری دەکات و ئەوەی بە بڕیاری سیاسیش دەگوترێ، لەلایەن دامەزراوە و دەستە ئایینیەکانەوە، مۆڵەتی پێدەدرێ و پاساوی شەرعیانەی بۆ دەدۆزرێتەوە. لە مێژووی سیاسی ئێمەدا ساتەوەختێکی دابڕانی ئایین و سیاسەتمان نیە و ئەگەر هەشبێ، نەبۆتە گوتارێکی سیاسیی سەربەخۆ. بەمدیوی تردا: پانتایی کۆمەڵایەتی و پانتایی سیاسی بەردەوام یەکتری تەواوکەر بوون، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆرینەی کاراکتەرە سیاسیەکانی ئێمە لە مۆڵگەیەکی کۆمەڵایەتی ئاسایی و تەقلیدیەوە هاتوون. هیچکامێ لەم جۆرە پەیوەندی و پانتاییانە ناتوانن ببنە پانتایی سەرهەڵدانی کەلتووری لێبووردەیی، چونکە لە هەرکامێکیاندا سێ بنەما و چەمکی جەوهەری نادیارن: **تاکەکەس، جیاوازی و ئازادی**. لێبووردەیی بەبێ ئەم سێ چەمکە ناتوانێ دروستببێ و ئەگەر دروستیش بوو ناتوانێ بەردەوامبێ.

لەهەر کۆمەڵگایەکی کراوە، یان تەندروستدا پێویستیمان بە لانیکەمی فەزایەك هەیە بۆ دروستبوونی تاکەکەس، پێویستیمان بە لانیکەمی ڕێزگرتن لە جیاوازی و لانیکەمی ئازادی هەیە. هەرکات نەرێتەکان و سیاسەت و ئایین پاڵپشتی یەکتریان کرد، کەلتووری لێبووردەیی دەکەوێتە قەیرانەوە. لە ئەوروپای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، لەژێر کاریگەری گفتوگۆ لەسەر دروستبوون و بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، جۆرە گەڕانەوەیەك و عەشقێکی میللەتانی ئەوروپیمان بۆ (کەلتووری

ڕەسەن)ی خۆیان بینی، هەروەها سەرهەڵدانی حیزبی ڕەگەزپەرستی و بەهێزبوونیان لەپەرلەماندا (لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و دانیمارك حیزبە ڕەگەزپەرستەکان هاتنە سەر حوکم) و هاوشانی ئەمانەش شەڕە مەزهەبی و ئایینیەکانی یۆگۆسلاڤیا و سێرب و کرواتیەکان و چەندشوێنێکی دیکە، پەرەیان سەند. ئەنجام بەچی تەواو بوو؟ پشتکردن لە کەلتووری لێبووردەیی. تووڕهەڵدانی جیاوازی و کۆتاییهێنان بە بەهای تاکایەتی و دانسقەیی، کە بەرهەمی شارستانیەتی مۆدێرنی ئەورووپی بوون لە ڕێنیسانس و بەتایبەتی سەردەمی ڕۆشنگەری بەدواوە..

بۆچی من ئەوە دووپات دەکەمەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی، هەرکات نەریتەکان و سیاسەت و ئاینی پاڵپشتی یەکتریان کرد، کەلتووری لێبووردەیی دەکەوێتە قەیرانەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێ بەمجۆرە بێت: نەریتەکان خواستی میراتیانەی گرووپ بەرجەستە دەکەن، بۆیە بەهێزبوونی نەریتەکان لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی لەناوبردنی تاکەکەس: گرووپی نەریتی، تاکەکەس وەك بوونەوەری سەربەخۆ قەبووڵ ناکات، بەڵکو وەکو ئەندامێکی گوێڕایەڵ دەیەوێ. (ئەمە گوتاری هەندێ لە حیزبە سیاسیە ئایینییەکانی کۆمەڵگای ئێمە بووە، کە برەویان بە گوتاری بەجەماوەرکردن داوە).

گەڕانەوە بۆ ڕەسەن و مێژووی نەتەوایەتی و ئەو جۆرە گوتارانە، بە زیانی (جیاوازی) تەواو دەبن، چونکە (ڕەسەن) و (نەتەوایەتی) و (ئێمە) و (میراتی باووباپیران) و هتد، هەموویان چەمکی یەکایەتین (وحدە) و پتەوکەری یەکێتین، نەك قەبوولکردنی جیاوازی. (ئەمەیان گوتاری ناسیۆنالیستە ڕەگەزپەرست و نیشتیمانپەروەرانی دەمارگیری ناو سیاسەتی ئێمەیە). بەهێزبوونی ئەو دوو لایەنەی پێشوو لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا، بە زیانی ئازادی تەواو دەبێ، چونکە ئازادی، بریتیە لە ئازادی قسەکردنیش لەبارەی میراتی کەلتووری، نەریتەکان، ئاین و میللەتیشەوە. بەڵام وەختێ ئەوانە بەپیرۆز کرابن و کایەی سیاسی و ئایینی و کەلتووری دەستیان لەناو دەستی یەکتر خستبێ بۆ لێدان و بێدەنگکردنی ئەوانەی لەو پیرۆزییە دەدەن، ئەوە ئازادی سەری خۆی هەڵدەگرێ. هەموو ئەم بارودۆخ و پەیوەندیانەش ئەو بازنە داخراوە پێکدەهێنن کە تیایدا لێبووردەیی



کەمترین شوێنی هەیە، یان هەر نییەتی. لە ڕاستیدا لێبووردەیی لەو زەمینەیەدا گەشە دەکات کە لە ڕووی جوگرافیاییەوە کراوە بێت، تێکەڵی و سەوداوامامەڵەی تێدابێت. لەڕووی سیاسییەوە ئازاد بێت و ئۆپۆزیسیۆن ئامادەیی ڕاستەقینەی خۆی هەبێت بەبێ ئەوەی ڕیسکی گیانی بە دواوە بێت. ئۆپۆزیسۆن نابێت لەدەرەوەی کۆمەڵگا بێت. لە ڕووی کەلتووریشەوە پێویستە لەو شوێنەدا ڕێژەگەرایی کەلتووری و فرەئایینی ڕێزی لێبگیرێت.

**سێیەم: کایەی پەروەردەیی:**

هەروەکو لە شوێنێکیتری ئەم باسەدا نووسیم، لێبووردەیی جۆرێکە لە ڕۆشنبیریی کە تاکەکەسەکان، گرووپەکان، گەلان و نەتەوەکان بەهۆیەوە دەتوانن پەیوەندییەکانیان ڕێکبخەن و گرژییەکان و توندوتیژی بگۆڕن بۆ ناتوندوتیژی. ئەم تێگەیشتنە بۆخۆی دەرگای باسێکی گرنگمان بەسەردا ئاوەڵا دەکات، کە ئەویش بریتیە لە گرنگیی لێبووردەیی لە بواری پەروەردە و بەرجەستەکردنی ڕۆحیی لێبووردن لە سیستەمی پەروەردەدا، چونکە لەو سیستەمەدایە کە تاکەکەس ئامادە دەکرێ بۆ چۆنێتی بەشداربوونی لە کاری سیاسی و کاکردنی لە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا و ڕێزگرتنی لە هاوژینی لەگەڵ ئەوانیتر (الحگیبی،ص: ١٠-١١)

ونبوونی هزری لێبووردەیی لە کایەی پەروەردەیی ئێمەدا هەر ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کایەیە تەواوکەری کایەی (کۆمەڵایەتی، سیاسی/ئایدیۆلۆژی)یـە و بەهەمان میکانیزمی (نائاڵوگۆڕکەرانە)وە ئیش لەسەر تاکەکانی ئێمە، دەکات. بەڵکو هۆکاری سەرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خودی کایەی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا تاکەکەس وەك مرۆڤێکی (ناکامڵ/ کەم عەقڵ) تەماشا دەکات، کە دەبێت (کۆنترۆڵ) و (عاقڵ بکرێت). بەم پێیەش کایەی پەروەردە دەبێتە ویستگایەك کە پەیوەندییەکی (نائاڵوگۆڕکەرانەی نایەکسان) لە نێوان (فێرکەر) و (فێرکراو) دا، دروستدەکات و دەسەڵاتی فێرکار بەسەر فێرکراودا دەسەپێنێت.

ئەمەش ئەو تەریبەیە کە سیستەمی پەروەردەیی ئێمە لە ساتەوەختی دروستبوونیەوە، لە ژێردەسەڵاتی ئینتیدابی بەریتانیدا، لەگەڵ سیستەمی سەربازی پاراستویەتی، کە هەردووکیان دوو سیستەمی دیسپلینکەرن. ئەم سیستەمە لەلایەکەوە ناپەروەردەییە و لەلایەکەوە لادانێکە بەرەو خراپ، لەچاو پەروەردەی هەڕەمەکی لە کۆمەڵگای ترادشیۆناڵی کوردیدا: لەپەروەردەی هەڕەمەکیدا، تاکەکەس وەك نەزان و بێئەزموون تەماشای دەکرێ، بەڵام فێرکردن شتێکە لە میانەی ژیانی پراکتیکیدا ڕوودەدات. باوکێکی جوتیار نەبۆخۆی لە قوتابخانە فێری جوتیاری و ماڵداری بووە و نە منداڵەکەیشی بۆ ئەو مەبەستە ناردۆتە قوتابخانە. ئەو بۆخۆی پشتاوپشت هەندێ شت فێربووە و لە بواری کردەییشدا فێربوونەکانی خۆی لە مەحەك داون و ئەزموونی کۆکردۆتەوە. ئێستاش کە دەیەوێ کوڕەکەی بکاتە جوتیار، دێت لە میانەی ژیانی عەمەلیدا و بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی خۆی هەندێ شتی فێر دەکات، وەلێ ئازادی ئەوەش دەداتە کوڕەکەی کە بۆخۆی فێربوون ئەزموون بکات. بە مانایەکی دیکە، لەپەروەردەی هەڕەمەکی کوردیدا شتێ لە سەپاندن و شتێ لە گواستنەوەی ناچاریانەی ئەزموون لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر هەیە، بەڵام بوارێکی ئازادییش هەیە کە هەل دەداتە تاکەکەس، خۆی لە بواری پراکتیکیەوە، ئەزموون و تێگەیشتنی خۆی پەروەردە بکات.

قوتابخانە، بەمانا سەربازییە بەریتانیە سەرەتای سەدەی بیستەمەکەی، وەکئەوەی لە عێراق و کوردستاندا دەردەکەوێ، بەدەگمەن نەبێ، لە ژیانی پراکتیکی و ئەزموونیی دوورە و تیایدا پشت بە تیۆر و گواستنەوەی دەقاو دەقی بیروڕای کەسانیتر دەبەسرێ. مرۆڤ لەم سیستەمەدا، تاقیکردنەوەی دەکرێ لەسەر ئەو شتانەی کە فێری کراون و ناچار کراوە بە لەبەرکردنیان، نەك ئەو شتانەی بۆخۆی لە ئەزموونەوە فێریان بووە، یان لەسەر پێکەوەگرێدانی تیۆری و ئەزموون. قسەکردن و خوتبەدان بۆمنداڵ لە قوتابخانە، لەسەر ئەوەی پێویستە چۆن ڕێزی دارودرەخت بگرێ، (کە بۆخۆی ڕاهێنانێکە لەبارەی لێبووردەییەوە)، جیاوازە لەوەی ئەم منداڵە بۆخۆی ئازادی ئەوەی بدرێتێ دارودرەخت و



گووڵ بڕوێنێ و پەروەردەیان بکات و ئەزموونی گەورەکردن و سیسبوون و گەشە و وشکبوونیان بکات. بەمجۆرەش لێبووردەیی بەرلەوەی تیۆری و گوتار بێت، کردە و ئەزموون و پێکەوە هەڵکردنە. هەر سیستەمێکی پەروەردەیی ڕەهەندی پراکتیکیانەی فێرکردنی لاواز بوو، لە فێرکردنی لێبووردەییشدا لاواز و دەستەوەستان دەبێ. هەتا ئێوارێ لە قوتابخانەی کچان و کوڕان باسی یەکسانی و هاومافی نێرینە و مێیینە بۆ قوتابیان بکەین، تا ئەوکاتەی ئەوان لە قوتابخانە تێکەڵ نین و جیامان کردوونەتەوە، مەسەلەی نایەکسانی لە زەینی ئەواندا وەك نەگۆڕێك دەمێنێتەوە. لێبووردەیی گوتار و خواستێکی شاعیرانە و ڕۆمانسیانەی جوان نییە کە بەهۆیەوە سەرنجی دەوروبەر ڕابکێشین، بەڵکو پتر لەوە، کردەیەکی زیندووی ڕۆژانەی تاکەکەسە لەگەڵ ئەوانیتر بە قەبووڵکردنی ئەو جیاوازیانەی لە نێوانیاندا هەیە، وەك ڤۆڵتێر دەیگوت و پێشتر ئاماژەمان پێدا..

لەلایەکی ترەوە، لە سیستەمی پەروەردەیی ئێمەدا، لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان باوکانی ناو کایەی کۆمەڵایەتی، باوکانی کایەی سیاسی و باوکانی ئایینی و باوکانی کایەی پەروەردەدا. ئەم لێکچوونەش کۆمەڵێ پەیوەندیی دووبارەوە بوو دەسەلمێنێت، کە هیچییان لە بەرژەوەندیی هزری لێبووردەییدا نین. بۆ نموونە لە دۆخێکی ئاسایی کایەی خێزاندا پەیوەندی لەسەر پرانسیپی (گەورە) و (بچووکی)یەوەیە. بەپێی ئەم پرانسیپە گەورەساڵ دەتوانێ بڕیار بۆ بچووکتر بدات. گەورە هێزی هەیە و بچووك لاواز. (باوکی کۆمەڵایەتی لە خۆشەویستی و بەزەییەوە، دەتوانێ ناچار بە هەر شتێکمان بکات). لە کایەی ئایینیدا پەیوەندی لەسەر پرانسیپی نوێنەراتیکردنەوەیە: پیاوی دینی، مەلا، قەشە و هتد بەناوی یەزدانەوە دەدوێن و داوا و دۆعا دەکەن. (باوکانی ئایینی لە یەزدان نزیکترن.) لەکایەی سیاسیدا هەموو دەبینە فەرمانپێدراو، یان دەتوانین یاخیبوون هەڵبژێرین. (باوکانی سیاسی بە ئینتیما، یان بە یاسا بەرزەفتەمان دەکەن).

لە سیستەمی پەروەردەییدا وێڕای ئەوەی زۆرینەی ئەم پەیوەندیە نائاڵوگۆڕکەرانە دووبارە دەبنەوە، ئەوە دۆخێکی ئاسایی ئەوتۆش نییە کە تیایدا مامۆستا و قوتابی (هاوکار)بن، یان دوو لایەنی بەشداربووی گفتوگۆیەك بن، بەڵکو هەمان حوکمەکانی کایەی کۆمەڵایەتی لە کایەی پەروەردەیشدا دووبارە دەکرێنەوە، کە ڕستەی: (**گۆشتەکەی بۆ ئێوە و ئێسقانەکانی بۆمن**) بەرجەستەکەری ئەم دۆخەیە.

بەپێی ئەم ڕستەیە، کە ڕستەی هەموو باوکێکی ناو خێزانە لە کایەی کۆمەڵایەتیدا، قوتابی وەك (تاوانبارێك) دەخرێتە بەردەم باوکانی کایەی پەروەردە و هەر لێرەشەوە کەسێتی کۆمەڵایەتی ئەو قوتابییە لەیەك خاڵدا بچووکدەکرێتەوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی دەبێت (فێربکرێت)! لێرەوە فێرکردن لەپرۆسەیەکی ڕۆشنگەرانەوە، کە پێویستە تواناکانی قوتابی ئاشکرا و پەروەردە بکات، دەبێتە پرۆسەیەکی بەرزەفتەکردن و چاوسوورکردنەوە. بۆیە دیاردەی (کۆبوونەوەی باوکان و دایکان) لە کایەی پەروەردەدا، بەدەگمەن بۆ ئەوەیە کە (ستایشی) قوتابی تێدا بکرێت، بەڵکو زۆربەی کات لەپێناوی ڕیسواکردنی قوتابی و ئاشکراکردنی کەموکوڕیەکانیەتی.

بۆیە ئەگەر گرنگیی هزری لێبووردەیی لە کایەی کۆمەڵایەتی و کایەی سیاسیی ئێمەدا پێویستییەك بێت، ئەوە لەکایەی پەروەردەدا مەسەلەیەکی جەوهەریی حاشاهەڵنەگرە. ئەمەش بەو مانایەی لە هەردوو کایەی پێشوودا بۆی هەیە هەردەم گۆڕانێك لە پلەی بڕیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەها و ڕێژەییدا ڕوو بدات و کرانەوە و داخران دوو گۆڕاوی هەمیشەیی بن، بەڵام لەکایەی پەروەردەدا هەموو پەیوەندییەکان لەسەر ئاستێکی بەرزی نیسبییەوە دروستدەبن و هیچ گەرانتێك نییە بۆ ئەوەی ڕەهاییگەری و داخران ڕێگایەك بێت بۆ پەروەردەیەکی تەندروستانە. چونکە لەبواری (گۆڕینەوەی مەعریفە و زانستدا)، یان لە بارودۆخی (تێگەیشتنێکی مەعریفییانە)دا، کە ئامانجی سەرەکیی هەر سیتەمێکی تەندروستی پەروەردەییە، جێگای هیچ جۆرە زەبر و توندوتیژییەك نابێتەوە. بەمانایەکی تر: لەو شوێنەدا کە توندوتیژی لە ئارادا



بێت، ڕێگاکانی تێگەیشتن و مەعریفەگۆڕینەوە و فێرکردن دەبەسترێن و شەڕ دەستپێدەکات، یەکەم پرانسیپی هزری لێبووردەییش ئەوەیە کە: نابێت شەڕ ڕووبدات.

بەمجۆرەش ئاشکرا دەبێت، کە کایەی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا، نەك هەر نەیتوانیوە ببێتە شوێنێ بۆ مانەوەی لێبووردەیی بەڵکو ڕاستەوخۆش زەمینەسازی کردووە بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەو پەیوەندیە نایەکسانەی کە تیایدا ئاڵوگۆڕکردن (Communication) دادەبەزێتە سەر جۆرێك لە فەرمان دەرکردنی پەروەردەیی.

کایەی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا لە (پێشگرێك) زیاتر نییە، کە دەلکێنرێ بە کایە دەسەڵاتدارەکانی ناو کۆمەڵگاوە و پەیوەندیی نێوان ئەو کایانە گەرم و گوڕ دەکات، بەڵام بۆخۆشی بنەماکەی خۆی وندەکات، کە ***پەروەردەکردنە***. کاتێ پەروەردە دەبێتە پێشگری کۆمەڵایەتی، دەبێتە (پەروەردەی کۆمەڵایەتی) و کاتێ دەلکێنرێ بە سیاسەتەوە دەبێتە (پەروەردەی سیاسی) و کاتێکیش دەخرێتە پێش ئایینەوە، دەبێتە (پەروەردەی ئایینی). ئەمانە هیچیان خودی پەروەردە نین. ئەمەش بەمانای ئەوەیە سیستەمی پەروەردەیی ئێمە، (پەروەردە)ی خستۆتە خزمەت پێگەیاندنی سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە و پەروەردەکردنی پەروەردەییانەی تاکە مرۆڤی فەرامۆشکردووە. واتە دیسپلین و پرانسیپە جەوهەرییە پەروەردەییەکانی خۆی، پاسیڤ کردووە. پەروەردە لەم سیستەمەدا پەیوەندی سیاسەت و ئایین و کەلتووری کۆمەڵایەتی گەرمکردووە و پەیوەندیی خۆی و تاکە مرۆڤی، پچڕاندووە. ئەم سیستەمە پەروەردەییە ناتوانێ بەرهەمهێنەری لێبووردەیی بێت و لێبووردەیی تیایدا تەنیا وەکو گوتارێکی لاواز دەمێنێتەوە. چونکە بۆ دروستکردنی لێبووردەیی پێویستیمان بە تاکەکەسانی بکەر هەیە، کە جیاوازییەکانیان قەبووڵکراو و ئازادییان دابینکراو بێت. ونبوونی تاکەکەس لە کەلتووری کۆمەڵایەتی و ونبوونی جیاوازیی لە ئایین و ونبوونی ئازادی لە سیاسەتدا، سیستەمی پەروەردەیی ئێمەی لە جومگە سەرەکییەکەی خۆیدا، کە بەرهەمهێنانی لێبووردەییە، لە پەلوپۆ خستووە.

**ئەنجام:**

هووشیاری لێبووردەیی شتێ نییە لەگەڵماندا و لە زگماکەوە، پێوەی لەدایك بووبین، بەڵکو ئەنجامی کاربۆکردنی بەردەوامە لە ناو کایە جیاوازە کۆمەڵایەتیەکان و دەبێت لەپرۆسە و قۆناغەکانی گەشەی تاك لەناو کۆمەڵگادا، وەك بەشێك لە کەلتووری ئایینده تەماشای بکەین. رێگرەکانی بەردەم هزر و کەلتووری لێبووردەیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرن، بەڵام ئەو رێگرانەی کایە کۆمەڵایەتیە باڵادەستەکان لەبەردەم لێبووردەییدا دروستیانکردووە، لە هەموویان مەترسیدارترن. بۆ بەرهەمهێنانی کەلتووری لێبووردەیی، پێویستە هەندێك لەو کایە کۆمەڵایەتیانە ناچار بکرێن، کە لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا، هەر یەکەیان کەمێ دەست لە پرۆژە زەوتکارییەکانی خۆیان لە کۆمەڵگادا هەڵبگرن، بەمەش پانتایی لێبووردەیی بواری بۆ برەخسێ لە ئاستی هزریندا تەعبیر لە خۆی بکات. لە ئاستی پراکتیکیشدا ببێتە رەفتاری تاك لەگەڵ ئەوانیتر، تاکو بتوانین: **رێز لە (ئەوانیتر) بگرین، لە چوارچێوەی ئەو جیاوازییەی لەگەڵ (ئێمە)دا هەیانە،** وەك ڤۆڵتێر گوتبووی و پێشتر لەبارەیەوە دواین.. هەندێکی تریش لەو کایە کۆمەڵایەتیانە، بۆی هەیە لە میانەی تێپەڕینی کات و بەهۆی ململانێی ناو ئەندامەکانی خۆیانەوە، گۆڕانیان بەسەردا بێت و خۆیان نوێ بکەنەوە.

بەکورتی: قەیرانەکانی بەردەم هووشیاریی لێبووردەیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، لە هەمان کاتیشدا قەیرانی ئەو کایە کۆمەڵایەتیانەی دیکەی ناو



کۆمەڵگاکەمانن، کە لێبووردەیی تیایاندا نەبۆتە کەلتوورێکی پتەوی رێزلێگیراو. ئەو کایە کۆمەڵایەتیانە دەروونی ئێمەی تاکەکەسیان داگیر کردووە، ئیرادەی ئێمەیان پاسیڤ کردووە و جەستەی ئێمەیان کۆنترۆڵ کردووە.

دەروونێکی داگیرکراو، ئیرادەیەکی ترساو و جەستەیەکی بەرزەفتەکراو، ناتوانن بە ئاراستەی هووشیاریی لێبووردەییدا هەنگاو بنێن. ئێمە سەرەتا پێویستیمان بە پەروەردەکردنی لێبووردەییانەی کایەی کۆمەڵایەتی، کایەی سیاسی و کایەی ئایین هەیە، تاکو بتوانین رۆح و ئیرادە و جەستەی خۆمانیان لەدەست ئازاد بکەین. ئەم ئازادییە مەرج و هەنگاوی یەکەمە بۆ دروستبوونی هووشیاری لێبووردەیی و مرۆڤی لێبووردە.

**سەرچاوەکان بە پێی بەکارهاتنیان لە باسەکەدا:**


١. صديقه جعفريان (٢٠٠٥)، "مدرسه: جايگاه كاربرد تساهل در اموزش" در: گزارش و گفتوگو، سال چهارم، ش:١٧.

٢. أ. ت. نوين: (٢٠٠٤)، عيب تحمل، در "فصلنامه تخصصى أنديشهء سياسى، سال: أول، ش: ١، زمستان ٢٠٠٤، ص: ١٢٣ــ١٣٥. كه له بنەمادا وەرگێڕاوی ئەم وتارەیە:

- A . T. Nuyen, "The Trouble of Tolerance," American Catholic Philosophical Quarterly, Vol. LXXI, No. ١, ١٩٩٧, pp.١-١٢

٣. Poul Lubcke: (١٩٩٦), Politikens filosofi leksikon, Kopenhaven, Politikens Forlag.

٤. ارسگو: سياست، م. د. حميد عنايت، شركت انتشارات علمى و فرهنگى، تهران: چ ششم، ٢٠٠٧.

٥. ديويد راس: أرسگو، م. مهدى قوام صفرى، انتشارات فكر روز، تهران: چ اول، ٢٠٠٨

٦. ژانژاك رۆسۆ: ئيميل، و. ڕەسوڵ سوڵتانی. لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٠٨.

٧. قديس اوگوستين: أعترافات، م. سايهء ميپمى، تهران، دفتر پژوهش و نشر سهروردى، ٢٠٠١.

٨. هنرى بمفورد پاركز: خدايان و ادميان، نقد مبانى و فرهنگ و تمدن غرب، م. محمد بقايى (ماكان)، تهران: قصيده، ٢٠٠١.

٩. توماس هابز: لوياتان، م. حسين بشيريه، تهران، نشر نى، چ. چهارم، ٢٠٠٦.





١٠. Steven M. Chan: Classics of Modern Politcal theory, Machiavelli to Mill, NewYork/Oxford: Oxford Unyversity Press, ١٩٩٧.

١١. پى ير بورديو: نقريه كنش، م. مرتچى مرديها، تهران، انتشارات نقش و نگار، ٢٠٠١

١٢. ميشل فوكو: "فضا، قدرت و دانش"، سايمون ديورينگ، مگالعات فرهنگى، م. نيما ملك محمدى و شهريار وقفى پور، تهران: تلخون، ٢٠٠٣.

١٣. بارنز و بكر: تأريخ انديشهء اجتماعى، ج. أول، م. جواد يوسفيان، على أصغر مجيدى، تهران: شركت سهامى كتابهاى جيبى، چ. دوم، ١٩٧٩.

١٤. Social Kritik, Andreledshed, Tidskrift for social analyse & Debat, Nr. ٤٣, maj ١٩٩٦.

١٥. ڕێبوار سیوەیلی: قەفەسی ئاسنین، یان بۆ ببمەوە بە عێراقی. (لێکۆڵینەوەیەك لەسەر "بەعەرەبکردن، بە ئەویترکردن و بە دوژمنکردن" لە ئەبو یەقزانەوە بۆ سەددام حسێن)، کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج: ٢٠٠٣.

١٦. جميله بركاش: الجدران تثربنى، مجله فكر و نقد. ٢٠٠؟

١٧. رامين جەهانبەگلو: هزری ناتوندوتیژی، و. مراد حەکیم. هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٢.

١٨. www. Google Friensklopidea, Tolerance historia. ٢٠٠٥.

١٩. مجله كيان، ويژەنامه دين، مدارا و خشونت، تهران، ش. ٤٥، بهمن ـ اسفند، ١٩٩٨.

٢٠ ـ عبدالكبير الخگيبى: السياسه و التسامح، ت: عزالدين الكتانى الادريسى، المجلس الاعلى للپقافه، ١٩٩٩

**هەندێ سەرچاوەی تر:**


١. ژولی سادا- ژاندرون: تساهل در اندیشەء غرب، ت. عباس باقری، تهـران، نشر نی، چ. دوم، ٢٠٠٣.

٢. لشك كولاكوفسكی: درسهای كوچك در باب مقولاتی بزرگ. دفتر اول، ت. دكتر روشنك وزیری، تهران، گرح نو، ٢٠٠٣.

٣. ڕێبین هەردی (وەرگێڕ): چـەند تێكـستێكی وەرگێـڕدراو نوسـینی (چـەند نووسـەرێك)، سـلێمانی: بەڕێوەبەرایـەتی خانـەی وەرگێـڕان، چ: یەكـەم، ٢٠٠٨.

٤. Simon Blackburn: Oxford Dictionary of Philosophy, Oxford University press, second edition revised, ٢٠٠٨.

٥. Ted Honderich: The Oxford Companion to Philosophy, new edition, Oxford University Press, ٢٠٠٥.